له غەزەتەوە بۆ غەزای سۆشیال میدیا

# زەردە چەوە

چۆن ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە دەردەکەیت؟

-١-

له غەزەتەوە بۆ غەزای سۆشیال میدیا

# زەردە چـەوە

## چۆن ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە دەردەکەیت؟

-١-


## ستران عەبدوڵڵا



سلێمانی - ٢٠١٩

کتێب: **لە غەزەتەوە بۆ غەزای سۆشیال میدیا، زەردە چەوە**
نووسەر: **ستران عەبدوڵڵا**
کاری هونەری: **شۆڕش ئەحمەد**
تیراژ: **(٥٠٠) دانە**
چاپخانە:
**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە**

# پێشکەشە

بە خێزانە گەورەکەی ئەزموونی ڕۆژنامەنووسیم، کە نیوەی ژیانمان لەگەڵ یەك بەشکرد. بەو خوشك و برا ڕۆژنامەنووسانەی لە وێستگە جیاجیاکانی کاری ڕۆژنامەنووسیدا پێکەوە بووین، خەم و خولیای هاوبەشمان هەبوو. شەڕمان پێکەوە کرد و لەگەڵ یەکتریدا شەڕمان کرد، تا کۆبەرهەمێکی باشترمان هەبێ.

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

باوەڕم بەوە هەیە، کە ئەزموونی ڕۆژنامەنووسیی هیچ کەسێک لە هاوپیشەکەی تەنیشتی ناچێت. ئەگەرچی هەر خۆی کارەکە لە هێڵی گشتیدا یەکە و یەکتری تەواو دەکەن. بەو حاڵەشەوە لەنێوان ئەزموونێکی کەسی و کۆی ئەزموونی ڕۆژنامەنووسیی میللەتێک، بە تولانی ئاسۆیی و ستوونی، خاڵێ میانەیەک هەیە، کە هیچ نەبێ دەشێ ناوی ئەزموونی ڕۆژنامەیەکی لێ بنێین.

ئەزموونی ڕۆژنامەیەک کۆی ڕەنج و ئەندێشە و دونیابینی کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسە، کە هەر یەکێکیان لە وێستگەیەک، یان جومگەی هەرەمی ئەزموونێکدا، خزمەتێکی کردووە و خشتێکی خستۆتە سەر تەلارەکەی.

ئەزموونی ڕۆژنامەیەک، هەم یادەوەریەتی و هەمیش ستایلێتی، یادەوەریەتی وەک شێوەی کارکردنی و ئەزموونی ناوخۆیی لە هەڵسوڕانی کارەکەی و ستایلێتی وەک ڕووی دەرەوەی ئەزموونەکە، کە خەلک لە شێوەی چاپەمەنیدا (ڕۆژنامەیەک یان گۆڤارێک) دەیبینن، جا ئەگەر ئاگایان لە شێوەی کارکردنی نەبێ، یان نزیکەکانی شێوەی کارەکەی نەناسن، دەزانن ئەمە ستایلێتی، بەڵام بۆچی وایە و باعیسی ئەم ستایلە چییە؟

ستایل بریتییە لە (سیاسەتی خارجییەی) ڕوو لە دەرەوەی چاپەمەنیەک، کە پێی دەناسریتەوە و بەوە لە ستایلی چاپەمەنییەکانی تر جیا دەکریتەوە.

لە درێژەی ئەم پێشەکییەدا، لە سەر یادەوەریی ناوەوە قسە دەکەم،

بەڵام جارێ لەسەر ئەمە قسە دەکەم داخۆ مەبەستم لەم بۆکسی کتێبە چییە، کە تایتڵی (لە غەزەتەوە بۆ غەزای سۆشیاڵ میدیا)م بۆ هەڵبژاردووە و لەم دوو سێ کتێبەدا شوێنی خۆیان گرتووە:

-زەردەچەوە.. چۆن ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە دەربکەیت؟

-سۆشیال میدیا و دەستە خوشکەکانی.

-گەڕان بە دوای حەپی ئەسپریندا...).

ئەم بابەتە ڕەگێکی شەخسی هەیە.

بەندە لە نەوەی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردیم، لە دوای ڕاپەڕینی کوردستان، لە ساڵی ١٩٩١ەوە.

کوڕی ڕۆژنامەی کاغەزیم لە کوردستانی ئازاد، کە بیست و پێنج ساڵە لەو کایەدا خزمەتم کردووە، بە ڕێککەوت بێت، یان بە هیمەت، پلەبەندی وەزیفیم بڕیوە و لە قوژبن و گۆشەی هەموو بەشەکانیدا بۆ ڕۆژێکیش بێت گیرساومەتەوە، هەڵم کردووە و هەڵەم کردووە و ئۆقرەم گرتووە و ئۆقرەم لەبەر بڕاوە. لە هەواڵی سەرگەرمی و هەمەڕەنگی تا سەروتارم نووسیووە.

لە سەرەتای پەیوەستبوونم بە کاری ڕۆژنامەنووسیەوە، لە هەر خولێکی هۆشیاری و پراکتیکی بانگ کرابم و داوەتیان کردبم. بۆ هەر میتنگێک چووبم و ڕێی گێڕانەوە و نەقلی تەجرەبەم پێ درابێ، لە چاک و خراپ گێڕانەوەم هەبووە و گێڕاومەتەوە.

چەند جارێک هەڵکەوتووە لە بۆنەکاندا، لەسەر ڕۆژنامەگەری کوردی و گرفتەکانی قسەم کردووە و گفتوگۆم هەبووە، بڵاوم کردۆتەوە، یان وەک نۆتی سەرنج و سەرەقەڵەم هەڵم گرتووە.

لە هەر خول و ۆرکشۆپێ، کە بە دەستپێشخەریم کراوەتەوە، وانەم وتۆتەوە، یان تەوەرم ئیدارە داوە.

چەند جارێکیش بە زنجیرە نووسین پەژارە و پەرۆشیم بۆ ئەمرۆ و ئایندەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی چڕ کردۆتەوە.

لێرە نموونەکانیان باس دەکەم:

– ساڵی ١٩٩٩ لە گۆڤاری پشووی کوردستانی نوێ زنجیرە وتارم لەسەر تایتڵە سەرەکییەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی نووسیووە.

– ساڵی٢٠٠٣، لە یادی (١٠٥) ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و لە تاو حەسرەتی دووریم لە پراکتیکی ڕۆژانەی پیشەکەم، چونکە لە حکومەتی هەرێم میرزای ڕاگەیاندنەکەی بووم، زنجیرە وتاری (دیاردە و دەردە)م نووسی، کە هەڵسەنگاندنێک بوو بۆ ئەزموونی ڕۆژنامەنووسیمان لە سەروبەندی ڕوو لە گۆڕانکاریی کوردستان و عێراق دا، دوای کەوتنی بتی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ دا.

– لە دەورانی تەجرەبەی دەزگای خەندان دا– لە ڕۆژنامەی ئاسۆ و هەفتەنامەی هەفتانە، لە چەند وێستگەدا قەول و قسەم هەبوو و بڵاوم کردۆتەوە.

–لە دووەم قۆناغەکانی کارکردنم لە کوردستانی نوێ، کە ناوی کابینەی دووەمم لێ ناوە، دوای چەند ساڵ دابڕان، ئەزموونی هەیکەلەی بەشەکانم بە نووسین ڕێکخست و خستمە بەردەست هاوکارانم. تەجرەبەکەی خۆمم تێکەڵی تەجرەبە و پێشنیاری ئەوان کرد.

بۆ ڕێکخستنی ئەم بۆکسی کتێبەش زنجیرەیەک نووسین و موحازەرەم پوخت کردەوە و وا بۆ یەکەم جار لێرە بڵاوی دەکەمەوە.

کۆی ئەمانەی تازە و ئەوەی پیشتر نووسیم، ئەمەی لێ هاتە بەرهەم، کە لەم بۆکسی کتێبە و ئەم سێ تایتڵەدا جێیان بۆتەوە.

دەزانم ئەزموونی شەخسی برای ئەنگۆ و کایەی کارکردنم لە کوردستانی نوێ، ئاسۆ و هەفتانە و ئینجا جارێکی تریش کوردستانی نوێ، ناتوانێ ببێتە جێگرەوەی نووسینی ئەکادیمی و کتێبەکانی، کە ئوسوڵی پیشەکە شرۆڤە دەکەن. چونکە ئەدەبیاتی موجەرەد و بنەما زانستییەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی پێویستییەکە هی دەستبەرداربوون نییە. وەستا و خەلفە و کارگەی مەیدانەکە ناتوانێت جێی ئەندازیار و پزیشکی پیشەیی بگرنەوە.

بەڵام خۆ ڕاستیتان دەوێت، تەجرەبە و عیشقی کارەکەش هی ئەوە

هەواڵنامەی کتێب

نییە بە هەند وەرنەگیرێت. نەخاسمە ئەگەر تەجرەبەیەک خوێناوی جگەری تێکەڵ کرابێت، ئارەق و تینی ئەزموونێکی ڕۆژ و شەوانەیی بێت، کە گلەیی تۆمارنەکردنی گەورەترە لە گلەیی گێڕانەوەی، هەتا ئەگەر بە کەموکوڕی و پچرپچریش بێت.

ئەو دامەزراوانەی منیان خستە سەر کار و ئەزموونیان پێ دام و فێریان کردم، هەقی ئەوەیان بەسەرمەوەیە کەمێک لەو قەرزە زۆرەیان، کە لێمی داوا ناکەنەوە، بە شێوەی لەبری دانان و پێدانەوەی بە نەوەکانی داهاتوو، بدەمەوە.

لە ئەزموونی نووسینی کتێبی (مانشێتە مەزنەکان) تێگەشتم، کە هاورێ و هاوپیشەکانم بە شەوق و زەوقەوە پێشوازی لە نووسینی کایەی ئەزموونی ڕۆژنامەوانیی دەکەن. ئەمەش هاندەرم بوو بوێرم لەم کتێبەدا وەک خزمەتی سەرشان دووبارەی بکەمەوە.

لەم پێشەکیەدا لەسەر ئەزموونی ناوخۆیی، ئەوی ستایلی دەرەکی هەر بڵاوکراوەیەک گەڵاڵە دەکات، قسەم کرد. دیارە لەسەر ڕۆژانەی کارگێریش ئەزموونێکم پیادە کرد لە بەخشی بڵاوکراوەی (شارۆ) لە کوردستانی نوێ، ئەمە وەک بڵاوکراوەی ناوخۆیی بوو لەسەر نەریت و شێوەی کاری ڕۆژنامەکە و چەند ژمارەیەکمان لێ تاقیکردەوە، کە دەشێ ژیانی ڕۆژانەی هەر ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بگێڕیتەوەو بە جۆرێک لە جۆرەکان یادەوەری تۆمار بکات.

پێش (شارۆ) لەبیرمە دووجار بیرەوەری و یادەوەریی پیشە و کارم نووسیووە و تۆمار کردووە.

جارێکیان بە هەرزەکاری، کە کرێکاری گرێبەست بووم لە ئەشغال و نیشتەجێبوونی کەرکوک، وەختێک قۆناغەکانی کارم لە قەفیس و پلایس توندکردن تا بەستن و گرێدانەوەی شیشم نووسی. جارێکی تریش لە ئەزموونی پەیوەندییە گشتیەکان و ڕاگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان – ئیدارەی سلێمانی، کە ڕۆژانە حکومەتمان تۆمار کرد و چوارساڵ ساڵنامەی کارەکانی حکومەتمان چاپکرد.

یەکەمیان زەمانی گەنجی لە دۆخی تەعریبی کەرکوک تیاچوو و دووەمیان لە گەنجینەی حکومەتی هەرێم و ڕاگەیاندن مایەوە و چووە ناو کتێبخانەی ئەزموونی حکومەتی کوردستانەوە. (شارۆ)ش وا نموونەیەکی لە کۆتایی ئەم بۆکسی کتێبەدا دادەنێمەوە.

لە کۆتاییدا گەرەکمە سوپاس و پیزانینی ئەم کتێبەم تایبەت بێت، چونکە ئەو هاوەڵانەی هاوکارییان لەگەڵما کردووە هاوکارییەکی تایبەتییان نواندووە:

هاوڕێی ڕۆژنامەنووسیم جەمال ئاریز، کە بەشێکی موحازەرە گوتراو و نووسراوەکانی پوخت و پاکنووس کردەوە و بە هەقەت ڕەنجێکی شەراکەتی لەگەڵدا خەرج کرد.


نووسینگەی کارەکەم، بە تایبەتی کاک شۆرش ئەحمەدی خۆمان ئەزموونی هاوکاری پەرۆشانەی خۆی لە زنجیرەی (مەسەلەی توتنەکە) لێرەش دووبارە کردەوە.

کاک حەسەن جوامێر جەباری، کە شەریکێکی لەسەر پێی ڕێکخستنەوە و پیداچوونەوەی فەسڵەکانی ئەم بۆکسی کتێبە بوو. هەروەها خوشکمان میدیا عباس بەدری و هەڤاڵانی تریش لەناویاندا کاک مەلا ئاریان، کە بە تێبنی و ڕاوێژ و گفتوگۆی هاوبەش بەشدارێکی چالاکی ئەم پرۆژەیەم بوو.

ڕاستێکەی بەم سیحەت و بەم مەشغەڵەتەوە بێ نووسینگەکەم هیچ کارێکم پێ مەیسەر نابێت، خوا لە برایەتیتان کەم نەکا و هەر ڕۆژنامەنووسێک کە بیەوێت بە تۆکمەیی خزمەت بکات یارەبی خوا و نووسینگەیەکی وا پشتیوانی بێت.

٢٠١٩/٢/١٥

هەواڵنامەی کتێب



هەزارنامەی کتێب

## فەسڵی یەکەم

# ڕەنجی شکۆمەند

هەواڵنامەی کتێب

## باسی یەکەم:

# کارێکی دەستە جەمعی
# بە ناوی ڕۆژنامەوەنووسیەوە

(١)

هیچ کار و فرمانێک لە دونیادا بەقەدەر بواری ڕۆژنامەنووسی خەسڵەتەکانی کاری دەستەجەمعیان بەسەردا جێبەجێ نابێت. ڕاستە کاری ڕۆژنامەنووسی کۆششی فیکری و داهێنانی کەسی و کێبڕکێی ڕۆژنامەوانیی تێدایە لەگەڵ هاوەڵی ڕۆژنامەکەت، یان هاوڕێ و هاوپیشەکانت لە ڕۆژنامەکانی تردا، بەڵام ئەم کارە سەرکەوتوو نابێت و بە چاکترین شێوە ناکەوێتە بەردەستی خوێنەران و جەماوەری وەرگر، ئەگەر ڕۆژنامەوان نەبێتە بەشێک لە تیمێکی گەورەتر و جۆگەلەی کارەکەی نەرژێتە ڕووبارە گەورەکەی ڕۆژنامەکەیەوە، کە کاری تێدا دەکات.

ڕۆژنامەوانی چەلەنگ و ژیر ئەوەیە، کە دەتوانێت مەسافەیەک لەنێوان تایبەتمەندێتی خۆی، داهێنان و فەردانیەتی خۆی لەلایەک و تۆڕی پێکەوەیی کاری ڕۆژنامەکەی و ڕۆژنامەوانە هاوڕێکانی ڕابگرێت و پێکەوە

هەواڵنامەی کتێب

ئاوێتەی باشییەکانی هەردووکیان بکات. نەک تەنها لەبەر ژینگەی کار و دوورخستنەوەی چاوی ئیرەیی، کە ئیرەیی و ململانێ لە هەموو کارێکدا هەیە و کەس لێی پارێزراو نییە و ڕەچەتەیەکی سیحری یان نوشتەیەکی فاڵچیانە نییە بۆ دوور خستنەوەی، بەڵکو چونکە دەرهاویشتەکانی ئاوێتەکردنی تایبەتمەندێتی و دەستەجەمعی لای ڕۆژنامەوانی سەرکەوتووو ژیر، ستراتیژێکی ئیجابییە بۆ پلەی بەرز و لوتکەی نایابی لە کار و بەرهەمدا و بۆ بەرگری و گرمۆڵەبوون و مانەوە لە ئاستێکی دیاریکراوی گەشەکردنی ڕۆژنامەوانیی نییە، بەڵکو بۆ بردنەوەی زیاتر و باڵابوونی زیاتری ڕۆژنامەوان و ڕۆژنامەکەیەتی لە نێو کۆڕی ڕەوتی ڕۆژنامەگەریدا: ئەمە بەشێکە لە بەدیهێنانی ستراتیژی ئۆلۆمپیادی ڕۆژنامەوانی، کە دەکرێ ناوی مۆدێلی دروشمی: بەرزتر، بەهێزتر و جوانتری لێ بنێین. دەبێ وا بکەین چونکە:

١- چەند لە ئەدای ڕۆژنامەوانیمان و کارە تایبەتییەکەماندا سەرکەوتوو بین، چەند نووسین یان هەواڵ یان ڕیپۆرتاژو دیدار و ڕاپۆرتەکانمان سەرکەوتوو بێت، یان خۆمان لە بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەوانیدا سەرکەوتوو بین، بەڵام هەمیشە بە کاری پێکەوەیی و یەک تیمی هەمان ئەو کارەمان باشترو سەرکەوتوو تر دەبێت. ئەگەر ڕێژەی سەرکەوتنمان، بۆ نموونە لە سەدا ٩٠٪ بێت، ئاوێتەکردنی کارەکەمان لەگەڵ کاری تیمدا سەرکەوتنی سەد دەرسەدمان بۆ هەمان کار و هەمان ئاست لە وزە و توانا بۆ دابین دەکات، کە لە بەرهەمهێنانیدا خەرجمان کردووە.

ئەگەر کارەکەمان سەرکەوتوو بوو و لەگەڵ کاری پێکەوەیی

تیم یان بەرهەمی کۆتایی ڕۆژنامەکەماندا ئاوێتە نەکرد و یەکی نەگرتەوە، ئەوا دەرچووی بەرهەمەکەمان (مخرجات) و کاردانەوەی وەرگـران (خوێنـەرانی ڕۆژنـامەکـەمـان) لـە بەرامبەری بە شێوەی دڵخوازی خۆمان نابێت و هاوشانی ئەو کۆشش و ئەرکە نابێت، کە لە دروستکردن و پێکهێنانیدا خەرجمان کردووە. چونکە خەڵک زۆربەی جار لەگەڵ کۆی بەرهەمی وەدیهاتوودا (کە لێرە ژمارەیەکی ڕۆژنامە یان گۆڤارەکەیە) مامەڵە دەکەن، نەک لەگەڵ بەشێکی. یانی خەڵک تێکڕای بەرهەمی ڕۆژنامە یان گۆڤارێک هەڵدەسەنگێنن، نەک ڕاپۆرت یان هەواڵ و دیدار و نووسینێک، کە ئێمە کردوومانە. زۆرجار ڕووی داوە ڕۆژنامەوان بەرهەمێکی باشی داهێناوە، بەڵام دەنگدانەوەی شایانی نەبووە، چونکە ئەو ڕۆژنامەیەی بەرهەمەکەی بڵاوکردۆتەوە لاواز یان کەم ڕەنگ بووەو بەرهەمی جێی باسیش کەوتۆتە ژێر تۆزی نیشتووە لەسەر لاپەرەی ڕۆژنامەی بێ رەواج، بەڵام ئەگەر بەرهەمی باش لە ڕۆژنامەی باشدا بڵاوببێتەوە، هەم دەخوێنرێتەوەو هەم تایبەتمەندیشی دەبێت، کـە وەرگـران (خوێنـەران) هەستی پێ دەکەن و ئاماژەی پەسەندی و دەستخۆشی بۆ بەرزدەکەنەوە.

(٢)

**کارکردن لە کایەی ڕۆژنامەنووسـیدا کۆمەڵێك خەسڵەتی باشی تێدایە**

کە لێرە بەس ئاماژە بە هەندێکیان دەدەم و ئەگەر دەرفەت هەبێ بە خودای شانامەی لەسەر دەهۆنمەوە:

کاری ڕۆژنامەنووسی بەرهەمی خزمەتگوزارییەکی

زانیاری و رووداو و هەواڵییە، بەڵام لەبەر ئەوەی دیاردەیەکی شارستانی و شارنشینیشە، بۆیە ڕەهەندێکی کەلتووری و فەرهەنگی هەیە.

کارە وەک هەر کارێکی تر، وەک دارتاشی و ئاسنگەری و پزیشکی، بەڵام پەنجە مۆری هونەر و بەهرەشی پێوەیە. پەیامە، بەڵام پەیامی زەق و ڕەق نا، پەیامی ناراستەوخۆو نەرمونیان.

ئەگەر بخوازیت پێشمەرگەی خەمە گەورەکان بیت و لە ژیاندا مەسەلەیەکت هەبێ داکۆکی لێ بکەیت، سەنگەری ڕۆژنامەنووسی باشترینە. لەو سەنگەرە قەت مەسەلەکەت نادۆڕێنی و قەت ناچار نابیت چۆڵی بکەیت. سەکۆی ڕۆژنامەنووسی پاکترین سەکۆیە، کە بێ نیاز و بێ مەزەرەت لەکایەدایە.

ڕۆژنامەنووسی کارێکە پلەبەندی چینایەتی تیا نییە. چی لە ناوخۆی خۆی، کە هەموو ڕۆژنامەنووسان یەک ناویان هەیەو کەس لە کەس میرخاستر و خانم خاستر نییە: راعی و رەعیەتیان تیا نییە، نە ئەمیری شوعەرایان هەیە و نە ئەمیری ئومەرا. گەورە گچەی هەر بۆ دابەشبوونی ئەرک و فەرمانە، نەک پۆز و کەشخەیی.

چی لە ناو کۆمەڵدا کە فەرق ناکەن لەنێوان وەزیر و گزیر، کە دەشێ هەردووکیان دۆستی بن و لە مەجلسیان ئامادە بێت، هەروەها دەشێ هەردووکیان نێچیری بن، گەر هەردووکیان لاسار بوون.

لە ڕۆژنامەنووسیدا هەموو مرۆڤەکان و هەموو کارەکتەرەکان کەرەستەی ڕۆژنامەنووسین، دەبێ بپارێزێن و کەڵکیان لێ وەربگیرێت بۆ ڕۆژی خۆی.

هەواڵنامەی کتێب

لەبەر ئەوەیە دەشێ ڕۆژنامەنووس حیکایەتی زۆری لا کۆبێتەوە و ڕۆژێک خۆشی ببێتە حیکایەتخوان و ڕۆماننووس، وەک مارکیزی نۆبل، یان وەک ڕۆماننووس دینۆ پوتزانی نووسەری سەحرای تەتەران، یاخود وەک موستەفا ئەمینی ڕۆژنامەنووسی دکتۆری ڕۆژنامە و گۆڤاران، کە بەهۆی کەڵەکەبوونی ئەزموونی زۆرەوە دەستی دابووە ڕۆمانووسین.

لە کایەی ڕۆژنامەنووسیدا ڕەنجی زۆر دەدەیت و ناوی پیشەکەشت پیشەی خاوەنشکۆیە، بۆیە ڕەنجی وا ڕەنجی شکۆمەندە. هەرچی لەو کایەدا دەیکەیت قەد بە زایع ناچێ. تا ئێوارە و تا دوا ساتی ژیان بنووسی و بیر بکەیتەوەو ڕەنج بدەیت نابیتە فەرمانبەری فەرامۆشکراوی ناو دۆسێ زەردەکانی دەزگای بیروکراتی، بەڵکو ئەگەر دەزگا ڕۆژنامەنووسییەکەشت دڵرەق و بێویژدان بێت سبەی بەیانی، کە ڕۆژنامەکەت بە چاپ و پەخشکراوی کەوتە بەر دیدی خەوێنەران خۆیان ئینسافت دەکەن و مافی زەوتکراوت دابین دەکەنەوە. ئەوان دەبنە کەفیلت، دەبنە رەسیدت لە بانکی ڕۆژگارانی بێ رەحم و سوقی دەهردا.

لە کایەی ڕۆژنامەنووسیدا تۆ هەم خۆتی بە گۆشە و ستوون و ئیمزای خۆتەوە، هەمیش سەربازی لە سوپایەکی بێ شوماری کۆششی دەستەجەمعیدا . وەک شاعیر خاوەنی دیوانی غەزەلی خۆت و خانەقای گۆشەگیری خۆتی و وەک پێشمەرگەش بەشداری لە نەبەردی ڕزگاریی نیشتمانێکدا بۆ دادپەروەری و دابوونەریتی نوێی ئازادیخوازی و دیموکراتیدا.

ڕۆژنامەنووسی عیشقە، ڕۆژنامەنووس عاشقە... بەڵام بەرپرسیارێتییەکی هەستیاریشە، وەک بەرپرسیاریی ژن و

مێرد بەرامبەر منداڵەکانیان و پەیوەندیی کاسولیکی خێزان، کە پسانی قابیلی قبوڵ نییە.

زۆرم پێیە، بەڵام ستوون هەر ئەوەندە چێوەی هەیە، نە ئەوە بێ کە حاجی قادر شکایەتی بوو لەسەر شکانی خامە.

زۆرم پێیە بەس کاریکاتێرستێک لە بڵاوکراوەیەکی وەرزشیدا شۆخی لەگەڵ پاڵەوانێکی ئاسن کردبوو، کە پاڵەوان گوتبووی لەوە زیاتر ناتوانم بڵندی بکەمەوە، چونکە بنمێچی نزمی کاریکاتێرەکە لەوە زیاتر ناهێڵێ.

لەبیرمان نەچێ ڕۆژنامەنووسی، کە وەزیر و گزیر لای وەک یەک بن، لە شەڕی پاڵەوانی ئاسنیش ناترسێ.

**(٣)**

## دەستتەڕی لە نووسینی ڕۆژنامەنووسیدا

یەکێک لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی بواری ڕۆژنامەنووسی، تێرنەبوونی ماشێنی ئیعلامی و پێویستی بەردەوامی کوانووی ڕۆژنامەیە بە داری وشک و سووتەمەنی، ئەو کوانووە چەندی تێبکەی، هەروا تێر ناخوا و بڵێسەکەی بە ڕۆژنامەنووس دەڵێ (هل من مزید)؟ بۆیە بەم پێیەش یەکێک لە دینگە پتەوەکانی ڕۆژنامەنووسی سەرکەوتوو، توانای نووسینی بەردەوام و زوو دەستکردنەوە لە نووسینو لە ژانەرە جیاجیاکانی کاری ڕۆژنامەنووسین و زوو هاتنە دەستی بابەت و پێداویستییەکانی نووسینە. کاری بەردەوامی (ڕۆژنامە)نووسین و هەواڵسازی و ڕاپۆرت و ریپۆرتاژ نووسینی لەسەریەک دەخوازێ، چونکە ئەمە تەنها (کاسبی) ڕۆژنامەنووس نییە، بەڵکو پێویستییەکی

هەواڵنامەی کتێب

حاشاهەڵنەگری ڕۆژنامەشە، کە چاوی لە کۆشش و دەستوبردی ڕۆژنامەنووسانە.

لەم سۆنگەیەوە، ڕۆژنامەنووس لە خەسڵەتێکی ئیجابی بەهرەمەند دەبێ و خەسڵەتێکی سەلبی کارەکەشی لێ دەبێتە بەڵاو تووش. خراپەکە ئەوەیە، زۆر نووسینی ڕۆژنامەنووسی وا دەکات هیلاک بێ و زەحمەت بکێشێ و بەشێکی نووسینی خراپی لێ ببێتە ئەدگار و سیمای نووسین کە هەڵدەسەنگێنرێ، تەنها لەبەر ئەوەی بە ڕێکەوت خوێندراوەتەوە و لە بەرامبەردا بەشێکی نووسینی باشی بکەوێتە ژێر پێی قەرەباڵەغی زۆر نووسینی و بکەوێتە ژێر لێوی قسەی هەڵسەنگێنەرەوە. بەمە ڕەنگە حەقی باش هەڵسەنگاندن وەرنەگرێ.

خەسڵەتە باشەکەشی ئەوەیە، ڕۆژنامەنووس مەشقی دەستتەڕی دەکات و باش فێر دەبێ، بە جۆرێک سبەی ئەگەر لێی قەوما دەتوانێ کتێبان بنووسێ و زیاتر لە نووسەرانی غەیری ڕۆژنامەنووسی چانسی نووسین و کتێب چنینی دەبێت. پاداشتی ڕۆژنامەنووسی و چارەسەری کێشەکانیشی هەر ئەوەیە کتێبان چاپ بکات.

یەکەم: کتێبی کۆکەرەوەی نووسینەکانی، کە بەرهەمی حەڵاڵی فیکری خۆیەتی و چاک و خراپەکانیان هەڵدەسەنگێنرێ و سەرنجی نوێی لەسەر گەڵاڵە دەبێ، کە ڕەنگە لەسەر ئەمە دواجار ئینسافی بکەن و کۆی کۆششی دیمەن بگرێ.

دووەم: کتێبی نوێی تەرخانکراو، وەک کتێب لەسەر باس و بابەتەکان بنووسێت، کە لەمەدا دەستتەڕییەکەی پێشووی یارمەتی دەدا چاک بنووسێ و چاک بیڵێ.

دەستتەڕی لە ڕۆژنامەنووسیدا پاداشتە بۆ زەحمەت و

پەژارەی تولانی ڕۆژنامەنووسی و بەشداریشە لە پەرەپێدانی کتێبی کوردی و دەربازکردنی لە هەژاری و یەکڕەنگی و وشک و بڕنگی.

هەواڵنامەی کتێب

باسی دووەم:

# پوختەیەك
# لە کێشە بونیادییەکانی ڕۆژنامەنووسی کوردی

بێگومان کەیسی ئازادی کاری ڕۆژنامەنووسی کەیسێکی گرنگ و جەوهەرییە لە ڕۆژنامەنووسیدا، کە بێ وی زەحمەتە ڕۆژنامەنووسی لە هیچ وڵاتێکدا مانای ڕاستەقینەی خۆی وەربگرێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم کەیسە زیاتر ڕوو بە دەرەوەیە، واتا پەیوەندی بە دۆخی سیاسی و قانوونی و بوون، یان نەبوونی، ئازادییە گشتییەکانەوە هەیە لە وڵاتدا. لەم ئاستەدا ڕۆژنامەنووسان نە تاقە کارەکتەری کایەکەن، نە پێویستیش دەکات تەواوی ئەرکەکانیان بخرێتە ئەستۆ و کارەکتەرەکانی تری ئازادیخوازی و دادوەری کەمتەرخەم بن، یان کەمتەرخەم دەربکەون. ئەم هەڵسەنگاندنە هەر بۆ ئەوە نییە کە پێشەکی نووسینەکە بێت، بەڵکو بۆ وەبیرهێنانەوەیە کە لە دۆسێی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە لە ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا هەمیشە هەر لەسەر دیوە سیاسییەکەی و لەسەر ئازادی و سەربەستییە گشتییەکان قسە دەکرێت، بە جۆرێک باری ناوخۆیی ڕۆژنامەنووسیی

کوردی لە پلەی خوارتر دێت.

کەیسی ڕوو لە ناوەوەی بواری ڕۆژنامەنووسی کەیسێکی گرنگە، کە زۆر جار لە قەرەباڵەغی کەیسەکانی تردا فەرامۆش دەکرێن. مەبەستم کەیسی خودی کێشە بونیادییەکانی ڕۆژنامەنووسیی کوردییە، کە بەداخەوە ئەم کێشانە لەم تەمەنی سەد و روبعێکی کاروانەکەماندا هێشتا پێکوتانێتی، لەرزۆکە و پێشکەوتن و پاشەکشێیانە بە دەوری خۆدا، لێرە هەندێک لەوانە باس دەکەین:

**یەکەم: کێشەکانی بواری تەحریر**

– مەسەلەی زمان لە کایەی ڕۆژنامەنووسیدا، هەر لە نەبوونی یەکێتی زمان و یەک ڕێنوسی دارِشتنەوە تا هەژاری زمان و دارِشتن و کەمیی وشە و زاراوە و کاڵوکرچیی دەربرِین لەناو مەعشەری ڕۆژنامەنووسانی لاودا، هەر لە هەڵەی چاپ و رێنووس و بەرتەسکیی ماناکان و سنووردارێی وشەکان تا کزیی لیاقەتی ئەندێشەی ئەدەبی و ڕەوانیی زمانەوانی و نەبوونی کەتەلۆکی وشە و دەربرِینەکان و خەزینی فەرهەنگ و ئینسکلۆبیدیاکان.

– بواری تەکنەلۆجیا و کۆمپیوتەر:

ڕۆژنامەنووسی کوردی و کتێبخانەی کوردیش فەرهەنگی کۆمپیوتەری نییە، ئاگادرکردنەوە و ڕاستکردنەوەی کۆمپیوتەری ڕێکنەخراوە، خەزینی داونلۆدی وشە و ڕستەی کوردی نییە، کە هەموو ئەمانە کار پەک دەخەن و کات دوا دەخەن. پێچەوانەی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی، کە ئەم دیسکە زمانەوانییەیان لەسەر کۆمپیوتەر جێگیر

کردووە و کەم جار ڕۆژنامەکانی بەو زمانانە دەردەچن تووشی هەڵە و کەموکوڕی دەبن. کێشەکانی زمان لەناو ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا هەر کێشە تەقلیدییەکانی زمان نییە، کە تا ئێستا ئەکادیمییەکانی زمانی کوردی لەسەری دەکۆڵنەوە، بەڵکو کێشەی نوێباون و هی کارەکە و کات و ڕێوشوێنی ئامادەکردنی خودی ڕۆژنامەکەن.

– ئاژانسی هەواڵ بە زمانی کوردی، بە تایبەتی کوردیی سۆرانی بە فۆنتی عەرەبی، هەر نییە و لە حوکمی بێ بەردەستی دایە. دانەیەک هەیە، ئەویش ئاژانسی ئەنادۆڵە کە جگە لەوەی وشە و دەربڕینی ئایدیۆلۆژی خۆی هەیە، ئاژانسی سێبەری خیتابی ڕەسمیی دەوڵەتی تورکیایە و زۆر خۆشی بە ڕۆشنبیریی نەتەوەیی ئێمە نایە.

نەبوونی ئاژانسی هەواڵی کوردی ئەرکەکانی ڕۆژنامەی کوردی، بە تایبەتی هی ڕۆژانە، دژوار دەکات، چونکە دەبێ بۆ هەموو هەواڵ و ڕاپۆرت و نووسینێکی هەر ژمارەیەکی تەنها پشت بە خۆی ببەستێ و بەرهەمی خۆماڵی خۆی دروست بکات. نە کۆپی پەیست و نە داڕشتنەوە و کورتکردنەوە دادی نادات. لە کاتێکدا ڕۆژنامەی ڕۆژانەی زمانەکانی تر زۆر پشت بە ئاژانسەکانی هەواڵ دەبەستن و بەشێکی پانتایی لاپەڕەکانیان بە کۆششی ئاژانسەکان پڕ دەکەنەوە. چەند دەستکاریشی بکەن لە ڕووی ناونیشان، یان لە ڕووی هەندێک دەستەواژە، هێشتا کەلێنێکی گەورە لە ڕووی کات و بابەتی ئامادە بۆ ڕۆژنامە پڕ دەکەنەوە.

ڕاستە ئێستا ڕۆژنامەی توانادار و دەوڵەمەندی کوردی کەموزۆر بەشداری و ئابوونەیان لە ئاژانسەکان هەیە، بۆ

ئەوەی سوود لە خزمەتگوزاری جۆراوجۆری ئاژانسەکان وەربگرن، کەچی ئەوە زیاتر وێنە و گرافیکو کاریکاتێرە، کە دەرفەتی کەڵکوەرگرتنی دەستوبرد لە بەرهەمی ئاژانسەکان دەرەخسێنێ، بەڵام بۆ کەڵکوەرگرتن لە دەقی هەواڵ و راپۆرت و کارەکانی تر، ئەوا دەبێت توانای وەرگێڕەکان بەکارببرێن، لەکاتێکدا بۆ ڕۆژنامەی تر، بۆ نموونە عەرەبی، تورکی و فارسی، دەبینین ئاژانسی جیاجیا بەو زمانانە هەیەو ڕاستەوخۆ بێ وەرگێران بابەتەکان دەگوازنەوە. قەبارەی ئەم کێشەیە ئەو کاتە دەردەکەوێت، کە لەبیرمان بێت ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکانی تر، بە زمانەکانی تر و هی وڵاتانی تر، پشتئەستوورن بە هەواڵ و ڕاپۆرت و ئەنتەرڤیو لە خزمەتە جۆراوجۆرەکانی ئاژانسە جیهانییەکان. پانتاییەکی زۆریشیان بەو کۆششە دەرەکییە پڕ دەکەنەوە و توانای کارمەندەکانی تریان، جا ژمارەیان زۆر یان کەم بێت، بۆ کار و ئەرکەکانی تر دەخەنە گەڕ.

## دووەم: دیاردەی نەبوونی پرۆفیشناڵی و ناکامی

نەبوونی پرۆفیشناڵی و ناکامی توانای تاکی رۆژنامەنووسی کورد، کە دەردێکی بونیادییە. بۆ نموونە، لە ناو توێژی ڕۆژنامەنووساندا هەیە داڕشتن دەزانێ، بەڵام بیرۆکەی نییە، بیرۆکە دەزانێ، بەڵام داڕشتنی نییە. چەند زمان دەزانێ، بەڵام توانای بەسەر داڕشتنی خۆماڵیدا ناشکێت..هتد. واتا هەمیشە کەموکوڕییەکی هەیە، کە ڕێگە نادات هەموو تواناکانی بخاتە گەڕ و هەمیشە دەبێ زیاتر لە ڕۆژنامەنووسێک بۆ یەک کار دابمەزرێنێ.

## سێیەم: کێشەکانی بازار پەیداکردن

کێشەکانی بواری تەسویق (بازارکردن)، یان رمێنپێدان کێشەیەکی گەورەیە، کە کارگێرانی کۆنینە و تەقلیدی بازاڕی کڕین و فرۆشی لێی نازانن. ئاخر چۆن دەکرێ کارگێری بواری پرد و ڕێگاوبان ببنە کارگێری تەسویقی ڕۆژنامە و گۆڤاران؟

## چوارەم: کێشەکانی بواری کارگێڕی

- لە غیابی فرۆشی تیراژ زۆریی ڕۆژنامە و لاوازیی تۆڕی گەیاندن و بۆرسەی ڕۆژنامەگەری - بۆ نموونە وەک ئەوەی لە بەغدا هەیە- و نەبوونی دیاردەی کۆشک و ستاندی تەرخانکراو بۆ بڵاوکراوەکان لە سۆپەرمارکێتەکان، تاوەکو نەبوونی هۆشیاریی ڕیکلامی و ئاگادارییەکان، یان سنورداریی ئاگادارییەکان لەبەر هۆکاری ئیداری و یاساییو هەندێک جاریش هۆکاری سیاسیی، ئەم جۆرە کێشانەی بواری ئیداری زۆر بە زەقی و بە ئاشکرا دەردەکەون.

-لاوازیی توانای بیروکراتی و کارگێڕی، کەم حەوسەڵەیی و کەم تەگبیری. بە شێوەیەکی گشتی لە کایەی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا هەمیشە کەموکوڕی ئەدا و قسووری ئیداری و مەکتەبی ڕوودەدەن، کە خشتەی لیاقەتی ئیداری و کاتوساتو دەوام و ڕێوشوێنی کەڵەکەبوونی کەموکورییەکانی پێ چارەسەر ناکرێت.

-لاوازیی نەریتی کاری ڕۆژنامەنووسی، مۆراڵی پیشەیی لە پاراستنی نهێنی کار، تا ڕەچاونەکردنی هاوپیشەیی و ئەمانەتی ڕۆژنامەنووسی و پچرپچڕیی ئەزموونی ڕۆژنامەنووسی.

هەراش نەبوونی دامەزراوەکانی ڕۆژنامەوانی لە کوردستان، کە ئەمانە وا دەکەن تەمەنی دامەزراوە میدیاییەکان کورت بێت، هەروەها یادەوەریی دامەزراوەکان و ڕۆژنامەنووسانی کورد لاواز بێت و زوو زوو دیلێت بکرێت، لە جیاتی ئەوەی بەردەوام ئەبدەیت بکرێتەوە.

– لەبەر نامۆیی ڕۆژنامەوانیی کورد لەگەڵ گەشەی دامەزراوەی ڕۆژنامەوانی، وەک سەرچاوەی خزمەتی رۆژنامەنووسی و وەک سەرچاوەی گوزەران و مەعیشەتیش کە دەبێ گەشەی پێ بدرێت و پەرۆشی مانەوە و فراوان بوونی بێت، ئینجا لەبەر ڕوون نەبوونی موڵکیەتی قانوونی و موڵکدارێتی مەعنەوی دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکان، بەداخەوە دامەزراوەکان زوو زوو دەپوکێنەوە، یان لاواز دەبن، بێ ئەوەی خەم لە مانەوە و درێژکێشانی بخورێت.

– بێ سەروبەری گرێبەستەکانی کارکردن لە:

١– ناڕوونیی ماف و ئەرکەکان، مووچە و پاداشتەکان، هاندان و سزادانەکان، لاساری و لادانەکان و گوشار و تەمەڵی و کەمتەرخەمی و فەرامۆشی و چاوپۆشی جیاکاری و هەندێک جار پێنەکردنی یەک لایەنە، یان دوو لایەنەی ئەو گرێبەستانەش.

٢– بڵاوبوونەوەی مەیلی مۆنۆپۆلی کارگێڕی لای بەرپرسانی دامەزراوەکان یاخود مەیلی سەندیکاجێتی ڕەها لای کارمەندان، تا دەبێتە مایەی ڕاکێش ڕاکێش و تومەتباری چەند لایەنە، کە دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکە زەرەری لێ دەکات.

**پێنجەم: کێشەکانی پارەدارکردن**

سەرچاوەی دارایی ڕۆژنامەکان وەک ناسراون: فرۆش، ریکلام و ئاگاداری، سەرمایەی قۆناغی دامەزراندن و ماڵ و موڵکی ڕۆژنامەکەن کە ئەمانە تا ڕادەیەک بەشێکی سەرمایەی پارەدارکردنە و هەموویان نییە. ئەمە پێی دەگوترێ سەرمایەی جێگیر. پارەدارکردن لە سەرچاوەی تر: کە ئەمەشیان لە ڕێی پەیداکردنی سپۆنسەرەوە دەبێت.

**جۆرەکانی سپۆنسەر:**

– دەوڵەت و دامەزراوە ڕەسمییەکان، کە ئەوە ئیتر ناوی ڕۆژنامەی دەوڵەتی، یان نیشتمانیی لێ دەنرێت. دامەزراوەی لەم جۆرە، بۆ نموونە پەرلەمان، یان ئەنجوومەنێکی باڵای میدیایی، یان تۆری میدیایی سپۆنسەری دەکەن. مەرج نییە ئەم ڕۆژنامەیە زمانحاڵی دەوڵەت بێت، بەڵام لەو ڕووە ڕەسمییە، کە داکۆکی لە سیاسەتی گشتی وڵات و دەستوورو مەسەلە نیشتمانییەکان دەکات، بەڵام زۆرجاریش دەکەوێتە ژێر کاریگەری کابینەی زاڵی حکومەت. لە نموونەی ئەمانە ڕۆژنامەی (الصباح) ی بەغدادیی، یان ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بیبیسی، کە بە پێی پێرەوێک پرۆفیشناڵانە کار دەکەن، دیارە ئاستیشیان لەوی عیراق هەر زۆر بەرزترە، بەڵام خۆ هەردووکیان بە دووریش نین لە کاریگەریی دەوڵەت و سیاسەتی ڕەسمی.

– حزبەکان و کەسایەتییە سیاسییەکان: لە نموونەی ڕۆژنامە حزبییەکان، یان ئەو ڕۆژنامانەی کەسایەتییەکی سیاسی پشتیوانیی لێ دەکەن، جا بۆ بڵاوکردنەوەی

پەیامێکی سیاسیی حزبەکان بێ، یان بۆ پرەستیجی سیاسیی کەسەکان.

– کۆمپانیاکان و سەرمایەگوزاران: ئەمانە لە ڕێی پشتیوانی ڕاستەوخۆوە سپۆنسەر دەکەن، وەختێک ڕۆژنامەکە بەشێک بێت لە کۆمەڵێک کۆمپانیای میدیایی، یان لە ڕێی پشتیوانی ڕیکلام و پشکی ماددی کۆمپانیاکانی بواری وەبەرهێنانی گـەورە.

هەندێک جار سەرمایەگوزارانی نیشتمانی، وەک پشتیوانی ڕۆژنامەوانی و پرەستیجی ڕۆشنبیری، پشتیوانی دەکەن.

– ڕێکخراوە بیانییەکانی پاڵپشت لە چوارچێوەی بەرنامەی پشتیوانی جیاجیادا هاوکاری دەکەن. بەشێکی میدیای کوردستان بەم جۆرە پشتیوانی کراون، کە ئەم ڕێبازە تەبشیرییە بۆ دیموکراسی، یان بۆ کۆمەڵی مەدەنی، یان هەر شتێکی تر، لە ئامانجی سیاسی و نیەتی جۆراوجۆر بەدەر نییە.

– دامەزراوەکانی دەستەخوشکن لەگەڵ دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکاندا. بۆ نموونە، دامەرزاوەیەک کە لە ڕێی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیەوە پاڵپشتی ڕۆژنامەکەی خۆشیان دەکەن. بەو ئیعتبارەی ڕۆژنامە وەک تەلەفزیۆن و ڕادیۆ نییە، کە هیچ نەبێ کەمێ پارەی خۆی بێنێتەوە.

ئەم ڕێوشوێنە جیاجیایانەی پارەدارکردنی ڕۆژنامە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوێنەر، کە دەکاتە کڕیاری ڕۆژنامە، کەمترین بەشداری هەیە لە پشتیوانی ڕۆژنامەی کاغەزیو ڕاستێکەی تەنگژەی ڕۆژنامەی کاغەزی، ئەگەر هەبێت، تەنگژەی پارەدارکەرەکانە.

ئەم سپۆنسەرییە ئەگەر ئەڵتەرناتیفی تری بۆ دروست بێت، دەست لە سپۆنسەری ڕۆژنامەی کاغەزی هەڵدەگرێت، بۆیە دەکرێ بڵێین کێشەی کاغەزی لەمڕۆدا بەریتییە لە کێشەی مەیل گۆڕینی سپۆنسەرەکان. سپۆنسەرەکان کە دەبینن کایەی تری میدیایی وەکو سەتەلایت و سۆشیال میدیا مەبەستەکانیان بەدی دەهێنن، ڕوو لە پارەدارکردنی ڕۆژنامە وەردەگێرن.

**چارەسەر:**

- سەرلەنوێ ڕێکخستنەوە، یان ئیعادەی هەیکەلەی دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکە.
- پێشخستنی توانای دامەزراوەکان، تا ئیستیعابی هەلومەرجە تازەکانی ئیدارە و دارایی بکەن.
- تێکەڵکردنی دامەزراوە بچووکە پەرت و بڵاوەکان و ئاوێتەکردنیان لە دامەزراوەی گەورەتردا، کە دەرەقەتی ئەرکەکان بێت و بەرگەی بەرز و نزمیی ڕۆژگار بگرێت.
- تەنسیق و هاوپەیمانێتی نێوان دامەزراوەکان بە یاسا و ڕێسا و تەشریعی پەرلەمانی و گەلی، تەشریعی ئەکادیمی و پەروەردەیی میدیای تەقلیدی، بەتایبەتی ڕۆژنامە، بپارێزرێت. وەک دامەزراوەی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی، کە زمان و کەلچەرو حەیسیەتی نەتەوەیی و نیشتمانی دەپارێزێ و ترادسیۆنی کەلتووری لە قەوارە دەدات. پشتیوانی کاغەز و کەرەستەی چاپ و فرۆشی، بە یاسای وەک یاسای پاڵشتی نان و جۆ. پەرەپێدانی فەرهەنگی پایەبەرزی لە میدیادا چۆن لە کایەی هونەر و مۆسیقا و ئەدەب کوالیتییەکان، پێگە و پرەستیجیان

دەپارێزرێ، بە هەمان شێوە بۆ کایەی ڕۆژنامەنووسی و میدیای حەریف بکرێت. پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی شوورەیی لە بەدەستهێنانی بەرهەمی میدیایی بێ بەرامبەر و لە ڕێی (دەست بەسەردا) گرتنەوە.

بۆنموونە چۆن شانۆگەری لە تەقسی شانۆ و فلیم لە ژینگەی سینەما وەک ترادسیۆن دەپارێزرێ، هەقە ڕۆژنامەو گۆڤار هەبن، کە دەقەکانیان لە ئینتەرنێت و لە سۆشیال میدیا نەبێت و بە پارە و نرخ بۆ خوێنەران دابین ببێت، نەک بە بەلاش دەستی بکەوێت.

-جاران یەکێک لە نیشانەکانی دیموکراسی و ئازادی وڵاتێک، بوونی ئازادیی ڕۆژنامەگەری بە تایبەتی هی حزبەکان بووە، بەڵام بە داخەوە ئێستا بە هۆی نیولیبڕالیزم و غەربزەدیی ڕۆژنامەی حزبی وەک نیشانەیەکی ئازادی سەیر ناکرێت، بەڵکو وەک مۆنۆپۆڵی سیاسی و ئابوری سەیر دەکرێت. هەق وایە لە قۆناغی داهاتوودا بە یاسای پاڵپشتی میدیا رسوماتی جیاجیا بەسەر حزبەکاندا بسەپێنرێ، ئەگەر بڵاوکراوەو رۆژنامەی حزبییان نەبوو، وەک پێشمەرجی بوونی حزبەکەو ئایینامە و ئیمزای دامەزراندن. هەتا مۆڵەتیان پێ بدرێت.






مۆنیتەرینگ و دیدەوانی
ناوخۆیی بۆ بەدواداچوونی
ئاژانس و ڕاگەیاندنەکان
بەشێکی گرنگی ژووری
هەواڵ و ساڵۆنی نقیسکاری
پێکدێنێت (وێنەکان لە
ئەرشیفی ڕۆژنامەی
کوردستانی نوێ-وە)





نیتۆرکێکی هاوکاری و هەماهەنگی کاری دەستەجەمعی ڕۆژنامەنووسی پێش دەخات







## فەسڵی دووەم

# ڕاڕەوی ڕۆژنامەنووسی

**باسی یەکەم:**

# پەیکەری ڕۆژنامە یان گۆڤار

ئەوەی باسی دەکەم لەسەر پەیکەری ڕۆژنامە بەسەر گۆڤاریشدا جێبەجێ دەبێت، بە ڕەچاوکردنی فەرقی زەمەن و کاتی دەرچوون.

پەیکەری ڕۆژنامە یان گۆڤار، نووسراوی زۆری لەسەر هەیە چ بە کوردی و چ بە زمانەکانی دیکەش. کتێبخانەی کوردیش وا خەریکە بەشێک لەو کتێبانەی لەو بوارەدا هەن، وەریان دەگێڕێت، بەڵام هەیکەلی تەحریری بەڕێوەبردنی هەر ڕۆژنامەیەک پەیوەستە بە گەورەیی و بچووکیی ڕۆژنامەکە و پەیوەستیشە بە توانا داراییەکانییەوە.

هەڵبەت هەندێک توخمی سەرەکی هەن وا پێویست دەکات لە هەر ڕۆژنامە یان گۆڤارێکدا هەبن، جا ڕۆژانە بێت یان هەفتانە، لە شارێکدا دەربچێت، یان لە وڵاتێکدا. ئەو توخمە سەرەکیانە زۆر گرنگە تا ئیدیعای ئەوە بکەیت ڕۆژنامەیەک یان گۆڤارێکت هەیە. ڕەچەتەیەکی نموونەیی نییە، کە بڵێین پێویستە ڕۆژنامەیەک یان گۆڤارێک ئەوەندە سکرتێری نووسین، یان ئەوەندە جێگری سەرنووسەری، یان ئەوەندە

بەرپرسی بەشی هەبێت، ئەمە هەیکەلێکە ملکەچی دوو بوارە، یەکەم پێویستیی خۆی وەکو دامەزراوەیەک، دووەم توانای دارایی رۆژنامەیەک، کە تاچەند دەتوانێت ئەم ستافە بژێنێت، یان ناونیشان و شوێنی ڕاستەقینەی کاریان بۆ دابین بکات، نەک هەر بێکاری دەمامکدار بن، کە لە گرتنەبەری هەر سیاسەتێکی سکهەڵگوشین ئەو بێکارییە دەمامکدارە نەمێنێت.

## تەنگژەی دارایی دەمانباتەوە سەر قۆناغی سەرەتا؟

ئەگەر کوردستانی نوێ بە نموونە وەربگرین، هەتا پێش ئەم تەنگژە داراییەی لە ساڵی ٢٠١٤ وە دروست بوو، بەو توانا داراییەی هەیبوو، هەروا بەو ئەزموونەی ڕەچاوی کردبوو، بە شێوەیەکی گشتی هەیکەلێک بۆ کوردستانی نوێ دروست ببوو، کە بریتی بووە لە سەرنووسەر و جێگرێک، هەندێک جار دوو جێگری سەرنووسەر و هەندێکجار سەرنووسەر و جێگری سەرنووسەر، دوو سێ یاخود یەک سکرتێری نووسین، هەبووە، جا چ بە ڕەچاوکردنی توانا داراییەکە و چ بە ڕەچاوکردنی پێویستی تر، کە مەعلومە ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەیەکی حزبییە و پلە حزبییەکانیش هەندێک جار ڕۆڵیان بینیووە لە ئەرک و پۆست و پلەکاندا.

تا ٢٠١٤ هەیکەلە و بەشەکانی کوردستانی نوێ بریتی بوون لە سەرنووسەر و سێ سکرتێری نووسین، کە دۆسێکان بەسەر هەرسێکیان دابەش دەکراو هەر سکرتێرێکی نووسین سەرپەرشتیی چەند بەشێکی لەئەستۆ بوو، لە سەروو ئەوانەشەوە سەرنووسەر چاودێریی چۆنێتی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی دەکرد، هەندێک جاریش تێبینی خۆی دەدا.

به ئەزموون دەرکەوتووە، کە سەرنووسەر خۆی چەند پێ گەورە بێت، لە واقیعی حاڵدا مەرج نییە وابێت! چونکە هەندێک جار بەپێی دابەشبوونی ئەرکەکان دەرکەوتووە سەرنووسەر هیچ ناکات زیاتر لەوەی کە دەشێ سکرتێری نووسینێک بیکات، زۆر جار ڕێکەوتووە بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندن ئەوەی کردووە، کە سەرنووسەر لە ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆدا دەیکات، یان بە پێچەوانەشەوە ڕەنگە هەندێکجار ئەو کارەی سکرتێری نووسین دەیکات، هەر ئەوە بووبێت کە لێپرسراوی بەشێک دەیکات. لەبەر ئەوەی نەخشەیەک یان مۆدێلێک نییە، کە ڕۆژنامەیەک لەسەری بڕوات، بۆیە دەکەوێتەوە سەر ئیجتیهادی کەسیی ئەوانەی ڕۆژنامەیەک دەبەن بەڕێوە.

لە نموونەی کوردستانی نوێدا، بەشەکانی بریتی بوون لە: هەواڵ یان ڕاپۆرت، بەشی هەواڵی ناوەوە، واتە کاروباری ناوخۆ، بەشی هەواڵی دەرەوە، کە بریتی بووە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و سیاسەتی ئیقلیمی، بەشی ڕیپۆرتاژ و کاروباری هاووڵاتیان، بەشی بیروڕا و رۆشنبیریی گشتی، بەشی هەمەڕەنگ. هەروەک لەو دواییانەدا دوو سێ بەش زیادکرابوون، کە بریتی بوون لە: بەشی پاشکۆکان کە لە هەندێک بواردا پاشکۆی جێگیر هەبوو و پێویستی دەکرد کەسێک سەرپەرشتیان بکات، بۆ نموونە، لە ئەدەب و هونەر، لە بواری فیکری و فەلسەفی و...هتد، هەروەها بەشی پەیوەندییەکان، کە بەشی مۆنیتەرینگ و بەشی نەخشەسازیی هەبوون.

بەشی مۆنیتەرینگ چاودێری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی

و حزبەکانی تریشی دەکرد. هەم بۆ ئاگاداربوون‌و هەم بۆ ڕەدوبەدەل لەو کاتانەی ململانێی حزبی دەقەومان. دیارە چاودێریی ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی بۆ ئەوە بوو ڕۆژنامەکە بە یەک نەفەس لەگەڵ کۆی کەناڵی تری یەکێتی کار بکات و فریای ئەو ئەرکە میدیاییانەش بکەوێت، کە ئەو کەناڵانە ڕایان دەپەڕاند و کوردستانی نوێ فەرامۆشی کردبوون چاودێریی ڕاگەیاندنی حزبەکانی تریش بۆ بەرپەرچدانەوەو ڕوونکردنەوەی سیاسەتی ڕۆژنامەکە و یەکێتی بوو لە بەرامبەریاندا.

هەموو ئەم بەشانەی ڕۆژنامەکە، هەم بەریەککەوتن لە کارەکانیاندا ڕووی دەدا، هەم هاوکاریش، بە پێی سەلیقەو لێهاتوویی و تێڕوانینی ئەو کەسانەی بەشەکان دەبەن بەڕێوە، داخۆ چۆن دەتوانن ئەم پەیوەندییانە لەنێوان خۆیاندا ڕێک بخەن؟

هەڵبەت ئەم بەشانەی ئاماژەم پێ کردن هی ئەو کاتەیە، کە دۆخە داراییەکە بەشی ئەوەندەی بەدەمەوە بوو بتوانیت دامەزراوەیەکی مۆدێرن ببەیت بەڕێوە، بەڵام لە دوای هاتنەپێشەوەی تەنگژەی دارایی لەگەڵ دامەزراوەکانی تردا کوردستانی نوێ گەڕایەوە سەر قۆناغی پێشووی خۆی، کە بریتی بوو لە خەبات و هیممەتێکی پێشمەرگانە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەکە و بەردەوام بوونی لە دەرچوون، ئەگەرنا مانەوەی ئەو هەیکەلەی پێشوو زۆر پێویست بوو.

هەندێکجار ڕێکەوتووە بە هۆی لیاقەتی باشی سکرتێرەکانی نووسینەوە، سەرنووسەر ئەو نازناوەی بەسەردا جێبەجێ بووە، کە تەنها نوێنەرایەتی ڕۆژنامەکە دەکات لە بۆنە

گشتییەکان. ئەمەش وەک تەوسێک، کە سەرنووسەر لەم حاڵەدا سەرپەرشتیی هێڵە گشتییەکانی ڕۆژنامەکە دەکات بەبێ ئەوەی بچێتە ناو وردەکاری و ناوەڕۆکەوە، هەندێک جاریش بە پێچەوانەوە خۆی بووەتە بەشێک لە ستافی کارکردن، خۆی وەکو سکرتێری نووسینی ڕۆژنامەکە ڕەفتاری کردووە، چونکە ئەوە قەدەری ڕۆژنامەکە بووە، کە سەرنووسەرەکەشی بەشێک بێت لە ستاف و ماشێنی کارکردن.

هەندێک جاریش ڕووی داوە، کە ئەو ئیعتیبارە مەعنەوییەی بۆ سەرنووسەرێک پێویستە، ئەوەی جێبەجێ کردووە و ئەوەی تری بۆ بەشەکان بەجێهێشتووە، تا خۆیان ڕۆژنامەکە بەڕێوەبەرن و دەری بکەن.

## دیزانین و تەحریر، بەریەککەوتن یان تەواوکاری؟

لەم بەشی پەیکەرە کارگێڕییەی ڕۆژنامەدا زۆر جار بەریەککەوتن لەنێوان بەشی تەحریر و بەشی دیزاین ڕوو دەدات، واتا قسەی یەکێک بەسەر ئەوی تردا زاڵ دەبێت: ئایا دیزاین ئەرکی تەحریر دیاری دەکات، کە وتارێک بریتی بێت لەوەندە وشە بە فلان فۆنت و سایز و سپێس، ئەگەر زۆرتریش بوو پێویستە موحەڕیرەکە کورتی بکاتەوە، یاخود ئەوەی کۆنترۆڵی لاپەڕەکە دەکات موحەڕیرەکەیە؟ بۆ نموونە دەڵێت: پێویستە ئەو وێنەیەم، لەم شوێنە بەو ڕووبەرە بۆ دابنێیت، یان ئەو وتارە یاخود ئەو مانشێتەم بۆ گەورە بکەیت. واتە ئەو پەیوەندییە جەدەلییەی لە بەڕێوەبەردنی دەوڵەتدا لەنێوان سوپا و سیاسییەکاندا هەیە،

لە کاری ڕۆژنامەنووسیشدا لەنێوان تەحریرو دیزایندا هەیە. کێ ڕۆژنامە دەردەکات و کێ بەڕێوەی دەبات؟ ڕەنگە لە گۆڤاردا ئەم حاڵەتە کەمتر هەبێت، چونکە هەردوولا کاتی زیاتریان لەبەردەستدایە و لەوانەیە بتوانن بە هاوکاریی یەکتر ئەم ئەرکانە ئاسانتر ڕابپەڕێنن، بەڵام ڕۆژانە ئەم ناکۆکی و جەدەلە هەیە، کە زۆرجار سەرنووسەر بە ئیجتیهادو لێکدانەوەی خۆی بۆ گرنگیی موحەڕیرێک، یان دیزاینەرێک، بڕیاری پێویستی خۆی دەدات، بەڵام ڕێنوێنی و بڕیارێکی دیاریکراو نییە لەسەری بڕۆیت و بڵێیت موحەڕیرێک بۆی نییە دەستێوەردان بکات لە کاری دیزاینەر، یاخود بە پێچەوانەوە؟ ئەوە لە هەموو بوارەکانی دیکەشدا وایە. بۆ نموونە، کێ وێنە و نەخشە و گرافیک و مۆتیڤ پەیدا دەکات؟ یان ئەم بابەتە پێویستی بە فلان وێنەیە، یاخود ئەم مانشێتە پێویستە گەورە و زەق بکرێتەوە. بۆ ئەمە یاسا و ڕێسایەکی تایبەت لەئارادا نییە، بەڵکو ئەوانە لە کۆڕی کاردا ساغ دەبنەوە و بڕیاریان لەبارەوە دەدرێت.

هەندێکجار پێویست بەوە دەکات بەشێک تێکەڵ بە بەشێکی دیکە بکرێت، بۆ نموونە تۆ بەشی پەیوەندییەکانت هەیە، ڕەنگە کارەکە وا بخوازێت ئەم بەشە پەیوەست بکرێت بە بەشی ڕیکلام و مارکێتینگەوە. بەو پێیەی ئەم بەشە هەم پەیوەندییەکان ڕێک دەخات، هەم پەیوەندییەکانی سەرنووسەرو سکرتێری نووسین و بەشەکان و موحەڕیرەکان بەدەرەوەی ڕۆژنامەکەوە ڕێک دەخات، هەم بۆ پەیوەندییەکانی ڕیکلام پەیداکردن و بازرگانیکردن و پەیداکردنی سپۆنسەر، یان پەیداکردنی توانای دارایی

بۆ ڕۆژنامەکەش بەکاردێت. واتا ڕوودەدات زۆرجار دوو بەش تێکەڵ دەکرێن، وەک تێکەڵکردنی بەشی دیزاین بە بەشی تایپەوە، چونکە جاران لە ڕۆژنامەگەریدا وا باوبوو وتارەکان دەنووسران و دواتر چەند کەسێک تایپیان دەکرد، بۆ نموونە ڕووی دەدا کە بەشی تایپ جیاواز بێت لە بەشی دیزاین، یان بەشی دیزاین جیاواز بێت لە بەشی ئەرشیفی پەیداکردنی وێنە، ئەم بەشانەی باسمان کردن دەشێ تێکەڵ بکرێن و دەشێ جیاوازیش بن، بە گوێرەی پێداویستییەکانی هەر ڕۆژنامەیەک.

## نیتۆرک وەک بەشێک لە دامەزراوە

ئەی ئەگەر ئەو ڕۆژنامەیە خۆی بەشێک بێت لە دامەزراوەیەکی تر؟ وەک کوردستانی نوێ، کە بەشێکە لە دامەزراوەی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سایتی هەیە. لە حاڵی وادا ئەم پەیوەندییانە چۆن ڕێکدەخەیت؟

هەر ڕۆژنامەیەک، تەنانەت ئەگەر سەر بەهیچ دامەزراوەیەکیش نەبێت، پێکهاتووە لەچەند بەشێک. بۆ نموونە، بەشی سۆشیال میدیا چۆن بەکاردەهێنرێت؟ سایتەکەی چۆن بەکاردەهێنرێت؟ ئایا سایتەکە هەر ڕۆژنامەکەی تێدایە، یاخود ٢٤ سەعاتییە و بەردەوام ئەبدەیت دەکرێتەوە؟ ئاخۆ ئەرکی بەشی سۆشیال میدیا هەر ئەوەندەیە، ڕۆژنامەکە و بابەتەکانی دەباتەوە ناو تۆڕەکانی سۆشال میدیا؟ یاخود خەڵکیش هەیە کە لە ڕێگەی کۆمێنتەکانیانەوە بەشداریی دەکەن لە تەحریری ڕۆژنامەکە؟

یان بیرۆکە دەدەن بە موحەڕیرەکانی تاوەکو لە داهاتوودا بەم جۆرە کار بکەن؟ ئەمانە بە پێی پێشکەوتن و دواکەوتنی تەکنۆلۆژیای کاری ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژنامەدا ڕەنگ دەدەنەوە، بەڵام ئەگەر ڕۆژنامەیەک بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە پەخش و بڵاوبوونەوەی کاغەزیی بەستبوو، ئەوا لەو حاڵەتەدا سایتەکە دەبێتە باخچەی پشتەوە، کە ڕۆژنامە کاغەزییەکە دەتوانێت بەکاری بهێنێت، تا خەڵک ڕۆژنامەکە لە ئینتەرنێتدا ببینێت، یاخود سۆشیال میدیاکەی بۆ ئەوە بەکاربهێنێت خەڵک بتوانن لە ڕێگەی فەیسبووک و تویتەر و ئینستاگرامەوە بەشێک لە کارو بابەتەکانی ڕۆژنامەکەی ببینن.

دەشێت ئەم جۆرە تۆڕە ببێتە یاریدەدەر بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکە زیاتر بڵاوببێتەوە، چ وەک تیراژ و چ وەک ناوبانگ. واتە سەکۆیەکی تری دووبارە نیشاندانی ڕۆژنامەکەیە، بەڵام هەندێک جاریش دەبێتە مایەی زیان بۆ فرۆشی ڕۆژنامە کاغەزییەکە لە بازاری کڕین و فرۆشدا. دیارە ئەمەش وەک بەشێک لە سەرچاوەی دارایی ڕۆژنامەکە بەهاکەی دەهێنێتە خوارەوە، چونکە مەعلومە خەڵک کە لەوێوە ڕۆژنامەکە ببینێت، پەنجەرەی سۆشیال میدیای هەبێت ، ئیتر بە شێوە کاغەزییەکە نایکڕێت.

جا ئەم کێشەیە، کە لە ڕۆژنامەگەریی کاغەزی جیهاندا هەیە، ڕۆژنامەگەریی کوردیشی گرتووەتەوە، ئەگەرچی هەندێک جار ڕۆژنامەکان دەتوانن ئەم پەیوەندییە ڕێک بخەن. بەو مانایەی ڕۆژنامەکە وەک ڕۆژنامەیەکی سەنگین لە بازاڕدا هەبێت، وەکو سۆشیال میدیا بەکاری

بهێنن، هەروەها وەکو سایتیش بەکاری بهێنن، بەڵام کات و شوێنەکەی ڕێک بخەن.

بۆ نموونە، ڕۆژنامە کاغەزییەکە لە سەعات ٧ بەیانی بکەوێتە بازاڕ، بەڵام ئیدارەی ڕۆژنامە بڵاوکردنەوەی لە سایتەکە تەوقیت بکات، نیوەڕۆ یان ڕۆژی دواتر بیخەنە سەر سایتەکە، یان لە سۆشیال میدیا بەشێک لە وتارێک دابنێن و بڵێن تەواوی وتارەکە لە چاپی کاغەزینی ڕۆژنامەکە بخوێنەرەوە، تا ئەگەر خەڵک بیەوێت بە شوێنیدا بگەڕێت، ناچار بێت ڕۆژنامەکە بکڕێت، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ ئەمەش ڕێنمایی و وەسفەیەکی تایبەت نییە، پەرەسەندنەکانی تۆڕەکانی بواری تەکنۆلۆژیا هەم بووەتە چانس بۆ ڕۆژنامەکان و هەم بووەتە تەحەدداش.

## چۆن بەرەو ڕووی ئەو تەحەدییە بووەستینەوە؟

دەبێت بیر لەوە بکەینەوە، چۆن ئەو تەحەددایە بکەینە چانس و چۆن نەهێڵین ئەو چانسە ببێتە تەحەددا، چونکە ئەگەر لە دەستت دەربچێت دەبێتە هەڕەشە؟

ئەمە کتێبێکی کراوەیە و هێشتا قسەی کۆتایی لەسەر نەکراوە، چونکە خۆی ڕێرەوی ماشێنی سۆشیال میدیا هێشتا لە ڕەوتێک نەگیرساوەتەوە، تا بزانرێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت؟

بەڵام بە پێی ئەزموون، چۆن ستافی نووسین و بەڕێوەبەری ڕۆژنامە هەیە، ئاواش گرنگە وردە وردە بایەخ بە پەیکەری تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن لە بواری ڕۆژنامەگەریدا بدرێت، جا چ سایتەکان و چ سۆشیال میدیاکان، بۆ ئەوەی ستافێکی

خۆیان هەبێت، ڕەنگە وا پێویست بکات بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکە بۆ پێشخستنی کارەکانیان و هاوئاهەنگی بەردەوام کۆبوونەوەیان لەگەڵدا بکەن، سەنگیان بدەنێ. بەشەکەیان تایبەتمەندیی و پسپۆڕیی تێدا بێت، وەک ئەو ستافەی لە ڕۆژنامە کاغەزییەکە کار دەکەن، ئەوانەش کە لە بواری سۆشیال میدیا کار دەکەن هەریەکەیان بە سەنگینیو دڵنیاییەوە خەریکی کارەکەی خۆیان بن، هاوکات جۆرێک لە تۆڕی پەیوەندی و هاوئاهەنگییان لەگەڵ ستافی ڕۆژنامە کاغەزییەکە هەبێت، تا ببنە تەواوکەری یەکتریی لە کار و فرماندا.

ئەو سەندەویچە سادانەی لە سۆشیال میدیادا دروست دەکرێن گرنگن، بەڵام بێگومان ئەو خواردنە تایبەتیانەی لە مەتبەخی ڕۆژنامەکەدا ئامادە دەکرێن گرنگن، هەردووکیان یەک لەویتر گرنگترن.

ڕێکخستنی ئەم پەیوەندییانە پێویستن بۆ ئەوەی لە میانی کاردا بەریەککەوتن ڕوونەدات، هەروەها گرنگیشن، بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکە بتوانن کەڵک لە هەموو وزەی بەشەکانی ڕۆژنامەکە وەربگرن و بە جۆرێک لە جۆرەکان ببێتە مایەی گەشەکردنی ڕۆژنامەکە.

تێبینی دەکرێت هەندێک لە ڕۆژنامەکان خەریکە بواری کاغەزینەکەیان پیر دەبێت، چونکە موحەڕیرەکانی توانای تەکنیکی خۆیان پێش ناخەن. هەندێک جاریش ئەو وزەو بەهرەیەی لە ڕۆژنامەنووسیی کایە کاغەزینەکەدا هەیە، کەم و بە ناکامی لە ڕۆژنامەنووسانی سایت و سۆشیال میدیا هەیە. بۆ تێکەڵکردنی لایەنە باشەکانی هەردوولا و

کەمکردنەوەی لایەنە خراپەکان، پێویستە ئەم هاوکاری و هاوئاهەنگییە دروست ببێت و ببێتە نموونەیەکی نوێی کاری ڕۆژنامەنووسی. جارانی زوو ئەو ئاوێتەبوونە نەبووە، چونکە ئەو کات تەنیا ڕۆژنامەی کاغەزی هەبوو، بەڵام ئێستا وای لێهاتووە ڕۆژنامەیەک بۆ خۆی دامەزراوەیەکی موتەکامیلە، لە ڕووی وێنە و ڤیدیۆ و کاغەز و ئەو سەکۆ جیاجیایانەی کە هەیە، بۆ پێشخستن یان بۆ پاشخستنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەکاردێن.

ئەگەر پەیوەندی ڕۆژنامەی کاغەزی و بەشی سۆشیال میدیا پێش نەخرێت، کاغەزی بە خۆی و موحەریرەکانیەوە دەپوکێنەوە و سۆشیال میدیاش هەر بە منداڵی و هەرزەکاری تووشی ئیفلیج بوون دەبێت و پەکی دەکەوێت، جا بۆ وای لێ بێت، کە دەکرێ ڕێک بخرێتەوە.

## مۆنیتەرینگی ناوخۆیی لە ڕۆژنامەدا

ئەگەر مۆنیتەرینگی ناوخۆیی لەناو خودی ڕۆژنامەدا نەریتێکی باو و بەرهەڵداو و بەرینی ڕۆژنامەگەریی کوردی بوایە دەمان گوت نەبوونی ئەم بەشە، یان ئەم ئەرکە لە دەزگا ڕۆژنامەنووسییەکانی کورددا کێماسی و نوقسانییە، بەڵام کە نەبێ و تا ئێستا نەکرابێ، ئیتر زەحمەتە قەبارەی نەبوونەکەی تەخمین بکەین، باشترە قەبارەی قازانجەکەی باس بکەین، کە ئەگەر هەبێ لیاقەت و لێهاتوویی ڕۆژنامەکانمان بەرز دەکاتەوە. ڕاستە ڕۆژنامەکانی ئێمەش لە ناوخۆدا دەستەی نووسەران، یان ڕاوێژکارەکانی، یان لە کۆبوونەوە گشتییەکانی ستافەکەی هەڵسەنگاندنی ناوخۆیی و خولەکی بۆ دەکرێت،

بە گوێرەی ئەم بەرنامەیە ڕاستکردنەوە و پێداچوونەوەی بۆ دادەنرێت، بەڵام هەرگیز ئەمە غیابی پێویستی بەشی مۆنتیەری ناوخۆیی پێ پڕناکرێتەوە. مۆنیتەرینگی ناوخۆیی دەشێ کارمەندێک، یان بەشێکی چاودێری بێت، کە هەر لە بنچینەدا بەشێکی ڕەسەن لە ماشێنی کارکردنی ڕۆژنامەکە پێک بهێنێ. ڕاپۆرتەکانی مۆنتێر دەشێ ڕۆژانە بێت، وەک بەشێک لە ڕاستکردنەوەی ڕۆژانە و دەشێ ڕاستکردنەوەشی وەک بەشێک لە هەڵسەنگاندنی دوای دەرچوون بێت، ئەگەر ڕۆژنامەیەک وا گەشەسەندوو بێت، کە چاپی ڕۆژ، چاپی بەیانی و ئێوارە، یان چاپی گۆڕدراوی بە گوێرەی شار و وڵاتەکان هەبێت، ئەوا دەشێ مۆنیتێری ناوخۆیی دیدەوانی ناوخۆیی و کارێکی بەردەوامی ڕۆژانەیی پێش و پاشی دەرچووەکانیش بێت. ئەم دیدەوانە هەڵسەنگاندن بۆ ئەدائی ڕۆژنامەکە دەکات. لەسەر وێنەکان، کاریکاتیرەکان، ڕووماڵی هەواڵ و راپۆرتەکان و چۆنێتی دەرکردن و دیزاینی لاپەڕەکان قسەی دەبێت. پێشنیازی دەبێ، وەک چاوێکی تر، تاوەکو دەست بەجێ لە ڕاپۆرتی داهاتوو و هەواڵ و کاری داهاتوودا ڕاستکردنەوە و بەدواداچوون بکات. مونیتەرینگی ناوخۆیی وەکو هەڵسەنگاندن دەکات و دوای ناخات تا هەڵەکە بکرێت و عەیبە ڕووبدات و... عەیبەکە وا قووڵ ببێتەوە، ببێتە نەریتی دەرەقەت نەهاتوو، بەڵکو مۆنیتەرینگی ناوخۆیی پێ بەپێی کارەکە ڕاستکردنەوە دەکات. وەک عەلی شۆن هەڵگر پێش هاتنی پۆلیسی ڕەسمی لە ناوخۆ و بە کەرەستەی ناوخۆیی کەموکوڕییەکان دەست نیشان دەکات و چارەسەری دەکات. راپۆرتەکانی بەشی

مۆنیتەرینگ ئەگەر هەبێ خۆی لەخۆیدا دەبێتە توێژینەوەی گرنگ و دەبێتە بەشێک لە چیرۆکی ڕەوت و ڕێرەوی ڕۆژنامەکە لە هەر بوارێکدا بنووسرێت.

ئەم بەشە پێویستییە بۆ ڕۆژنامەی کوردی تا خۆی پێش چاودێری تر، چاودێریی خۆی بکات و ڕاستکردنەوەی بۆ بکـات.

**ڕۆژنامە گۆڤار، یان گۆڤاری ڕۆژانە؟**

کە باسی ئەوەش دەکەین ڕۆژنامە ئیتر وەک گۆڤارێکی ڕۆژانە وایە، دەبێ بپرسین ئەی ئەو وەزیفانەی تر، کە ڕۆژنامە پێشتر جێبەجێی دەکردن، کەوتە ئەستۆی کێیوە؟ یان ئیتر ئەو ئەرکانە نامێنێت؟ بەڵێ دەمێنێ! بەڵام ئیتر دەبێ لە ئەستۆی رۆژنامەی بکەینەوە. بەدوو ئاڕاستە:

١- ئەگەر ڕۆژنامەکە بەشێک بێت لە دەزگایەکی میدیایی، یان بەشێک بێت لە تۆڕێکی میدیایی فراوان، ئەوا دەبێ ئیتر کەناڵەکانی تر ئەو ئەرکانە ڕایی بکەن، نەک (ڕۆژنامە)ی بە خەسڵەت گۆڕاوی بە گۆڤار بوو، هەمان ئەرکی پێشوو دووبارە بکاتەوە کە دەستی بەم ئەرکەوە دەگیرێت و ناتوانێ ئەرکە نوێیەکانی شێوە گۆڤاری جێبەجێ بکات.

واتا پێویستە تەلەفزیۆن، یان ڕادیۆ و سایتی دەزگاکە لە ئەرکێکی تەکامولیدا ئەرکی هەواڵ و پەلە هەواڵ لەئەستۆ بگرێت و ئەرکەکانی تری بە (ڕۆژنامە گۆڤار) بکات و تێکرای کەنالەکانی دەزگاکە تەواوکاری یەکتری بن.

٢- ئەگەر ڕۆژنامەکە خۆی لە خۆیدا هەبێت و ئەرکی خاوەن خەسڵەتی نوێی شێوە گۆڤاری جێبەجێ بکات، ئەوا

دەبێ بزانرێت نیو-ڕۆژنامە بەم خەسڵەتە تازانەیەوە بەشێکی دیمەنە گشتییەکە پێک دەهێنێت و کۆی دیمەنەکە لەوەوە دەردەکەوێت  کەناڵەکانی تر کارەکانی تر جێبەجێ بکەن، کە ئێستا ئیتر لەوان چاوەڕێ دەکرێت، نەک لە ڕۆژنامە.

ئەمە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەشێ ناوی گۆڕینی وەزیفەی لێ بنێین، وەکو گۆڕینی وەزیفەی کەناڵەکانی میدیا، یاخود دەکرێ لە ئیدارەدا ناوی موناقەلە و لە بواری سەربازیدا ئیعادەی ئینتشار یان بڵاوەپێکردنەوەی هێزەکانی لێ بنێین. واتا هێزەکە دەمێنێتەوە، بەڵام سەرلەنوێ بڵاودەبنەوە.

باسی دووەم:

# خەسڵەتەکانی کاتی ڕۆژنامەنووسی

لەو بابەتانەی پێویستە ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئەزموونی خۆیدا هەڵوێستەی لەسەر بکات و دەماودەم بیگوازێتەوە، دابەشکردنی کاتە لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا.

زۆربەی ئەو نووسین و لێکۆڵینەوانەی لەسەر بواری ڕۆژنامەنووسی دەنووسرێن، لەسەر تەکنیکی ڕۆژنامەنووسی، یان هونەری دابەشکردنی لاپەڕەکان و بەشە جیاجیاکانە، بەڵام ئەوەی زۆر کەم لەسەری دەنووسرێت، مەسەلەی ئیدارەی ڕۆژنامەیە لە ڕووی کات و وادەی بەڕێکردن و تەواوکردنی کارەکانی ڕۆژنامەوە.

ئەوە بەس نییە ڕۆژنامەیەکت هەبێت، ڕۆژانە، هەفتانە، یاخود مانگی دووجار دەربچێت، یاخود گۆڤارێکت هەبێت، جا مانگانە بێ یان هەفتانە، لە کاتی خۆیدا بە چاپێکی جوانو بە تەکنیکێکی بەرز و نووسینی ڕەوان دەربچێت، بەڵکو مەسەلەی پابەندبوون بە کاتی دەرچوون و ئەو خشتەیەی دای دەنێیت بۆ جێبەجێکردنی کاری ڕۆژنامەکە، یان گۆڤارەکە. بابەتێکە کە پەیوەندیی بە وزەو توانای کاری

ڕۆژنامەکە، یان گۆڤارەکە، یاخود پاشکۆکانی ناوییەوە هەیە. ئەمە نەک نهێنی کار، بەڵکو ناوەڕۆک و جەوهەری کارە. شتێکی ئاشکرایە و نهێنی نییە، بەڵام بێگومان ئەم جۆرە پابەندییەش بە کاتە دیاریکراوەکانی کاری ڕۆژنامەنووسییەوە، زۆر کەم لەو کتێبانەدا دەنووسرێتەوە، کە تایبەتن بە بواری کاری ڕۆژنامەنووسی، چونکە ئەوە لە ئەنجامی ئەزموونی کردارییدا دەردەکەوێت، ئەوەندەی وەستاکانی بواری زەحمەتی ڕۆژنامەنووسی دەی زانن، ئەوەندە ئەکادیمیان و ئەهلی دانش پێی نازانن‌و لێی نازانن. مەبەستمان لەوە نییە گوایە نووسەری ئەم باسە پێی دەزانێ و لێی دەزانێ و خەڵکی دیکە لێی نازانن، بەڵکو ئەمە "نهێنیی ئاشکرا"ی کاری ڕۆژنامەنووسییە، واتە ئەمە جەوهەری کاری ڕۆژنامەنووسییە، بەڵام جەوهەرێکی ئاشکرایە، ڕۆحی ئەو شتە ئاشکرایە پێی نازانرێت، ئەگەر کارە ڕۆژنامەنووسییەکە پراکیتزە نەکرێت. بۆیە ناساندنی تەوقیتات و بەرنامەڕێژیی کاری ڕۆژنامەنووسی بە پێی کات، وەک ئەوە وایە کەسێک هەبێت ئاوازێکی گۆرانی قەدیمی بکاتە نۆتە و بینوسێتەوە. بەر لەوەی بە دەنگ بووترێت، یان بە میوزیک بژەنرێت، دەبێت بە نۆتە بنووسرێتەوە، ئەوا پابەندبوون بە کات و ساتی دەرکردنی ڕۆژنامە، یان گۆڤاریش هەر لە نووسینییەوە تا دیزاین و نەخشەسازیی تا دەگاتە پێداچوونەوەی دوا ساتەکان و هەتا چوونی بۆ چاپخانە، بە هەموو وردەکارییەکانی گەشەی چاپخانە و گەشەی تەکنیکیی کۆمپیوتەر، یان ئەو دەزگایانەی لە چاپی ڕۆژنامەدا بەکاردێن، دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت چۆن ئەم

پرەنسیپ و بنەمایانە لە نۆتەیەکدا ڕێک بخرێت و وەک بنەما بنووسرێنەوە.

زەحمەتە ئاوازێکی جوان یان ئاوازێکی دانراوی فۆلکلۆری تاسەر دەماودەم بیگوازیتەوە، ئەگەر نۆتەی بۆ دانەنێیت.

کاتبەندی "توقیتات"ی دەرکردنی ڕۆژنامەیەک یان گۆڤارێک بۆ چاپ، وەک ئەو نۆتە مۆسیقاییەیە، ئەگەر ڕۆژنامەگەریی کوردستانی و ڕۆژنامەگەریی جیهانیش نۆتەی بۆ دانەناو کاتبەندیی بۆ نەکرد، ئێ سەرەنجام هەروا وەکو شتێکی سەرزارەکی دەمێنێتەوە و وەک ئەزموونی دەماودەم لە دەست دەردەچێت.

پابەندبوون بە کات و کاتبەندییەکانی ئەم جۆرە ڕۆژنامە یان گۆڤارەوە هەر لە پەنهانیدا دەمێنێتەوە، مەگەر وەستاگەلێک بچن بە موحازەرە، یان لە وۆرکشۆپێکدا بیلێنەوە، ئەوا پێویستە لەسەر ئەو کاتبەندییانە بە نەخشەیەک، یان بە نۆتەیەک و بە دیزاینێک، لە چوارچێوەیەکدا، ڕێک بخرێنەوە.

ئەمە لەو بابەتانەی لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسی دەکرێن ناونیشانێکی غائیبە، چونکە ئەگەر ڕۆژنامەنووسیی بێگانە کەتەلۆکێکیان هەبێت بۆ پابەندێتی بە کار و کاتی دەرکردنی ڕۆژنامە، ئەوا لەو کتێبانەی لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسی دەردەچن لەئارادا نییە، مەگەر زۆر بە کورتی و پوختی نەبێت کە چۆن بتەوێت ڕۆحی بە بەردا بکەیت، وەک چۆن ئاوازدانەرێک، یان مۆسیقارێک، یان ئەندامی تیپێک هەر بە بینینی نۆتەیەک دەتوانێت ڕۆح بکات بە بەری پارچە مۆسیقایەکدا، بەو جۆرە پابەندێتی بە کاتبەندییەکانی کار، لە دەرەوەی بیرۆکراسی بە مانا سەلبییەکەی، لە

بزاوتی زیندووی کار و قوڵپدانی کاردا دەردەکەوێت. دیارە بیرۆکراسی لایەنە باشەکانیشی تێدایە، کە هەندێکی بیرۆکراسی کاتبەندیی کار دیاریی دەکات، هەندێکیشیان پەیوەستە بە ئەزموونی ڕۆژنامەگەرییەوە، تا شوێن پێی خۆی بگرێت لەناو کاری ڕۆژانەدا.

## مەبەستمان لە تەوقیت و کاتبەندیی چییە؟

لە کاری پراکتیکی ئیدارەی ڕۆژنامەدا، گرنگە بزانرێت کەی دەست بەکار دەکەین و چۆن کار لەسەر ئەو کات و ساتە دیاریکراوانە دەکەین. بۆ نموونە، سەعات چەند کۆبوونەوە دەکەیت بۆ دابەشکردنی ئەرکەکان؟، سەعات چەند بەرهەمی کارەکان وەردەگریتەوە؟ واتە چۆن ڕاپۆرت، ڕیپۆرتاژ، دیدار و هەواڵەکان لە دیسکی تەحریر ئامادە دەبن؟ سەعات چەند ئەمانە پاکنووس دەکەیت و ڕێکی دەخەیت و تۆڕی کارەکەت، کە بریتییە لەو ڕۆژنامەنووسانەی لەگەڵتدا کاردەکەن (لە ناوەوە و دەرەوەی ڕۆژنامەکە، وەکو پەیامنێرەکان و نووسینگەکان) کەی و چۆن لە دوا گەڵاڵەدا یەک دەگرنەوە؟ کەی ئەم داڕشتنەوانە دوا کاتی بۆ دیاریی دەکرێت؟

بۆ نموونە:

– سەعات چەند یەکەم کۆبوونەوەی دابەشکردنی ئەرکەکان دەکرێت؟

– سەعات چەند فڵان لاپەڕە پێویستە بچێت بۆ چاپخانە؟

دیارە نەچوونی لەو کاتە دیاریکراوەدا بۆ چاپخانە، مانای بوونی کەموکوڕییەکە لە کارەکاندا، جا ئەو کەموکوڕییە لە

ڕۆژنامەنووس وەک توخمی مرۆیی کەمتەرخەم لە ڕاییکردنی ئەرکەکان، یان لە جۆر و شێوازی دابەشکردنەکەیە، واتە لایەنی ماددی کە پەککەوتنی کۆمپیوتەر، یان بەشێکی چاپخانە؟ جا ئەم پابەندنەبوونە چ کەموکوڕییەک نیشان دەدات لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا تا چارەسەر بکرێت و کەلێنەکەی پڕبکرێتەوە.

لەوەش گرنگتر:

- ئایا کاری نڤیسکاری و تەحریر کەی و سەعات چەند تەواو دەبێت؟

- کە تەواوبوو، کەی نەخشەسازیی دەکرێت؟

- ئەو کەسانەی پابەندن بە دابینکردنی وێنە و نەخشە و دیزاینکردنی ئەم لاپەڕانە، کەی و سەعات چەند ئەو کارانە ڕایی دەکەن؟

- جێبەجێ نەکردنی ئەو ئەرکانە و بەڕێنەکەوتنی ئەو شەمەندۆفەرە و پەککەوتنی لە وێستگەیەکدا، نیشانەی چییەو بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامە، بە سەرنووسەر و سکرتێر، یان بەڕێوەبەرەکانی نووسین، یان بەرپرسی شەفتەکان چۆن ئەم کەموکوڕییە چارەسەر دەکەن و چۆن لە کوێ پساوە گرێی بدەنەوە، بۆ ئەوەی ئەو کەموکوڕییە زۆر نەڕوات و درێژە نەکێشێت، بەڵکو لە شوێنێکدا نەزیفەکەی رابگیرێت؟

بە پێی ئەو ئەزموونەی ڕۆژ و وادەی کارکردن هەیە. بۆ نموونە، ڕۆژێک ٢٤ سەعاتە، لەو ٢٤ سەعاتە دێیت سێ شەفتی دەوام، یان دوو، یان تەنها یەک شەفتی دەوام دادەنێیت، لەو کاتە دیاریکراوەدا تۆ چەندی کارەکان ڕایی دەکەیت و چۆن کاری پێ دەکەیت؟

له گۆڤارێکی هەفتانەدا چۆن ئەم کاتبەندییە دادەنێیت و چۆن چارەسەری دەکەیت؟ پێویستە بە تایبەتی ناو لە ڕۆژەکان و کاتەکان بنێیت، کە جیاواز بێت لەو کات و ڕۆژانەی بریتییە لە کاتی ئاسایی فەرمانبەرەکان.

بۆ نموونە: ٢٤ سەعاتی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە دەبێت بگۆڕیت بۆ ٥٠ یان ٤٠ سەعات، مەعلومە ئێمە ناتوانین دەستکاریی ئەو کاتە ڕاستییە بکەین، کە بەپێی زانستی فەلەک لە ئەزەلەوە هەیە، بەڵام چۆن جەنەراڵەکانی جەنگ و شارەزایانی سەربازیی لەسەر تەختە یان ماکێتی گۆڕەپانی جەنگەکە هێڵی وەهمی دادەنێن، پێویستە بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکەش بەم شێوەیە خاڵبەندیی و کاتبەندیی وەهمی دابنێن. بۆ نموونە، ڕۆژێک کە وتمان ٤٠ سەعاتە، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

### لەم چل سەعاتەدا چی دەکەیت؟

یەکەم، ڕۆژی شەممە دەبێت ئەو گرووپەی لەبەردەستدا کار دەکەن، بەشێکیان لە سەدی پەنجای کاری ئەو ڕۆژنامەیە جێبەجێ بکەن، واتە ئەگەر ڕۆژنامەکە بیست لاپەڕە بێت، ئەو گرووپی یەکەمە دەبێت ١٠ لاپەڕەی، یان ڕاستتر سەدی پەنجای ئامادە بکەن. دوای ئەوە گرووپێکی تر سەدی بیستو پێنجی ڕۆژنامەی ڕۆژی داهاتوو ئامادە بکەن و هەمان گرووپ ١٥٪ی ڕۆژی سێیەم ئامادە بکەن.

گرووپی چوارەم کاریان چییە؟ ئەمەیان ١٠٪ی ڕۆژنامەی خودی ئەو ڕۆژە خۆی ئامادە بکەن، بەم شێوەیەی خوارەوە: واتا تۆ دەڵێیت ڕۆژنامەی ڕۆژی شەممە دەردەکەم،

ئەو کەسانەی لەگەڵتدان ٥٠٪ی کاری ئەو ڕۆژە جێبەجێ دەکەن، گرووپی دووەم ٢٥٪ی ڕۆژنامەی ڕۆژی یەکشەممە ئامادە دەکەن، گرووپی سێیەمیش ١٠٪ی ڕۆژنامەی ڕۆژی دووشەممە ئامادە دەکەن و هەمان گرووپ ١٠٪ی کاری ئەو ڕۆژە کە شەممەیە ئامادە دەکەن، بۆ ڕۆژی دووەم کە یەکشەممەیە کاتێک دەستبەکار دەکەیت. بۆ نموونە، لە سەعات نۆوە، گرووپی یەکەم ٥٠٪ کاردەکەن و ٢٥٪یشیان وەکو گەنجینە بابەتی ئامادەکراو هەیە، بەو شێوەیەش ئەوان کار لەسەر ڕۆژەکانی تر دەکەن. گرووپی سێیەمیش بە هەمان شێوەی پێشوو کار لەسەر ١٠٪ی ڕۆژی دواتر دەکەن، بەوەش دەردەکەوێت، کە لە چەند ڕۆژی سەرەتادا کۆمەڵێک بابەت و نووسین و وزەت بەسەر ڕۆژەکانی دیکەدا دابەشکردووە. سەرەنجام وای لێ دێت ئەو ڕۆژانەی کاردەکەیت لە دیمەنی گشتیدا وا دەردەکەوێت کار بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژی دوایی دەکەیت، بەڵام لە ڕاستیدا بە گوێرەی دابەشی گرووپەکان کار بۆ چەند ژمارەیەکی داهاتوو دەکەیت. ئەمەیە  لە کایەی ڕۆژنامەنووسیدا پێی دەوترێت بابەت و لاپەڕە جێگیرەکان، واتە هیچ پێویست ناکات لاپەڕەی فیکری و فەلسەفی کارمەندی ڕۆژنامەنووس و کات و وزەت بۆ داناوە، ئەو ڕۆژە بەپەلەپەل کاری لەسەر بکەیت، بەڵکو گەنجینەیەکی پێشتری چەند ڕۆژی ڕابردووت هەیە، کە کاری لەسەر کراوە. ئەمەش بابەتە هونەری، ئەدەبی، فیکری، فەلسەفی و..هتدەکان دەگرێتەوە ئەوانەی گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت، واتە بابەتی سارد.

هەرچی بابەتی گەرمیشە ئەوەیە، کە گرووپێک دێن لە

کاتێکی دیاریکراوی ئێوارەدا بۆ نموونە: هەواڵی کودەتاکان، هەواڵی چاک و خراپی دۆخی سیاسی و...هتد دەگوازنەوە، بەڵام لەپەنا ئەوەوە گرووپێکی تریش هەیە، کە پۆل پۆل کارەکانی خۆیان ڕایی دەکەن، کار و دیمەنەکە بە گوێرەی ڕیتمێکی ڕێکوپێکی مۆسیقی هەڵدەکشێت. ئەمە بەوە دەبێت، ئەو شارەزایی و وەستاییەی ڕۆژنامەنووسێک پەیدای دەکات، بە نۆتە بیگوازیتەوە، تا ئەکادیمی و ئەندازیارەکانی بواری ڕۆژنامەنووسی لە کاتی وتنەوەی موحازەرەکاندا بۆ خوێندکارەکانی شەرح بکەن، واتە ئەم نۆتەیە بۆ ئەوان بگوازرێتەوە، ئەو شتەی تائێستا لە کەتەلۆکدا نییە، کە دەبێت هەبێت.

## هەفتە لە گۆڤاری هەفتانەدا

ئەوەی بۆ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە باسمان کرد، بۆ گۆڤارێکی هەفتانەش دەبێت، لە گۆڤارێکی هەفتانەدا تۆ شەممە کاردەکەیت، کۆبوونەوەی دەستەی نووسەران دەکەیت و دێیت بەرنامەڕێژی بۆ ئەو بابەتانە دەکەیت، کە لە ژمارەی ئەو هەفتەیەدا بڵاوی دەکەیتەوە و بەپێی ڕۆژەکان بابەتەکان دیاری دەکەیت و وای دادەنێیت، کە چوارشەممە گۆڤارەکە دەنێریت بۆ چاپخانە و ڕۆژی هەینی چاپی تەواو دەبێت و ڕۆژی شەممە بڵاودەبێتەوە.

بەڵام ڕۆژی شەممە، کە کۆبوونەوە دەکەیت، لە خاڵی سفرەوە دەست پێ ناکەیت، بەڵکو لە کۆمەڵێک بابەتی مەخزونی جیاجیاوە دەست پێ دەکەیت. ڕۆژەکانی ئەو هێڵە وەهمییانەی دروستت کردووە، جیاوازە لە ڕۆژە ئاساییەکانی

ڕۆژژمێری هەفتە، واتە ئەوەی پێی دەوترێت هەفتە، لای تۆ پێنج ڕۆژی کارکردنی ستافی تەحریر و تەکنیکییە، بەڵام بە مەخزونەکەوە کاری ١٠ ڕۆژ ڕایی دەکەیت. بەوەش تۆی ڕۆژنامەنووس دەبیتە خوڵقێنەری زەمان و کاتی دیکە، بەڵام نابێت ئەوەت لەبیر بچێت، کە تۆ خودای کاتەکانی بەشەرییەت نیت، بەڵکو خودانی کاتەکانی ئەو ڕۆژنامەیە یان ئەو گۆڤارەیت، کە کاتی وەهمیت لەسەر کاغەز بۆ کێشاوە، وەکو جەنەراڵە سەربازییەکان.

لە دەستپێکی هەموو ژمارەیەکی هەفتەکەدا، گەنجینەی ٥٠٪ی ژمارەی ئایندەت هەیە، هەروەک لەو گەنجینەیەدا ٢٥٪ی ژمارەی داهاتووترت هەیە، ئەوە جگە لەوەی بە ڕێژەیەکیش بابەتی تیفتیفە و پڕکردنەوەت هەیە بۆ ژمارەی چوارەم، واتە لە ڕۆژی یەکەمی دەستپێکی ژمارەکەوە، کە دەست پێ دەکەیت ٥٠٪ی ئەو بابەتە گەنجینەکراوانە دەخۆیت، بەڵام گرووپ و ستافەکانی تر بەردەوام بابەتی تر خەزن دەکەن بۆ ژمارەکانی داهاتوو.

ئەم کاتبەندییەش گەرەنتی ئەوە دەکات چاپکراوەکەت لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا تەواو ببێت و لە کاتی خۆیدا چاپ ببێت و لە کاتی خۆشیدا بگاتە دەست خوێنەرەکانی.

هەر خاوخلیچکییەک، یان دواکەوتنێک لەو کاتبەندییانە لەلایەن ستافە جیاجیاکانەوە، جا ڕیپۆرتەرە، یان هەواڵسازە، یان دیزاینەرە، یان کرێکارێکی چاپخانە، یان سەرپەرشتیاری چاپ، یاخود سەرپەرشتیاری ڕۆژنامە یان گۆڤارەکە، لە گەیاندنی ڕۆژنامە – گۆڤار بەدەست خوێنەران لە شار و شارۆچکە جیاجیاکان، هەر کەموکوڕییەک کە لەم

کارەدا روودەدات، لەسەر دوا وێستگەی کارەکە تێچوون و زیان دادەنێت و ئیشەکە پەکی دەکەوێت، بۆیە هەر ڕاستکردنەوەیەک کە کەسێک دەیکات، دەتوانێت راستی بکاتەوە، بەڵام ناتوانێت هەموو جارێک فریا بکەوێت و کاتی لەدەستچوو، کە ئیتر لەدەستچووە ، بگێڕێتەوە.

هەتا ئەگەر موحەڕیرێک بێت ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسێکی خاو و خلیچکەر بە پەلەپەل چاک بکاتەوە و دایبڕێژێتەوە، ئەو ڕاستییە ناگۆڕێت، کە دەبێت چارەسەری پابەند نەبوونی ئەو ڕۆژنامەنووسە بە کاتەوە بکرێت، ئەگەرنا جارێکیتریش هەڵەوپەڵە دەکاتەوە و هەر دەبێت سۆپەرمانێک بێت چارەسەری کەموکوڕی بەردەوام بکات.

ئێ خۆ دەشزانین نها باوی سوپەرمان نەماوە، چونکە کاری ڕۆژنامەنووسی کارێکی دەستەجەمعی و بەکۆمەڵە، بۆیە ئەو کەسانەی کاری تێدا دەکەن، دەبێت پابەندبن بەو کاتانە و بەو وزە و توایانەوە کە پێویستە بخرێتە گەڕ. بۆ ئەوەی کاتێک ئەوان پابەند نابن بە کاتەوە و لە قیتارەکە دوادەکەون، برادەرێکی پێش خۆیان، یان دوای خۆیان، ناچار نەبن کەموکوڕییەکانی ئەوان پڕ بکەنەوە.

## ئەڵقەی کار

ئەو کاتبەندییانە زۆر گرنگن، جا لەبەر ئەوە کۆبوونەوەی دەستەی نووسەران، کۆبوونەوەی گرووپە جیاجیاکان، پابەندبوون بە لایەنە ئیجابییەکانی بیرۆکراسییەوە، ئەم کەموکوڕییانە چارەسەر دەکەن، واتە سەعات ئەوەندە، خولەکی ئەوەندە، پێویستە ئەم ماکێتانە تەواو ببن و

بچن بۆ چاپخانە، یان بە پێوەری ئەم کاتانە پێویستە ئەم هەڵە زمانەوانیانە چاک بکرێنەوە، سەرەنجام کات بۆ دوا پێداچوونەوە و دەستکارییش دیاری بکرێت.

هەر ئەم پابەندبوونەشە وا دەکات سەلیقە و ئەدائی ڕۆژنامەنووسێک، کە لەگەڵ هاوپیشە ڕۆژنامەنووسەکانیدا کارێکی دەستەجەمعی دەکەن، جیاواز بێت لەگەڵ چاپکردنی کتێبێک، بۆیە پابەندبوون بە کاتەوە، هێندەی پابەندبوون بە کوالێتی سەنگینیی بابەتەکانەوە گرنگە.

هیچ گرنگ نییە ئێمە ساڵی گۆڤارێک دەربکەین، ڕۆژێک لە ڕۆژان کە تاقەتمان لێ بوو، یان ئارەزوومان لێ بوو، هەڵە زمانەوانییەکانی چاک بکەینەوە و دواجار بڵێین شتێکی باشمان دەرکردووە، بەڵکو ئەوە گرنگە کە لە چوارچێوەی کاتبەندیی و پابەندبوون بە کاتێکی دیاریکراوەوە بێت. ئەگەر وانەبووایە، ئەوا پسپۆڕێکی بواری زمانەوانی دەیتوانی بابەتی زمان لە ڕۆژنامە یان گۆڤاردا چارەسەر بکات، بەڵام پسپۆری بە سەلیقە و بە توانا کوا کات و حەوسەڵەی کاری ڕۆژنامەوانیی هەیە؟ ئەوەی دەتوانێت ئەوە بکات، ئەو ڕۆژنامەنووسەیە کە وزەی چارەسەرکردنی بابەتێکی ڕۆژنامەنووسیی هەیە لە کاتێکی دیاریکراودا. ئەوەش کە دەتوانێت ئەم بابەتە چارەسەر بکات، پسپۆڕێکی ئیداریی بیکردایە، ئەگەر تەنها بابەتەکە لایەنی گارگێڕیی و ئیدارەدان بووایە، بەڵام توانای ئەوە تەنها لە وزەی ئەو وەستایانەدایە، کە دەتوانن لە کاتێکی دیاریکراودا ئیدارەیەکی باشی لایەنی تەحریر و تەکنیکی ڕۆژنامە و گۆڤار بکەن.

**باسی سێیەم:**

# ئیدارە و خولی کاری میدیایی

دەمەوێت لەسەر مەسەلەی ئیدارە و ڕەوڕەوەی کاری میدیایی بە خێرایی چەند تێبینی بدەم.

کاری ڕۆژنامەوانی، کارێکە بە پلەی یەکەم دەبێت ڕۆژنامەوانەکان لێی بەرپرسیاربن، ئەگەر کارێکی ڕۆژنامەوانی بەهرەی ڕۆژنامەوانیی تێدا بێت و توانایەکی ئیدارییشی لەگەڵدا بێت، ئەوا کاری ڕۆژنامەنووسیی سەرکەوتوو ئەو کارەیە کە ڕۆژنامەنووسەکە خۆی، بۆ نموونە سەرنووسەر یان بەرپرسی تەحریر، ئیدارەی ڕۆژنامەکە بکات، باشتر و چاکترە، بەڵام ئەگەر ئەو حاڵەتە ڕێی نەدا، واتا جیاکردنەوەیەک لەنێوان کاری ئیداریی و کارگێڕیی و کاری ڕۆژنامەوانیدا هەبوو، ئەوا زۆر گرنگە ئەو کەسەی بەڕێوەبەری کارگێڕیی دامەزراوەیەکی میدیایی و ڕۆژنامەوانییە، دامەزراوەکە بکات بە دوو بەشەوە، بەشێکیان بۆ ئیدارەی تەحریری ڕۆژنامەکەو بەشەکەی دیکەشیان بۆ ئیدارەی دامەزراوەی ڕۆژنامەکە بێت.

ئەگەر خاوەن ئیمتیاز، یان ئەو کەسانەی خاوەندارێتی

ڕۆژنامەیەک دەکەن، هەر خۆشیان تواناى ڕۆژنامەوانیان هەبێت و ئیدارەى لایەنى کارگێڕیى ڕۆژنامەکەش بکەن، باشترە و ڕەنگە ئەم کێشانە چارەسەر ببێت، کە هاوکات دیارە خاوەندارێتیى ڕۆژنامەکە هى کەسەکە خۆیەتى، هەروەها سەرنووسەرەکەشى خۆى دەبێت.

بەڵام ئەگەر لەوە بترازێت و هاتە سەر ئەوەى سەرنووسەرو بەڕێوەبەرانى ڕۆژنامەکە گرووپێک یان کۆمەڵێک بن و بەڕێوەبەرانى کارگێڕیى گرووپێک یان کۆمەڵێکى دیکە بن، ئەوا پێویستە بەڕێوەبەرانى تەحریر بەسەر بەڕێوەبەرانى کارگێڕیى ڕۆژنامەکەدا زاڵ بن و کۆنترۆڵى بکەن.

ئیدارەدانى ڕۆژنامە و دامەزراوەى میدیایى لەلایەن کەسانى کارگێڕیى نەشارەزا لە کایەى ڕۆژنامەنووسى، وەکو ئەوە وایە لە وڵاتدا عەسکەر حوکمڕان بن لە برى ئەوەى سیاسییەکان حوکم بکەن، وڵاتى باش ئەو وڵاتەیە سیاسییەکان حوکمى دەکەن و عەسکەر لە پلەى دووەم دێن لە هەژموونى دەسەڵاتدارێتیدا.

ئەگەر ڕۆژنامەیەک تەنها و تەنها ئیدارە بیبات بەڕێوەو باشیشى ئیدارە بکات، ئەوا لە ڕاستیدا ڕۆح و گیانى ڕۆژنامەنووسیى تێدا دەکوژرێت و تەنها دەبێتە دەزگایەکى بیرۆکراتى. ڕۆژنامەوانەکان و سەرنووسەر و ستافى تەحریرى ڕۆژنامەکە تووشى بەریەککەوتن دەبن لەگەڵ ستافى کارگێڕیدا. ئەگەر ئەو پەیوەندییە ڕێک نەخرابێت، چونکە دەبێت ئیدارە ملکەچى تەحریر بێت، ئاخر هۆکار و بۆنەى دەرکردنى ڕۆژنامەکان، بۆ خستنەڕووى وزە و تواناى ڕۆژنامەوانییە، تەنانەت ئەگەر قازانجى ماددیشى

له پشتەوە بێت. هەروەک بۆنەی بوونی ستافی ئیدارە لە ڕۆژنامەیەکدا، بوونی ڕۆژنامەکە خۆیەتی، جا ئەگەر ڕۆژنامەنووسەکان توێژی پڕۆلیتاریا بن لە دامەزراوەی ڕۆژنامەوانیدا و ئیدارییەکان دەزگای بیرۆکراتی یاخود دەزگایەکی خاوەن هەژموون بن بەسەر ڕۆژنامەکەوە، ئەوا خاووخلیچکی ڕوودەدات و پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی ناجۆر دەبێت.

## بەرپرسیارێتی شکست دیاری بکرێت

وەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێ دا، ئەگەر ئەهلی ڕۆژنامەوانی (سەرنووسەر و خاوەنەکانی ڕۆژنامەکە) لە ڕووی ئیداریشەوە بەڕێوەی بەرن، ئەوا کێشە نایەتە ئاراوە، بەڵام لە کاتێکدا بەڕێوەبەرەکانی ئیدارە کەسانێک بن و بەڕێوەبەرانی تەحریریش کەسانێکی دیکە بن، ئەو کاتە کێشە دێتە ئاراوە، کە پێویستە خەمخۆرانی ڕۆژنامەکە چارەسەری بکەن.

ئەگەر سەرنووسەر و بەڕێوەبەری ڕۆژنامە گرێبەستی ئیمتیازیان وا بێ وەکو کرێگرتە قەرەبووی دەسەڵاتی ئیدارەیان بۆ بکاتەوە، کە شتی وا هەر نییە، ئەوا دەتوانن دەستبەرداری کۆنترۆڵی خۆیان بن بەسەر ئیدارەدا، بەڵام ئەگەر ڕۆژنامەنووسەکان شەریک بن لە خەم و خولیا و پەرۆشی ئایندەی ڕۆژنامەکەدا، ئەوا پێویستە شەریک بن لە بڕیاریشدا. بۆ نموونە، ڕۆژنامەی حزبێکی سیاسی، گەر موحەڕیرەکانی شەریک بن لە ئیدارەی کاروباری حزبەکەو گەیاندنی پەیامە حزبییەکە، یان ئەگەر بکەونە بەر

بەرپرسیارێتی یاسایی ڕۆژنامەکەوە و هۆکاری شکستی کاری ڕۆژنامەنووسیش بخرێتە سەر ئەوان، خۆ واباشترە ڕۆڵیش بگێڕن لە ئیدارەدانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، نەک ئۆباڵ ئەستۆی ڕۆژنامەنووسەکان کە لێی بەرپرسیار نین، چونکە کارگێری ڕۆژنامەکە کەسانێک دەیکەن و تەحریری ڕۆژنامەکەش کەسانێکی تر.

باشترین پلەبەندی بۆ ڕۆژنامەنووسەکان ئەوەیە، کە ئەگەر وەکو فەرمانبەر یان وەکو کرێکار کار دەکەن، ئەوا پێویستە بەرپرسیارێتی نەخرێتە ئەستۆیان.

ئەگەر ڕۆژنامەکە ئاستی دابەزێت، یان تیراژی لە بازاڕدا کەم بێتەوە، دەبێت ئیدارە بخرێتە بەر بەرپرسیارێتییەوە. ڕۆژنامەنووسەکان لەو حاڵەتەدا دەکەونە بەر بەرپرسیارێتی ئەم بوارانەوە، ئەگەر دۆسیێ ئیداری بەدەست خۆیان بێت، ئەگەر دۆسیێ ئیداریی بەدەست ڕۆژنامەنووسەکانەوە نەبێت، ئیتر بۆچی ئەوان ئەو بەرپرسیارێتییە بگرنە ئەستۆی خۆیان؟

بێگومان ئەوەش ڕاستە، ئەگەر ڕۆژنامەیەک بەدەست ڕۆژنامەنووسان خۆیان بێت، کەچی لە ڕووی ئیداری و لە ڕووی تیراژ و چاپکردنەوە سەرکەوتوو نەبن، ئەوا هەق نییە تاوان بخرێتە ئەستۆی ئیدارەوە، چونکە ئەوە ڕۆژنامەنووسەکانن کە دەسەڵاتە ئیدارییەکانیان هەیە و دەتوانن ئەو بەرپرسیارێتییە بگرنە ئەستۆ.

لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا دیدی بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکە، کە ئەهلی کارەکەن، ببێتە بیروبۆچوونێکی زاڵ و ڕۆژنامە ملکەچ نەبێت بۆ تەنیا لایەنی بازرگانی، یان قازانجی دارایی، بەڵکو

دیدگای ڕۆژنامەنووسەکان ڕەچاو بکرێت، چونکە زۆرجار خاوەنەکانی ڕۆژنامەکە تەنیا لە ڕووی بازرگانییەوە تەماشای ڕۆژنامەکە دەکەن. بۆیە لەو کاتەی بە حساب دەیانەوێت خزمەتی بکەن و قازانجی بۆ ڕەچاو بکەن، دەبینین زیانی پێ دەگەیەنن، چونکە رۆح و پەیامی ڕۆژنامەکە دەکوژن، کە بوونی پەیام بۆ ڕۆژنامەیەک زۆر گرنگە.

لێرەدا دەمەوێت لەسەر ئەو ڕێوشوێنانە بدوێم، کە پەیوەندییەکانی نێوان ستافی تەحریر و ئیدارەی ڕۆژنامە ڕێک دەخات، ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییانە زۆر گرنگن، چونکە ئەو شەمزانە ئیدارییەی لە ڕۆژنامەکاندا ڕوو دەدەن، بە هۆی ڕێکنەخستنی پەیوەندیی نێوان ئیدارەی تەحریری ڕۆژنامەکە و ئیدارەی کارگێڕیی ڕۆژنامەکەوەیە. بە تەنیشت ئەویشەوە لایەنی دارایی ڕۆژنامەکان، کە ڕێکخستنی ئەوەشیان هەر زیاتر ئیدارەکان دەیکەن، هەر بەشێکە لە شلەژانی پەیوەندی. ئەوەی دەتوانێت ڕۆڵ ئیدارەیەکی ژیری پرۆسەی بەڕێوەبردنی تەحریر و کارگێڕییە.

**تابلۆی جوان یەکسانە بە تابلۆی خراپ!**

پشێوی لە ئیدارەدا، هەموو جارێک باش نییە، زۆر جار کە ڕۆژنامە لە ڕووی ئیدارەوە ڕێک دەخرێت، زۆر کەس بە شتێکی زیادی دەزانن و دەڵێن پێویست نییە، یان دەڵێن ڕۆژنامە خۆی ئەوەندەی بەسە کە دەربچێت، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە، چونکە ڕێکخستنی کارە ئیدارییەکان و ڕێکخستنی کاتبەندیی کار زۆر گرنگە. هەر کارمەندێک، کارگوزارێک، ڕۆژنامەنووسێک لەناو ڕۆژنامەدا کار دەکات، دەبێ کارەکەی

بە باشی ڕێک بخات. زانایەکی بیێگانە هەیە بە ناوی (ئالان جیفنەر) بەڕێوەبەری تاقیگەی هێڵکاریی وێنەگرتن یان وێناکردنی چالاکیی کارەبایی مێشکی مرۆڤەکانە، قسەیەکی هەیە زۆر بۆ ئەم نموونەی کاری ڕۆژنامەنووسییە دەست دەدات. ئالان جیفنەر دەڵێت: «ئەو وزەیەی مرۆڤێک سەرفی دەکات بۆ ئەوەی بەبێ هیچ بەرنامەیەک، هەروا خەتخەتێن لەسەر لاپەڕەیەک ڕەش بکاتەوە، کە هیچ بەرهەمێکی ئەوتۆی نییە، یەکسانە بەو وزەیەی مرۆڤێک لە تابلۆیەکی هونەریی جواندا خەرجی دەکات.»، واتا ئەگەر بتەوێ تابلۆیەکی شێوەکاریی ڕێکوپێک بکێشیت، ئەم توانایەی کە لە ڕێی مێشک و دیتن و هەموو تواناکانی دیکەوە سەرفی دەکەیت، یەکسانە بەو توانایەی لە خەتخەتۆکە ڕەشکردنەوەیەک، بەفیڕۆی دەدەیت، جا لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی خەتخەتۆکە بکەیت، کە هیچ بەرهەمو ئامانجێکی نەبێت، لە جیاتی ئەوە نایەیت تابلۆیەکی جوان بنەخشێنیت؟

بەو توانا و وزە داراییەی لە موحەڕیرێک، یان ڕۆژنامەنووسێک، خەرج دەکرێت، هەمان ئەو تابلۆ نەخشینە دروست دەکەیت کە بۆ خەتخەتۆکە کردن پێویستە و وزەی بۆ خەرج دەکەیت. ئەو پارەیەی دەیگێڕیتەوە و خەرجی ناکەیت، یان ئەو توانا ئیدارییەی خەرجی ناکەیت، ئەگەر لە ڕێکخستنی دەوامی ڕۆژنامەدا خەرجی بکەیت، کە کەی ڕۆژنامە دەست پێ دەکات و کەی ئامادە دەبێت، کەڵکی دووقات دەبێت. ڕێکنەخستنی توانای تەحریریی خۆت، کە گوێت لێ نەبێت هەواڵەکە چۆن دەنووسیت، ڕاپۆرتەکە چۆن دەکرێت ئەو توانا و وزەیەی لەو خەتخەتۆکەیە و لەو

شەمزاندنەی بواری ڕۆژنامەنووسیدا سەرفی دەکەیت، لە ڕووی ئیداری و تەحریر و داراییەوە، هەر ئەو توانایە و هەر ئەو وزەیە خەرج دەکەیت، ئەگەر ڕۆژنامەکە بە ڕێکوپێکی دەربکەیت. ئێ باشتر وایە ڕۆژنامەکە بە ڕێکوپێکی دەربکەیت، چونکە هەمان ئەو وزەیەی بۆ سەرف دەکەیت، کە بە هۆی بەهەدەردانی توانا ئیداری و تەحریری و داراییەکانی خۆتدا سەرفی دەکەیت.

ڕێکخستنی ئەم توانا ئیدارییە شتێکی زۆر گرنگە، کە پێویستە ڕۆژنامەنووسەکە و ئیدارەی ڕۆژنامەکە ئەمە ڕەچاو بکەن.

## ڕێکخستنی وزەی کار

نموونەیەک دەهێنینەوە، کە دەتوانم ناوی بنێم ڕێکخستنی وزەی کار لە هەندێک بواردا، هاوکات ئەوە ئیدارەدانی وزەی کارە لە ڕووی کارگێڕیشەوە. بۆ نموونە؛ ئەگەر تۆ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە یان گۆڤارێکی هەفتانەت هەبێت، دەتوانیت هەندێک سکێچ و ماکێت هەیە بە تەواوەتی ڕێکی بخەیت، وەک ئەوە وایە لە بواری تەحریردا کارەکانت ڕێک بخەیت: تەحریری ساردت هەیە و تەحریری گەرمت هەیە، واتە ڕاپۆرتی هەنوکەییت هەیە، کە گەرماوگەرم ئامادەی دەکەیت، ڕاپۆرتی ساردیشت هەیە، کە هەرکاتێک بتەوێت بڵاوی دەکەیتەوە. چۆن ئەوە گرنگە لە دابەشبوونی ڕۆژنامەدا، کە ئەمە بابەتی ئامادەکراوی پێشوەختە، هەندێکجار نەخشەکێشان و ئامادەکردنی سکێچ و ماکێتیش گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

## وزەی کار لە نموونەی ماکێتدا

بۆ نموونە، دێیت تەماشای ماکێتی دیزاین و نەخشەسازیی ڕۆژنامەیەک دەکەیت، دەبینیت هەندێکجار ماکێتی ڕۆژنامەکەت وێنەیەکی سەرەکیی تێدایە، کە لە ڕووبەری شەش ستوونی ڕۆژنامەکە، چوار ستوونی بۆ وێنەیەک تەرخان دەکەیت، دوو ستوونیش بە تەنیشتییەوە بۆ هەواڵەکان تەرخان دەکەیت، بەشی سەرەوەی بۆ مانشێتێک تەرخان دەکەیت، لای خوارەوەی بۆ وێنەیەکی هەڵکۆڵراو (حەفرکراو) تەرخان دەکەیت، بەشێک لە خوارەوە، واتە کۆڵۆمێک بۆ هەواڵێک یان ریکلام بۆ مانشێتی بابەتێکی گرنگی لاپەڕەکانی ناوەوەی ڕۆژنامەکە تەرخان دەکەیت.

جا ئەگەر پێشتر بەرنامە و سکێچێکت هەبێت و بڕیارت دابێت ڕۆژی شەممە شێوەی دیزاینی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە بەم جۆرە دەبێت، دەشێت هەر ئەم ماکێتە خۆی هەڵبگریت، تا پاش دوو هەفتە جارێکی تر ئەو شێوە و دیزاینە دووبارە بکەیتەوە، واتە هەمان ئەو چوار کۆڵۆمە بۆ وێنە، هەمان ئەو مانشێتە، هەمان ئەو دوو کۆڵۆمە بۆ هەواڵ، بەڵام جاری یەکەم وێنەی سەرکردایەتییەکی سیاسیت داناوە، دوای دوو هەفتە بۆ نموونە وێنەی بابانۆئێلێک دادەنێیت بۆ بابەتی هاتنە پێشەوەی ئاهەنگەکانی سەری ساڵ.

دەشێت بەردەوام ماکێتی ئامادەکراوت هەبێت بۆ مانگێک، کە پێشتر ئامادەت کردووە، ئەو ماکێتە لە ژووری نەخشەسازیدا هەڵدەواسرێت، ئینجا هەر ڕۆژەی بەکاردەهێنرێت، بەبێ ئەوەی کەس هەست بکات هەمان ئەو ماکێتانەی خۆتە بەکاریان دەهێنیتەوە، بەڵام بە ڕەچاوکردنی

ڕێکەوت و مێژووی ڕۆژانەی لاپەڕەکە، واتە ئەو هێدەی ژمارەی ڕۆژنامەکە و ڕۆژ و ژمارەی لاپەڕەکەی لەسەرە.

بۆ نموونە، وات داناوە مانگی جارێک دەگەڕێیتەوە سەر ئەو ماکێتانە. بەبێ ئەوەی دەستەکەت ئاشکرا بێت، مانگی جارێک ئەو ماکێتانە دووبارە دەکەیتەوە. ئەم پرۆسەیە چەند کەڵکێکی هەیە لەوانە:

یەکەم- کاتت بۆ دەگەڕێنێتەوە.

دووەم- یارمەتیدەر دەبێت لەوەی جۆرێک لە جێگیریی لە نەخشەسازییەکەتدا هەبێت، بەبێ ئەوەی ئەو جێگیرییە خوێنەر تووشی بێزاریی بکات.

ئەم شێوازەش جۆرێک لە جێگیری و خەسڵەت دەدات بە ڕۆژنامەکە و هاوکات وزەی خۆت لە بواری کار و کاتیشدا پاشەکەوت دەکەیت. لە هەمان کاتیشدا بەکارهێنانەوەی ئەو ماکێتانە بواری داهێنانت بۆ دەڕەخسێنێت، بە پاراستنی شێوازی گشتیی ماکێتەکە، بەڵام لە هەموو ژمارەیەکدا گۆڕانکاریشی تێدا دەکەیت.

بێگومان بۆ ماوەیەکی دواتر تۆ بیرۆکە و شێوازی سکێچ و ماکێتی نوێ دەهێنیتە پێشەوە، جا شەش مانگ، یان ساڵێک، یان دوو ساڵ بێت، لە دوای ئەوە سکێچ و ماکێتی دیزاینەکە دەگۆڕیت، پێدەچێت ئەو کاتە کە گۆڕانکاری لە نەخشەسازیو دیزایندا دەکەیت، جۆرێکی دیکەی ماکێت دەهێنیتە پێشەوە، کە دیسان دووبارەی دەکەیتەوە بۆ وەرزێک.

ئەگەر ماکێتت هەبوو و چەند جارێک دووبارەت کردەوە، هەم بە ئەدگاری ڕۆژنامەکەتەوە جێگیر و پەیوەست دەبێت، خوێنەریش هەست دەکات بەم جۆرە دیزاینە ئاشنایە،

بەو جۆرە دووبارەکردنەوەیەش دەرفەت دەدەیت بە دیزاینەرەکانت کە داهێنان بکەن لە بینینەوەی بیرۆکەی نوێ بۆ نەخشەی شەش مانگ، یان خولی داهاتووی گۆڕانکاری لە دیزایندا. واتە شەش مانگی سەرەتای ساڵ جۆرە نەخشەسازییەکت هەیە، کە دووبارەی دەکەیتەوە، بۆ شــەش مانگی دواتر سکێچ و ماکێت و نەخشەسازییەکی دیکەت دەبێت و گۆڕانکاریی تێدا دەکەیت، بەوەش هەم جێگیریی دەسەپێنیت، هەمیش گۆڕانکاری دەنوێنیت. هاوکات بەمە وزە و هەلی بیرکردنەوەشت گێڕاوەتەوە، بەو پێیەی ماکێتی ئامادەت هەیە، لە هەمان کاتیشدا دەرفەت دەدەیت بە ئەندێشەی نەخشەسازەکانت، کە پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن و شێوازی نوێی داهێنان لە بواری نەخشەسازیدا بدۆزنەوە. بەبێ ئەوەی ئەم پەرەپێدانە تووشی ستۆک بوون ببێت، چونکە تۆ ڕۆژانە دەیکەیت، واتە ئەگەر ئەم ماکێتە جیاجیایانەت هەبێت کە کۆیان دەکەیتەوە، دەرفەت دەبێت نەخشەسازەکانت بەردەوام کار لەسەر پەرەپێدانی تواناکانی خۆیان بکەن و شێوازی دیکە بدۆزنەوە، کە بۆ دیزاینی ڕۆژنامەکە پێویستە.سەرەنجام هەر ڕۆژنامەیەک چۆن ئەرشیفێکی تایبەتی دەبێت بە وێنە، یان بە توانای دارایی، یان چۆن وزەی نووسەرو ڕۆژنامەنووسەکانی دەمێننەوە و چۆن سەرمایەگوزاریی دەکات لە توانای نووسەری باش و میدیاکارو رۆژنامەنووسی چاکی بەتوانایان پێ پەیدا دەبێت، لە هەمان کاتدا دەتوانیت لە نەخشەسازیدا خۆی دەوڵەمەند بکات، چونکە بەردەوام بیرۆکەی نوێ دێتە پێشەوە و بەو پێیەش نەخشەسازەکانی وەکو میدیاکار

و ڕۆژنامەنووسەکانی دەبنە مامۆستا و کەسانی ناسراو و دەرکەوتوو لە بوارەکەی خۆیاندا و هەم دەشبێتە سەرمایەیەکی باش چ بۆ ڕۆژنامەکەو چ بۆ دیزاینەرەکان خۆشیان. کە هەم دەبنە وەستا لە بوارەکەدا و هاوکات ڕۆژنامەکەشی پێ دەوڵەمەند دەکەن، ئاخر نەخشەسازەکانت دەتوانن خول بکەنەوە و نەخشەسازی دیکە پێ بگەیەنن، یان بە پارە کاری نەخشەسازی بۆ ڕۆژنامەو گۆڤاری دیکە بکەن.

لێرە نموونەی ماکێتم هێنایەوە، ئەگەرنا دەتوانین پەرەپێدانی توانای ڕۆژنامەنووسێک وەکو نووسەر و ستوونووس، یان تەحریر بە نموونە وەربگرین، بەڵام کەمتر بواری نەخشەسازی قسەی لەسەر دەکرێت، کە چۆن بتوانیت ئەم تواناییانە پێش بخەیت و پەرەی پێ بدەیت. سەرەنجام لە ئەنجامی ڕێکخستنێکی ئیداریی باشترەوە، ئەو تابلۆ جوانە بنەخشێنیت، کە هەمان ئەو وزەیەی بۆ بەکاردەهێنیت کە بەبێ بەرنامە لە هێڵکاری و خەتخەتۆکەدا سەرفی دەکەیت. وەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێ کردووە، سەرەنجام هیچ ئامانجێکیشت نەپێکاوە.

## باسی چوارەم:

# دونیابینی هاوبەش لەنێوان سکرتاریەتی نووسین و بەشەکاندا

وەک ئەزموون و وەک نەریتی سەرکەوتووی کار تەحریری ڕۆژنامە و تەحریری هەواڵی ڕۆژنامە، دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

یەکەم: دەبێت ملکەچ بێت بۆ سیاسەتی گشتیی تەحریر (نڤیسکاری) لە ڕۆژنامە و لەگەڵی بگونجێرێت. بۆ نموونە، دەبێ دونیابینی تەگبیرکەرانی ڕۆژنامە ڕوون و بەرچاو بێت، کە بۆچی هەواڵ لە لاپەڕە یەکی ڕۆژنامە دادەنرێتو لە بەرامبەردا بۆچی لە لاپەڕە چوار یان پێنج دانانرێت؟ ئەمە پەیوەندی بە سیاسەت و روئیاوە هەیە بۆ تەحریری ڕۆژنامەیەکی دیاریکراو.

دووەم: ئەگەر سیاسەتێکی تەحریری دیاریکراو نەبێت، هەندێک دۆسیێ هەستیار و مەسەلەی گشتی تێکەڵ و پێکەڵ دەبێت و دەبێتە کۆمیدیای هەڵەکان، وەک شانۆگەرییەکەی شکسپیر ئێژێ.

بۆ نموونە:

شیاو نییە هەواڵی دابەشکردنی ئازوقە لە سنووری قەزایەک درێژتر بێت لە هەواڵی دابەشکردنی ئازووقە لە سنووری پارێزگایەکدا. مەگەر حاڵەتێکی تایبەتمەندی هەواڵیو ڕووماڵی ڕۆژنامەوانی ئەمە بسەپێنێت. شیاو نییە هەواڵی بڵاوبوونەوەی کێشەیەک لە ناحیە یان گوندێک درێژتر بێت لە ڕووماڵی هەواڵی کێشەی گەورەتر لەسەر ئاستی قەزایەکی دانیشتوان چڕوپڕ، کە بایەخی هەواڵی زیاتر و بەرچاو ترە.

## سیاسەتی چێشتخانەی هەواڵ

کەواتە دەبێت درێژیی و کورتیی هەواڵ و ڕاپۆرت لە ڕۆژنامەدا، ملکەچ بێت بۆ سیاسەتی مەتبەخی تەحریر "ژووری هەواڵ و داڕشتنەوەی هەواڵ"، چونکە ڕوو دەدات ڕۆژنامەنووسێک وزە و توانایەکی زۆری داڕشتنو هۆنیەنەوەی هەیە و چالاک و چاپووکە لە کۆکردنەوەی زۆرترین زانیاری لە سەر ڕووداوێک لە سنووری جوگرافیای کارەکەی، یان بە دیووە سەلبییەکەی درێژدادڕ و منجڕە. جا کاتێک ڕاپۆرتێکت بۆ دەنێرێت ڕەنگە گرنگی ئەم ڕووداوە هێندەی ڕووداوێک نەبێت، کە لەسەر ئاستی وڵات ڕوودەدات، کەچی ڕۆژنامەنووسێکی کەم توانا ناتوانێت وەک پێویست ڕووماڵی ڕووداوەکەی لەسەر ئاستی وڵات بکات. لەم حاڵەدا گەرەکە هەردوو ڕاپۆرتە هەواڵەکەی باسمان کردن ملکەچ بن بۆ سیاسەتی داڕشتنی هەواڵ و ڕوئیای سیاسیی ستافی تەحریری ژووری هەواڵ، چونکە سەرەنجام ئەوان کۆی دیمەنی هەواڵەکان بە پێوەری

سیاسەتی دارشتن و تەحریری هەواڵەکان دەبینن و دەتوانن بڕیاری کۆتایی لەبارەوە بدەن. ئەم بەشە بڕیار لەوە دەدات کەچی دەبێتە هەواڵ؟ چی دەبێتە ڕاپۆرتە هەواڵیان ڕیپۆرتاژ؟ ئەوە سیاسەتی تەحریری ڕۆژنامەکە دیاریی دەکات، نەوەک خودی ڕۆژنامەنووسەکان، واتە ڕۆژنامەنووسێک مولتەزمی کارە و دەچێت دیدارێکی پێویست ساز دەکات، کەچی لەولاوە ڕۆژنامەنووسێکی تر کەمتەرخەمە ناچێت بۆ دیدار و لێدوانی پێویست وەرناگرێت. ئێ سەرەنجام بابەتێکی ڕۆژنامەوانی باشت دەست ناکەوێت، بە جۆرێک کە سیاسەتی گشتیی تەحریری ڕۆژنامەکە، کۆی دیمەنی هەواڵ و ڕاپۆرتەکان وەک پێویست ببینێت و بتوانێت ڕووماڵێکی هاوسەنگ دەستەبەر بکات.

ستافی تەحریر دەبێ لە ژووری هەواڵ کۆی دیمەنەکە ببینێت و چارەسەری ڕۆژنامەوانیی هاوسەنگ دروست بکات. ستافی ئیدارەش دەبێ ڕۆژنامەنووسی کەمتەرخەم سەرزەنشت بکات و هی چالاکیش پاداشت بکات. ئاڵوگۆڕیان پێ بکات، یان هەڵسەنگاندنی دروست بکات، کە بۆچی ڕۆژنامەنووسی کەمتەرخەم وا دەکات شاری گەورەی پڕ چالاکی ببێتە کوێرە دێیەک و ڕۆژنامەنووسی ئازا وا دەکات گوندێکی ئاوەدانیش ببێتە پایتەختی چالاکی بەردەوام. سزاو پاداشت ئەرکی ئیدارەیە و ڕووماڵی هاوسەنگیش ئەرکی دیسکی هەواڵ و دیسکی تەحریرە، کە ڕوئیای گشتی لە ئاستی وڵات دابین بکات

سێیەم: سکرتاریەتی نووسین، جا یەک سکرتێر بێت، یان چەند سکرتێرێکی نووسین، ئەمان ئەم پارچە جیاجیایانەی

بابەتەکانی ڕۆژنامەکە کۆدەکەنەوە و لە یەک تابلۆی گەورەی موتەکامیلدا ڕێکی دەخەنەوە، کە لە ڕووی بۆنە و کاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیرییەوە گرنگن.

بۆ نموونە:

لاپەڕەی یەکی ڕۆژنامە  بە مانشێتی گەورە باس لە گرنگیی پەیوەندییەکانی کوردستان و ئەورووپا دەکرێت گوایە:

"حکومەتەکەی سەرۆک ماکرۆن داکۆکی لە کورد دەکاتو لە دیداری لەگەڵ بەرپرسانی عێراقدا پێی وتوون پێویستە ئەم مافانەی لە دەستووری عیراقدا بۆ کورد دابین کراون بپارێزرێن. یان بەرگریی لە کوردی ڕۆژئاوا دەکات و دەڵێت پێویستە ناوچەی دژە فڕینیان بۆ دابین بکرێت"،

کەچی:

لە هەمان کاتدا بە ڕێکەوت بێت یان بە مەبەست، لە دووتوێی ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەکەتدا ڕیپۆرتاژێکت هەبێت "لەسەر شکستی ئەدەبی فەڕەنسی و ئەدەبی ڕۆژئاوا لە چاو ئەدەبی تورکی لە ڕۆمان دا"!

خۆ ڕەنگە ئەمە واقعێک بێت. ئەو کەسەی تەحریری بەشی ئەدەبی دەکات ئەمەی ئاشکرا کردبێت، کە ئەدەبی ڕۆژئاوا و فەڕەنسا لە پاشەکشێدایە! بەڵام ئەم بایەخە دیپلۆماسییەی لە لاپەڕەی سیاسەت بە سیاسەتی ئەورووپاو فەڕەنسای دەدەیت، یەکسان نییە لەگەڵ ئەو ڕیپۆرتاژەی لە بەشی ئەدەب و هونەر، بە ڕێکەوت یان بە خراپی، ئەدەبی فەڕەنسی وەک سووک هەڵدەسەنگێنێ.

وەکو ئەوە وایە کە بڵێیت، سوپاستان دەکەین ئەوەتان بۆ

کردووین، بەڵام فەرهەنگ و ئەدەبەکەتان بەم جۆرە خراپە!!
بێگومان ئەو ڕاپۆرتەی دەڵێت، دۆخی ئەدەب و سینەمای ئەورووپی، یان دۆخی ڕۆمان و ئەدەبەکەی بە گشتی خراپە، هەر دەبێت بڵاوببێتەوە، چونکە ئەگەر قەوماوە دەبێ ئاماژەی بۆ بکەیت، بەڵام مەرج نییە هەمان ئەو ڕۆژەی باس لە بایەخی سیاسیی فەڕەنسا بۆ مەسەلەی کورد دەکەیت، زەمی ئەدەبو کەلتووری وڵاتانی ئەورووپا بکەیت. ڕۆژەکانی خوا زۆرن! با ڕۆژێکی دیکە ئەو بابەتە دابنرێت، زۆر ئاساییە. دوای ئەوەی باسکردن لە سەنگ و دەنگدانەوەی سیاسی بایەخدانی فەڕەنسا و ئەڵمانیا و ئەورووپا بە دۆزی کورد تێدەپەڕێت، ڕۆژێکی تر دێیت لەسەر لایەنە جیاجیاکانی کەلتووری ئەورووپا دەنووسیت و ڕەخنەی دەکەیت. پەلەت چییە؟
هەمان ئەو تێز و تێڕوانینە زۆر گرنگە بۆ هەموو بوارەکانی دیکەش:
دۆسێیەکت هەیە سەبارەت بەوەی، کە "پێویستە کوردستان ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ".
ناشێت لە دوا لاپەڕەی هەمان ژمارە ڕاپۆرتێکت هەبێت لەسەر گرنگیی چاڵغی بەغدادی بۆ کوردستان! خۆ گومانی تێدا نییە، چاڵغی بەغدادیش کارێکی جوان و خۆشیشە، بەڵام ئەوە بۆ کاتێک باشە، کە لە ڕۆژنامەکەتدا بڵێین چاکە ئێمە لە چوارچێوەی عیراق بمێنینەوە و هەوڵی گرنگیدان بە کەلتوورو کەلەپووری یەکتری بدەین، کە یەکێک لەوانە چاڵغی بەغدادییە.
تۆ ناتوانیت هەر بابەتە و بۆ بەشێک دابنێیت و بەجێی

بهێڵێت بۆ ئیجتهادی ناشییەک، بەڵکو پێویستە ئەو پەیوەندییە هارمۆنیکییە هاوئاوازە بە کۆی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەوە دیار بێت، ئەو کاتە وەک دیمەنی تابلۆیەکی هاوسەنگ دەچێتە بەرچاوی خوێنەر.

**نموونە بەڵگەیە**

با ئەوەش بە نموونە وەربگرین:

ڕۆژی هەشتی مارس ڕۆژی ژنانی جیهانە، بەو بۆنەیەوە لەسەر گرنگیی خەباتی ژنان قسە دەکەیت و دەڵێیت ژنانی کورد لە ڕیزی خەباتی ژنانی جیهاندا بەم شێوەیە کارو کۆشش دەکەن، بەڵام نەشیاوە لە لاپەڕەی هەمەڕەنگدا ڕاپۆرتێکت نوکتە لەسەر لاوازیی ژنان بەرامبەر مشک دەربخات و بە جۆرێک لە جۆرەکان گاڵتە بە ژنان بکات!

بۆیە کۆی دیمەنی ئەم تابلۆیە زۆر گرنگە، کە هاوئاوازیو هاوسەنگیی تێدا بێت، چونکە ئەگەر ئەمە نەکەیت، تووشی شکست دەبیت، کۆی تابلۆکەت هاوسەنگ دەرناکەوێت و بە پێچەوانەوە ئەم دەنگ و ڕەنگە نەشاز دەردەچێت و جێگەی خۆیان لە دڵ و گوێ و چاوی خوێنەر ناکەنەوە.

بۆ نموونە:

ڕۆژی زمانی دایک تۆ دەتەوێت ڕاپۆرتێک لەسەر گرنگی و بایەخی زمانی کوردی بکەیت، کە چۆن بە درێژایی مێژوو ڕۆڵی بینیووە لە پاراستنی نەتەوەی کورددا، بەڵام لە لاپەڕەکانی ناوەوە گاڵتە بە زمان و دیالیکتی ناوچەیەک بکەیت لە چاو ناوچەیەکی دیکەدا، ئەمە نەشازە و هیچی لێ شین نابێت. لە کۆی پرۆسەی تەحریر و داڕشتنەوە و

بڵاوکردنەوەی بابەتەکاندا گرنگە ڕەچاوی ئەم هاوسەنگییە بکرێت.

ئەستەمە لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەدا قسە لەسەر جینۆسایدی ئێزدییەکان بکەیت، بەڵام لە ناوەوە وتارێکت هەبێت باسی خراپیی ئایینی ئێزدی بکات، بە ناوی ئەوەی ڕەخنە لە ترادیسیۆنە ئاینییەکان دەگریت. خۆ دەکرێت ڕەخنە لە کۆی ترادیسیۆنە ئاینییەکان، بە هی ئێزدیشەوە بگریت، بەڵام ناکرێت لە ڕۆژێکدا ئەو ڕەخنەیە بگریت، کە ڕۆژی جینۆسایدی ئێزدییەکان بێت.

ئەم هاوئاهەنگیی و پەیوەستییە گشتییە هەقە لەناو ڕۆژنامەدا هەبێت، ئەوەش کە ئەم پەیوەندییانە پێکەوە گرێدەداتەوە، وەک هەمیشە، سکرتاریەتی نووسینە، چونکە هەر بەشێک لە ڕۆژنامەکە بۆ خۆیان کۆنفیدڕالییەتێکی سەربەخۆن، ئەگەر بمانەوێت لە سیستمی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەدا جۆرێک لە دیموکراسی پیادە بکەین، بەڵام ئەوەی سەرەنجام دەتوانێت سیاسەتی ئەم کۆنفیدڕالیانە ڕێک بخات و پێکەوە بیان گونجێنێت، سیاسەتی خیتابی مەرکەزیی ڕۆژنامەکەیە، کە زمان، ڕوئیا و توانا یەک دەخات.

بۆ زمان و ڕێنووسیش، ناکرێ وا نەکەین. ناشێت تۆ لە لاپەڕەی یەکەم و دووەمدا دوو (ێ) بەسەر یەکەوە بنووسیتو لە پەڕەکانی ناوەوە دوو (ێ)یەکە بە جیاجیا بێت! یان لە لاپەڕەی یەکەمدا بە شێوەزاری شوێنێک دەنووسیتو لە لاپەڕەیەکی دیکەدا بە هی دیکە بینووسیت، لە کاتێکدا ئیدیعای ئەوە دەکەیت، کە دەتەوێت زمانێکی هاوبەش و یەکگرتووی کوردی دروست بکەیت لە ڕۆژنامەکەدا.

ئەمەش بە دوو لایەن دەکرێت. هەرچی ڕوئیای سیاسیی ڕۆژنامەکەیە بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکە ڕێکی دەخەن و دایدەڕێژن، ئەمە لەو کۆبوونەوانەدا ڕێک دەخرێت، کە بەڕێوەبەرەکانی ڕۆژنامەکان دەیکەن، یان لەو ڕێنمایی و کەتەلۆکانەدا دەنووسرێتەوە، کە لە جێی پەیڕەوێک دەکرێتە نەخشە ڕێگەی کارکردن. ئەوەش دواجار دەری دەخات، کە هەماهەنگیی سکرتێری نووسین و بەرپرسی بەشەکان لە چ ئاستێکدایە بۆ ڕێکخستنی ئەو دیوەی کاری ڕۆژنامەنووسی.

**پەراوێزی تەحریر**

لێرەدا پێم خۆشە نموونەیەکی کرداری لە ئەزموونی ڕۆژنامەوانیی خۆم بێنمەوە لە ڕۆژنامەی ئاسۆ و دەزگای خەندان بۆ پەخش و وەشاندن. دیتم کە بەشی هەواڵی ڕۆژنامەکە لە لاپەرە یەک بە وێنە و باسی تێروتەسەلەوە لەسەر سەردانێکی سەرکۆمار مام جەلال بۆ پاریس و دیداری لەگەڵ سەرۆکی ئەو کاتەی فەڕەنسا: نیکۆلای سارکۆزی، ڕاپۆرتان دەدا، کە ئەو ڕاپۆرتە شایانی سەرکۆماری کورد و شایانی دۆستایەتی کورد و فەڕەنسا و عیراقی دیموکرات و فیدڕالیش بوو، پێش ئەوەی بەغدا و ئێمەش لێک تەوەللا بین.

وێنەی هەردوو خانمی یەکەمیش لەگەڵ هەردوو سەرۆک پێکەوەن لە کۆشکی ئەلیزێ، وەک گوزارشتێکی نموونەیی، کە عیراقەکەی کورد پێچەوانەی عێراقەکەی شیعە نزیکترە لە فەڕەنسا و مۆدێلە مۆدێرنەکەی.

تا ئێرە کارەکە نایابە، بەڵام لاپەرەی کۆتایی هەمەڕەنگ

هەواڵێکی سەرنجڕاکێشی تێدایە. سەرنجم دا لە دوا لاپەڕەش باس هەر باسی فەڕەنسایە، بەڵام لە کایەی ئارەزووی هونەری کارلا برۆنی خێزانی سارکوزی بەوەی گەرەکێتی گۆرانی بێژێ و چالاکیی هونەری خۆی پەرە پێ بدات. هەواڵی هەمەڕەنگ دەڵێ ئەم کەینوبەینە هونەرییە کێشە دەخاتە نێوان سارکوزی و براژنە کارلا. هەڵبەتە تا ئێرە هەواڵ و وردەکارییەکەشی ئاساییە و ئەوە هونەری فەڕەنسی و ئەوەش کێشەی نێوان سیاسەت و هونەرە لە فەڕەنسا و ئیمپراتۆریای میدیای مەردۆخی و گۆڤار و ڕۆژنامە بۆر و زەردەکانی پڕە لە حیکایەتی وا، بە ڕەسم و نقێم و تیفتیفەوە. ئەوەی کێشەیە لێرە کات و ساتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی سیاسیی لاپەڕە یەک و لاپەڕەی هەمەڕەنگە. هەر بابایەکی بەرپرسی لاپەڕە و لاپەڕەی خۆی ئامادە دەکات، بەڵام سکرتێری نووسینی وریاو زیرەک ئەم دوو دۆسێیە تێکەڵ ناکات، تا هەردوو دیمەن لە زهینی خوێنەر تێکەڵ نەبێت. دەکرێ هەواڵی هونەری و هەمەڕەنگی وا، کە سەر ناشکێنن بۆ ڕۆژی تر دوا بخرێت و بە تێروتەسەلتر و دەستەڕییەکی هەمەڕەنگ ئامێز زیاتریشی لەسەر بنووسرێت، بەڵام لە ڕۆژێکی وا کە حورمەتگرتن لە سەرۆکی فەڕەنسا و لە سەرکۆماری کوردیش تێکەڵ بە نوقرچەگرتنی سیاسەت و هونەر و بەزمەکانی لە وڵاتی ئەفرەنجەکان نەکرێت. سکرتێری نووسین بە دواخستنی هەواڵی کۆتا لاپەڕە هەم:

- ئەرکێکی سەنگینی سیاسی و ڕۆژنامەوانی و دیبلۆماسیی ڕایی دەکات.

- هەمیش زیهنی خوێنەر لەنێوان وێنەی فەڕەنسای

دۆستی سیاسی کورد و فەڕەنسای بەزم و ڕەزمی خۆیان، تێکەڵ ناکات.

– لەوەش گرنگتر هەواڵە هونەرییەکەش قەدەغە ناکات و ڕاستی سیاسەت و هونەر لە فەڕەنسا ناشارێتەوە، بەڵام موعالەجە (چارەسەری ڕۆژنامەوانیی) دەکات، بۆ ڕۆژێکی تری هەڵدەگرێت.

سکرتێری نووسین، کە ئەم تێبینییەی وەرگرت، ڕاستەوخۆ تەنسیقی نێوان لاپەڕەکانی کرد و هەواڵەکەی وەک خۆی، بەڵام لە ڕۆژێکی تردا، بڵاوکردەوە و لەم چارەسەرییە نموونەییەشدا سەرکەوتوو بوو، هەم هەماهەنگی و یەکدەستی لە ڕۆژنامەکە دابین کرد، هەمیش خوێنەرانی بێبەش نەکرد لە هەواڵ و فانتازیای هونەری لە فەڕەنسا.

باسی پێنجەم:

# کەوڵکردنی بیرۆکەی میدیایی

مەبەستمان چییە لە کەوڵکردنی بیرۆکەی میدیایی؟

دەمەوێت لێرەدا نموونەیەک بهێنمەوە. ئەو کەسە هەژارەی بزنێک یان مەڕێک دەکڕێت، پێویستی بە هەموو بەشەکانییەتیو بەکاری دەهێنێت؟ جگە لە گۆشتەکەی، جگەرەکەی بە جیا دەخوات، سیقەتۆرەکەی بە جیا دەخوات، خورییەکەی بۆ مەبەستێک و پێستەکەی بۆ شتێکی تر بەکاردەهێنێت، یەک ئاژەڵە کە سەری دەبڕێت، بەڵام بە چەندەین شێوە بەشەکانی بەکاردەهێنێت!

تۆ وەکو ڕۆژنامەنووسێک، کە لە ڕۆژنامەیەکدا کار دەکەیت، گرنگە ئەوەت لەبیر بێت، کاری ڕۆژنامەنووسی کارێکی بەکۆمەڵ و دەستەجەمعییە، وەک لە چەند شوێنێکی دیکەدا ئاماژەم پێ کردووە، هاوکات کارێکی دەگمەنیشە کە نابێت بیرۆکە و ئەندێشەی ڕۆژنامەنووسی بەهەدەر و بەفیڕۆ بدرێت، وەکو چۆن نابێت پارە یان کارەبا بەفیڕۆ بدرێت، بەڵکو پێویستە بیرۆکەش دەستی پێوە بگیرێت و کەوڵ بکرێت و بە شێوازی جیاجیا سوودی لێ ببینرێت و

بەکار بهێنرێت.

لەبەر ئەوەش کە کاری ڕۆژنامەنووسی دەستەجەمعییە، دەتوانیت بیرۆکەکە لەگەڵ هاوڕێکانت لە کاری ڕۆژنامەکەدا ئاڵوگۆڕ بکەیت.

بۆ نموونە، سەبارەت بە کەشوهەوا هەواڵێکت دەست دەکەوێت، وەکو زانیاریی لە ڕۆژنامەکەتدا دای دەڕێژیتەوەو بڵاوی دەکەیتەوە. لە هەواڵەکەدا ئاماژە بەوە دەکەیت، کە "ئەم هەفتەیە شەپۆلێکی سەرمای سەخت ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکات"، دواتر کاری خێر لەسەر کەوڵکردنی ئەم هەواڵە دەست پێ دەکرێت. خۆت، یان هاوڕێیەک، یان هاوکارێکت دێن لەسەر بنەمای ئەم هەواڵە ڕاپۆرتێک ئامادە دەکەن، وەک ئەوەی ئەو شەپۆلە سەرمایەی بەڕێوەیە چۆن کاریگەریی لەسەر کەسابەتی هاووڵاتیان دەبێت؟ چۆن کاریگەریی لەسەر دەوامی ڕەسمی دەبێت لە ناوچە کوێستانەکاندا؟ چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕێگەوبانەکان دەبێت، کاریگەریی لەسەر خزمەتگوزارییەکانی حکومەت چی دەبێت؟ کەسێکی تر دێت ڕیپۆتاژێک دەکات لەسەر ئەوەی کە تێکچوونی کەشوهەوا و هاتنی ئەو شەپۆلە سەرمایە چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر سیاسەتی گشتیی وڵات لە ڕووی ئابووری، سیاسی، ئەمنی و....هتد، چ لەناو خۆیو چ لەگەڵ دەر و دراوسێکانی، واتا ئەو هەواڵەی سەرەتا بۆتە تەوەری سەرەکی، دەتوانیت بە شێوەی جیاجیا کەوڵی بکەیت و کەڵک لە بەشە جیاجیاکانی وەربگریت.

لە سەروو هەموو ئەوانەشەوە کە هەواڵێک بۆتە بابەتی ڕاپۆرتی کەسێک و ریپۆرتاژێکی فراوانتر، تۆ دێیت ستوونێک

دەنووسیت لە ئەنجامی بیرۆکەی هەواڵەکە و ڕاپۆرتەکە و ریپۆرتاژەکەوە، بیرۆکەیەکی سیاسیت بۆ بێت، کە پەیوەندی بە کەرتی گەشتیارییەوە هەبێت، یان بیرۆکەکە پەیوەست بێت بە سوودوەرگرتن لە سروشتی جوانی کوردستان. ئەم بیرۆکانە سەرەنجامی ئەو هەواڵە بۆت دێت، کە وەکو تۆپەڵە بەفر تا غلۆربێتەوە گەورەتر دەبێت و شتی دیکە لەخۆیەوە دەئاڵێنێت و فراوانتر دەبێت. چونکە دوای هەواڵ و ڕاپۆرتو ڕیپۆرتاژ و ستوونەکە، ڕەنگە بیرۆکەیەک بۆ هاوڕێیەکی ڕۆژنامەنووسی تر دروست ببێت و بچێت دیدارێک لەسەر تەوەرەکانی ناو ئەو هەواڵ، ڕاپۆرت، ڕیپۆرتاژ و ستوونە بکات و کەلێنە بەجێماوەکانیان بکاتە تەوەری چەند پرسیارێک لە چەند کەسێکی تایبەتمەند و پسپۆر، تا پێکەوە هەموو ئەو لایەنانە بخرێنە ڕوو، کە جگە لە ڕۆژنامەنووس ڕەنگە خەڵکی ئاسایی پەی پێ نەبەن، بەڵام سەرەنجام وەڵامەکان دەگەیەنێتەوە بە خوێنەر، کە بۆ نموونە هاتنی ئەو شەپۆلە چ کاریگەرییەکی بۆ سەر گەشەی بازرگانی دەبێت؟ یان کەرتی گەشتوگوزار چ زیانێکی لێ دەکات؟ یان چۆن ئەو کەشوهەوایە بە قازانج بۆ کەرتی گەشتیاری بشکێنرێتەوە. ڕیپۆرتاژی وا دەشێت لە لاپەڕەی ئاربووریيدا بڵاوی بکەیتەوە.

کەوڵکردنی بیرۆکە بە دوو جۆرە، چ ستوونی و چ ئاسۆیی. بۆ نموونە، چەند ڕۆژنامەنووسێک لەسەر ئەو بیرۆکەیە کاردەکەن و دەنووسن، هاوکات دەشێت هەر ڕۆژنامەنووسێک خۆی لەسەر ئەو بوارانە کاری جیاجیا و کەوڵی جیاجیا بکات.

ڕۆژنامەنووسێک دەچێتە دەرەوەی وڵات بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەیەک لەسەر وزە. ڕۆژنامەنووسەکە کە دەچێتە ئەویَ، یەکەم شت هەواڵ دەنێرێت لەو شوێنەوە کە لێیەتی، دواتر لەسەر کۆی کاری کۆنگرەکە ڕاپۆرت دەنێرێت، سێیەم کۆمەڵێک دیدار دەکات لەگەڵ کەسانی جیاجیای پسپۆڕی بواری وزە و لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێتەوە. کاتێک لە گەشتەکەی گەڕایەوە، بە شێنەیی تر ئامادە و پاکنووسی دەکات و بڵاوی دەکاتەوە.

خۆ ئەگەر رۆژنامەنووسێک پیشەیی بێت لەو بوارەدا، ڕەنگە بتوانێت لە ئایندەدا کتێبێکیش لەسەر ئەو بابەتی وزەیە بنووسێت. واتە دوای هەواڵ، ڕاپۆرت، ڕیپۆرتاژ و دیدارەکان، کە لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوی کردوونەتەوە، ئەو سەرەقەڵەم و تێبینیانەشی بۆ ئیزافە دەکات، کە لە ماوەی کۆنگرەکەدا لای خۆی تۆماری کردوون و ڕەنگە لە ئایندەدا لە دیدی ڕۆژنامەنووسێکەوە کتێبێک بنووسێت لەسەر وزە لە کوردستاندا، قەینا کتێبەکەی ئەکادیمی نەبێت، چونکە داوای ئەوە لە ڕۆژنامەنووس نەکراوە نووسینەکەی ئەکادیمی بێت، بەڵکو گرنگە بە تەکنیکی ڕۆژنامەنووسی زانیارییە بەدەستهاتووەکانی لەو بوارەدا بگەیەنێتە خوێنەران. کاتێکیش ئەو کتێبە چاپ و بڵاودەکرێتەوە، کە ڕەنگە ڕۆژنامەکە خۆی ئەرکی چاپکردنی بگرێتە ئەستۆ، یان ڕەنگە خانەیەکی چاپ و بڵاوکردنەوە چاپی بکات ، بۆ ڕۆژنامەکەش مایەی خۆشحاڵی دەبێت، کە ناوی نووسەرێک یان ڕۆژنامەنووسێکی وەکو نووسەری کتێب دەردەکەوێت و لۆگۆی ڕۆژنامەکەش دێتە ناوانەوە. ڕەنگە لە دوای

ئەوەشەوە ئەو ڕۆژنامەنووسە لە چەندین کۆڕ و سیمیناردا لەو بارەیەوە ئامادە دەبێت و ئاماژە بەوە بدات، کە ئەو بەشداریی ئەو کۆنگرەی کردووە و لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بە ناوەڕۆک و ئامانجی کۆنگرەکە لە بارەی وزەوە کردووە. ئەمە واتا تۆ بە چەند شێواز و جۆرێک ئەو بیرۆکەیەی هاتووە بەکاری دەهێنیت و کەوڵی دەکەیت و هەندێک جاریش بەخێوی دەکەیت و گەورەتری دەکەیت. وەکو تۆوێک وایە دەیخەیتە خاکەوە و ئاوی دەدەیتو خزمەتی دەکەیت، سەرەنجام تۆ بیرۆکەکە گەورە دەکەیت.

گەورەکردن و کەوڵکردنی بیرۆکە بۆچی باشە؟

بۆ ئەوە باشە وا بیربکەینەوە، کە بیرۆکە نامێنێت لە دونیادا، چونکە ئەگەر بیرۆکەی ڕۆژنامەنووسیانە بە سامانێکی نیشتمانی تەماشا بکەین، لە کاتێکدا باس لەوە دەکرێت نەوت لە داهاتوودا نامێنێت، یان ئاو بەرەو کزیی دەڕوات، بۆچی پێمان وانەبێت، کە دەشێت ئێمەی ڕۆژنامەنووس ڕۆژێک لە ڕۆژان بیرۆکەمان نەمێنێت؟ بۆ ئەوەی بیرۆکەمان نەمێنێت و بەردەوامیش بین لەسەر کاری رۆژنامەنوسیی خۆمان، زۆر گرنگە کە ئێمە ڕۆژانە بیرۆکە لە دەفتەری تێبینی خۆماندا بنووسینەوە. زۆر ڕۆژنامەنووس پشت بە یادەوەریی خۆی دەبەستێت لەم بوارەدا، ڕەنگە زۆرجار بیرۆکەی هەبێت یان بۆی بێتە پێشەوە، بەڵام لەبەر زەحمەتیی کار و قەرەباڵەغی ئەو بیرۆکانەی لە مێشکیدایە نەینوسێتەوە. بۆیە ڕۆژی واش هەیە بێکار دانیشتووە یەک بیرۆکەی بە مێشکدا نایەتو بۆی نانووسرێت، بۆیە جا ئەو کاتە بە گەڕانەوە بە دەفتەری قەرزی کۆندا، بەو بیرۆکانەدا

که تۆماری کردوون، دەتوانێت بیهێنێتەوە پێشەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان کاری ڕۆژنامەنووسییان لەسەر بکات.

سەرەنجام ئەو بیرۆکەیە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان تۆماری کردووە، دەبێتە بەرهەمێکی ڕۆژنامەنووسی، چ بۆ خۆی و چ بۆ ئەو ڕۆژنامەیەی کاری تێدا دەکات. زۆر گرنگە کە سیاسەتی کەوڵکردنی بیرۆکەی ڕۆژنامەنووسی لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا پیادە بکرێت، ئەمە زۆر یارمەتیدەرە کە ڕۆژنامەیەک دێت بیرۆکەیەک دەخاتە ڕوو و هەواڵ، ڕاپۆرت، ڕیپۆرتاژ و دیداری لەسەر دەکات، ڕەنگە تەلەفزیۆنێکیش بێت کە نزیکە لە ئۆرگان و بەشی ئەو ڕۆژنامەیەوە، کورد وتەنی، بە قیمەت یان بە هیممەت بێت ئەو بیرۆکەیە ببات و بەرنامەو ڕاپۆرتی لەسەر بکات.

بەمەش بیرۆکەکە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەوە دەگوازرێتەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، کە بواری تەلەفزیۆن یاخود ڕادیۆیە، یان بواری سۆشیال میدیا و سایت و تۆڕی ئینتەرنێتە.

دەست بە بیرۆکەکانەوە بگرن.







ساڵۆنی نڤیسکار (تەحریر)و
ساڵۆنی دیزاین پێکەوەبن
یان بە جیا لە کرداردا
یەک نیتۆرکی هاوبەش
کۆیان دەکاتەوە. (وێنەکان
ئەرشیفی کوردستانی نوێ)





**مارکێتین و رمین پەیداکردن بۆ ڕیکلام و بازاڕکردن بۆ ڕۆژنامە پەیداکردنی سەرچاوەی دارایی شارەزایی عەمەلی و خولی تواناسازی دەوێت. (وێنە ئەرشیفی خولەکانی کوردستانی نوێ)**






هەر ڕۆژنامەیەک یان دامەزراوەیەکی ڕۆژنامەوانی
ئەگەر چاپخانەیی هەبێ پێویستە جەدوای ت-- لێک بدات.
(ئەرشیفی چاپخانەی کوردستانی نوێ)






کۆششی دیزاین پێویستی بە
بەرنامەی شەش مانگی و
بیرۆکەی نوێش هەیە.





## فەسڵی سێیەم

# ڕۆژنامەگەریی ئەدەبی و کەلتووری

**باسی یەکەم:**

# فەرهەنگ و کەلتوور
# لە کایەی ڕۆژنامەنووسیدا

بەشی فەرهەنگ و کەلتوور لە هەندێک جومگەدا لەگەڵ بەشەکانی هەمەڕەنگ و بەشەکانی دیکەی هونەرە جوانەکاندا یەک دەگرێتەوە. لە هەندێک جومگەشدا لێیان جیا دەبێتەوە، لە هەندێک جومگەشدا ئەم بەشانەی ئەدەب و هونەر و کەلتوور، وا دێنە پێشچاو کە بەشێکی تەواوکەریان خشڵو زێڕی کاری ڕۆژنامەنووسی بێت، کە لە ڕاستیدا وانییە، چونکە زۆر گرنگە لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا ئەم بەشانە ڕەچاو بکرێن.

ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان لەبەر تینوێتی سیاسیی پێشین، زۆربەیان سیاسین، مەسەلەی سیاسی زۆر بە گرنگ وەردەگرن. ڕۆژنامەکان، کە سیاسی – گشتین، زۆرتر دەچنە بواری سیاسەت و کەمتر گرنگی بەو بوارە فەرهەنگی و کەلتوورییانە دەدەن، لە کاتێکدا ئەم "گشتی"یە بە واتای ئەوە دێت ٥٠٪ی ڕۆژنامە یان گۆڤارەکە بۆ سیاسەتە، ٥٠٪ەکەی دیکەشی بۆ شەئنی گشتییە، ئەو

کەموکوڕییە لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا لەناو بزووتنەوەی سیاسیشدا ڕەنگ دەداتەوە، کە ئەوەش بە کەم سەیرکردنی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ناو کۆمەڵگەیە.

### سۆفتپاوەری فەرهەنگ و کەلتوور لە ڕۆژنامەدا

بە بڕوای من، بەشی فەرهەنگ و کەلتوور، کە کایەی هونەرە جوانەکانیشی تێ دەکەوێت، (سۆفتپاوەر)ە ، ئەم هێزە نەرمانە درەنگ شوێنەواریان دەردەکەوێت، بەڵام زۆر کاریگەر دەردەکەون. هەر خۆی چەمکی سۆفتپاوەرەکە زۆر درەنگ دەردەکەوێت و ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام دەرکەوتنەکەی زۆر قووڵە. دەرکەوتنی ڕۆژانە یان بەردەوامی ئەم بەشی فەرهەنگ و کەلتوورە، لەگەڵ ڕۆژنامە یان گۆڤارەکاندا، بە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ تەماشا ناکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانە دەبن بە هێزێکی نەرم بۆ پاراستنی ناوبانگی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و پێدانی سەنگ و قورساییەکی تایبەت، کە لە کاتی ڕۆژانەییدا هەستی پێ ناکرێت، بەڵام دوای ماوەیەکی زەمەنیی دوورمەودا ئەم فەرهەنگە دەبوژێتەوە و دەبێتە شانازی ڕۆژنامە. ئەو کاتەی ڕۆژنامە ئەزموونی خۆی و ئەو ڕووداوە سیاسییانە هەڵدەسەنگێنێت کە قسەی تێدا کردوون و ڕاپۆرتی لەسەر بڵاوکردوونەتەوە، ئیتر ئەو ئەستێرە جیاجیایانەی سیاسەت، کە بە چاک و خراپ کەسایەتیی گرنگن لەناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، تارماییەکەیان پاشەکشێ دەکات و کاڵ دەبێتەوە، ڕێک ئەو کاتە ئەو بایەخەی بواری فەرهەنگ و کەلتوور لەناو خودی ئەو ڕۆژنامەیەدا لە کونجێکی ئەرشیفاندا دەردەکەوێتەوە و

دەدرەوشێتەوە.

کێشەکە هەر ئەوە نییە، کە دیدی خەڵک بۆ سیاسەت چۆنە و بۆ بوارەکانی دیکەی ژیانیش چۆنە؟ بەڵکۆ بەداخەوە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان خۆشیان بە شێوەیەکی گشتی ئەم بەشانە بە شتێکی لاوەکی سەیر دەکەن. بۆیە ڕەنگە لە پێدراوەکانی توانا و وزەی ڕۆژنامەنووسەکاندا، ئەو کەسانەی بۆ ئەم بەشانە تەرخان دەکرێن، وا دێتە بەرچاو کە "خراپترینەکان یان کەم تواناترینەکان"بن لە بواری بەشە جیاجیاکانی کاری ڕۆژنامەدا.

ڕۆژنامەیەک باشترین موحەڕیرەکانی بۆ بەشی سیاسەت تەرخان دەکات و کەمی ئەو توانایانە بۆ بەشە هەرە جەوهەرییەکان، وەک فەرهەنگ، کەلتوور، هەمەڕەنگ، زانست، ئای تی، وەرزش، ئابووری و....هتد، دەخرێنە گەڕ. هەر ڕۆژنامەو گۆڤارێک بە نموونە بگرین، لە بەش و ژوورەکانیدا، بەشی سیاسی وەک وەزارەتی سیادی لە حکومەتدا تەماشا دەکرێت و بەڕێوەبەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی بەشەکەش، وەک وەزیر و کارمەندی وەزارەتی سیاسی، سەیریان دەکرێت، بەشەکانی تریش وەک خوارترن.

بەداخەوە ئەم هۆکارە وای کردووە، ئەم بەشە جەوهەرییانە، کە فەرهەنگ و کەلتوورە، زۆر کەم گەشە بکەن و بەرەوپێشەوە بڕۆن، مەگەر چۆنها خەڵکانێک لێرە و لەوێ هەڵکەون، کە ببنە تایبەتمەندێکی ئەو بوارە. لەکاتێکدا لە ڕۆژنامەنووسیی وڵاتانی دەورەبەرماندا، باشترین شاعیرەکان، نووسەرەکانو هونەرمەندەکان لەم بەشانەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا کاردەکەن، چونکە ئەوان گرنگیی

ئەم کایەیە دەزانن، چەندە گرنگە ڕۆژنامە یان گۆڤارێک باشترین قەڵەمەکانی بواری سیاسی لەخۆی کۆبکاتەوە کە ئەزموونێکی سیاسیان هەیە، ئاواش ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ئەو کەسانە هاندەدەن کە لە بواری فەرهەنگ و کەلتووردا ئەستێرەن و ناسراون، تا کار بۆ بەشەکانی ئەدەب و هونەر بکەن.

ئەگەر لانیکەم ئەزموونی ڕۆژنامەنووسی کوردستانی بە نموونە وەربگرین، جیاوازی ناکرێت لەنێوان دەقە ئەدەبی و شیعریی و فەرهەنگییەکان (داهێنانی ئەدەبی و فەرهەنگی) لەگەڵ کارکردن لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بۆ بوارەکانی کەلتوور و فەرهەنگ. واتە جیاوازی ناکرێت لە نێوان دارشتنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتی ئەدەبی و کەلتووری بە شێوەی کاری ڕۆژنامەنووسیانە لەگەڵ خودی دەقە ئەدەبییەکەدا.

بۆیە زۆربەی جار ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کە دەردەچن، بەشەکانی ئەدەب و هونەریان وەک بەشێک لە ئەدەبی کۆمەڵگە دەبینرێت، نەک وەک بەشێک لە تەحریری ڕۆژنامەنووسیانەی بواری ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی و فەرهەنگی.

### موحەڕیری ئەدەبی و کەلتوور

بە شێوەیەکی گشتی، پرۆفیشناڵ و پیشەییەکانی بواری کەلتوور و فەرهەنگ لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا زۆر کەمن. هەروەک چۆن لە ڕووماڵ و شرۆڤەی وەرزشی، یان لە کایەی ئابووری و زانستیدا موحەریر و کارمەندی

لێهاتوومان کەمە. دەبینین جگە لە بوارە سیاسییەکە لە هەموو بوارەکانی دیکەدا موحەڕیرمان کەمە.

بێگومان موحەڕیری ئەو بەشانەی فەرهەنگ، وەرزش، ئابووری و زانست لە کۆری کار و خزمەتیاندا میانە پەیدا دەکەن و دەبنە دەستەخوشک و برای ئەو حەریفانەی لەو بوارانەدا کار دەکەن، دەبنە دۆست و هاورێی ئەدیبو هونەرمەندەکان، دەبنە دۆست و هاورێی ئابووریناس و وەرزشکار و زانستخوازان، بەڵام نە ئەو ڕۆژنامەنووسە دەبێتە بەدیلی ئەوان، نە ئەوانیش دەبنە بەدیلی ئەو. واتە موحەڕیرێکی ئابووری نابێتە بەدیلی ئابووریزانێک، بە پێچەوانەشەوە ئەوانیش ناتوانن ببنە بەدیلی موحەڕیرەکە. ڕەنگە ببنە هاوکاری و وتار و ستوونی بۆ بنووسن، شرۆڤەی بۆ بکەن، ڕاوێژی پێ بدەن، بەڵام کەسیان نابنە بەدیلی یەکتر. بە هەمان شێوە ڕەنگە شاعیرێک، ئەدیبێک، هونەرمەندێک بتوانێت هاوکاری گۆڤار و ڕۆژنامەکان بکات، جا بە نووسینی ستوونێک، یان بە پێدانی زانیاریی و ڕاوێژ، یاخود بە هەڵسەنگاندنی دەقێک، یان ڕەخنەیەکی ئەدەبی و هونەریی، بەڵام ناتوانێت ببێتە بەدیلی موحەڕیرەکە و بە پێچەوانەشەوە موحەریرەکە ناتوانێت ببێتە بەدیلی ئەو ئەدیبو هونەرمەندانەی حەریفی بەهرەکەی خۆیانن.

ئەو پەیوەندییە ئۆرگانییکییەی هەقە لەنێوان ئەدەب و کەلتوورو ڕۆژنامەگەریدا هەبێت، بە داخەوە لە کەشی کوردستاندا زۆر لاوازە، کەچی لە ڕەوتی گەشەی ڕۆژنامەنووسیمان ڕۆژگارێک ئەدیبەکان لایەنی سیاسیی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیشیان بەڕێوە دەبرد، بێگومان بە

کەموکوڕییەوە، بەوپێیەی ئەدیبەکان لە دوورمەودادا بەرگەی  فەزای هەواڵ و بابەتی سیاسیی ڕۆژانە ناگرن و حەزیان لە سەغڵەتیی ڕۆژ نییە.

بە هەمان شێوە، نها ئەم کەموکوڕییە بە جۆرێکی تر خۆی بەرهەم هێناوەتەوە. ئەو کەسانەی لە ڕۆژنامەکاندا، لە بواری کەلتوور و فەرهەنگ و ئەدەبدا، کار دەکەن، ئەو پەیوەستییە گەرموگوڕە نییە لەگەڵ ناوەندە ئەدەبی و فەرهەنگییەکەدا، یان هەشیان بێت لاوازە. کەم جار هەڵدەکەوێت دەرکەوتنی گۆڤارێک، یان ڕۆژنامەیەکی سیاسی - گشتی لەلایەن ئەدیبان و هونەرمەندان و نووسەرانی بواری فەرهەنگەوە وەکو ڕووداوێکی ئەدەبی و فەرهەنگی تەماشا بکرێت، بەڵکو موجەرەد وەکو ژمارە و ڕێژەیەکی دیکەی ئەو بڵاوکراوانە دەبینرێت، کە تایبەتن بە بواری سیاسی.

بەداخەوە، بە شێوەیەکی گشتی ئەم پەیوەندییەی قووڵایی ڕووناکبیری و فەرهەنگیی دەدەن بە ڕۆژنامەگەریی کوردی غائیبە. ئەمەش وا دەکات ئەدیبەکان و هونەرمەندان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی گشتیی تەوەلا بن و خۆیان لێ بە دوور بگرن.

ئەم کەموکوڕییە هەر دەبێت بە دەستپێخەریی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان چارەسەر بکرێت. ئەم ڕەهەندە قووڵ و جۆرایەتییەی ئەهلی ئەدەب و فەرهەنگ و داهێنان ڕەچاوی دەکەن و پێیان وایە لە ڕۆژنامەدا نییە، پێویستە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لەبەرچاوی بگرن و ئەم ترسە لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە برەوێنرێتەوە. تا بەهای ئەدەبی و کارگێڕانی بواری کەلتوور بە جۆرێک لە جۆرەکان بپارێزرێت و بە

پێچەوانەوە یارمەتیدەریشیان بن لە پاراستنی هەیبەت و پرەستیچیان.

جۆری کارکردن لە بواری ڕۆژنامەگەریی ئەدەبی و فەرهەنگی و کەلتووری فرەیە. بۆ نموونە، لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە یان هەفتانەدا بەشی ئەدەب چەند لاپەڕەیەکیان هەبێت. هەندێک جاریش شێوازی دیکەی هەیە، بۆ نموونە دووتوێی ئەدەبی، یان فەرهەنگی، یاخود کەلتووری، کە زۆر گرنگن.

## هاوسەنگی ڕابگیرێت لە بوارەکانی کەلتووردا

هەندێک جار دوو توێیە ئەدەبییەکان، بە گوێرەی بوارەکە کاری لەسەر دەکرێت. بۆ نموونە: دووتوێیەک بۆ ئەدەب، دووتوێیەک بۆ شێوەکاری، ڕەنگە دووتوێیەک بۆ بواری سینەما و شانۆ، یاخود بۆ خستنەڕووی کتێب، یان بۆ بواری هونەری ئەندازەی تەلارسازی، کە هەم گرنگیدانە بە زانستو هەم لایەنێکی داهێنانیشی تێدایە، جا ئەم دووتوێیانە بۆ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە، دەکرێت بە شێوەی مانگانە بن. هەر مانگەی دووتوێیەکیان هەبێت لە سەر سینەما، ئەدەب، یان هەر یەکێک لەو بوارانەی ئاماژەمان پێ کردوون، بە جۆرێک لا لە هەموو بوارەکانیش بکاتەوە و هاوسەنگیی نێوان دووتوێیەکانو ڕۆژنامەکە بپارێزێت. ئەوەش بە جیاواز لە لاپەڕە ڕۆژانەییە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانی خودی ڕۆژنامەکە.

جگە لەم بوارانە، زۆرجار ڕوو دەدات، کە ڕۆژنامە خۆی بە گوێرەی مانگ و ڕۆژەکانی دووتوێ بۆ ئەو بوارانە دەردەکات،

بۆ نموونە پاشکۆی کتێبنامە، یان ڕۆمانێک لە چوارچێوەی دووتوێیەکی ڕۆژنامەدا، کە پێی دەوترێت "ڕۆمانە ڕۆژنامە". یاخود دەکرێت لە یەک دووتوێدا ژمارەیەک تایبەت بێت بە چیرۆک، شانۆنامە و...هتد، یان بۆنەیەکی ئەدەبی بێتە پێشەوە کە وا پێویست بکات ڕۆژنامەکە بۆ ڕێزگرتن لە ڕووداوەکانی ئەو بۆنەیە و نیشاندانی گرنگیپێدانی خۆی بە بواری کەلتوور و فەرهەنگو ئەدەب، بە دووتوێیەک بەشداری لە سەرخستنی ئەو بۆنەیەدا بکات.

ڕەنگە ڕۆژنامەکە خۆی لە ستافی بەڕێوەبەری، یان سکرتاریەتی نووسینەکەی ڕەچاوی ئەوە بکەن، لە ڕۆژێکدا چەند لاپەڕەی تەرخان بکرێت بۆ بواری فەرهەنگ و ئەدەب، چەندی بۆ وەرزش، چەندی بۆ سیاسەت و بوارەکانی دیکەیە؟ چونکە ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییە زۆر گرنگە. بە هەمان شێوە ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ئەو دووتوێیانەشدا دیسانەوە گرنگە. بۆ نموونە، پێویستە چەند دووتوێی مانگانە هەبێت لەسەر سینەما و شانۆ؟ هەروەها هاوسەنگی لەنێوان ژانرەکان خۆشیان، کە بە چ پێودانگێک کاری لەسەر بکرێت؟ هەندێک جار ئەگەر ڕۆبچینە ناو وردەکاریشەوە لە بواری فەرهەنگو کەلتووردا، چۆن هاوسەنگی دروست بکەین لەنێوان قوتابخانە جیاجیاکانی ئەدەبدا؟ بۆ نموونە، دووتوێیەک یان تەنانەت لاپەڕەیەکیش بۆ ئەدەب تەرخان دەکەیت، ئایا چەندی شیعری کلاسیکییە؟ چەندی ئەدەب و شیعری نوێی تێدا بڵاو دەکەیتەوە؟ کە ئەوە بە شێوەی تەکنیکی ڕۆژنامەوانی ڕەنگ دەداتەوە، ئەو هاوسەنگییەش گرنگە.

واتە لە ڕۆژنامەیەکدا چەند لاپەڕە تەرخاندەکەیت بۆ ئابووریو وەرزش، چەندیش دەدەیت بە ئەدەب؟ چونکە کاتێک خوێنەر ڕۆژنامەکە دەکڕێت، دوولایەنی تێدا ڕەچاو دەکات، یەکێکیان ئەوەیە کە کۆی ڕۆژنامەکە لە مانگێکدا چەند گرنگیی بەو بوارە دەدات؟ ئەو کەسەی ئەو ڕۆژە ئەو ڕۆژنامەیە دەکڕێت ڕەنگە بۆ سبەینێ نەیکڕێت، بۆیە دەبێت ئەو ئینتیباعەی لەسەر ڕۆژنامە وەری دەگرێت، هاوسەنگیی تێدا ڕەنگ بداتەوە.

زۆر ڕۆژنامە ئەم هاوسەنگییە لەدەست دەدەن، بۆ نموونە ڕۆژی وا هەیە دووتوێیەکی ئەدەبی تێدایە لەسەر حسابی بەشی سیاسەت، یان لەسەر حسابی بەشەکانی تر، کە خوێنەری ئەو بەشانە تەوەللادەبن لە ڕۆژنامە یان گۆڤارەکە، چونکە بابەتی دڵخوازی خۆیانی تێدا نییە.

### هونەر و سەلیقەی تایبەت

ئەگەرچی کاری دیزاین بە تێکڕایی لە کۆی لاپەڕەکان گرنگن، بەڵام بۆ دووتوێی فەرهەنگی و کەلتووری و ئەدەبی زۆر زیاتر گرنگە.

لە لاپەڕە و دووتوێ کەلتووری و فەرهەنگییەکاندا دیزاین بۆ خۆی بەشێکە لە بایەخدانە فەرهەنگییەکە. کاتێک دووتوێیەک دەردەکەیت تایبەتە بە ئەدەب، زۆر گرنگە دیزاینەکەی جوان بێت، فۆنتەکەی تایبەتمەندییەکی تێدا بێت، شێوەی دارشتنی تایبەتمەندیی تێدا بێت، شێوە و سایزی وێنەکانیش حسابی بۆ بکەیت. لە بابەتێکی سیاسیدا، کە حساب بۆ قەبارەو ڕووبەر و کوالێتی وێنەی وەزیرێک

لەگەڵ بەرپرسێکی دیکەدا دەکەیت، بەڵام زۆر گرنگە لە دووتوێ یان لاپەڕەی ئەدەبدا ئەو جیاوازییە لە قازانجی ئەدەبەکە خۆی بێت. واتا کاتێک دێیت وێنەی شاعیرێکی وەک شێرکۆ بێکەس گەورە دەکەیت لە ڕۆژنامەدا، دەبێت ئەم بایەخدانە ڕەنگدەرەوەی ئەو سەنگە بێت، کە شێرکۆ بێکەس لە ئەدەبی کوردیدا هەیەتی، هاوسەنگ بێت بەو گرنگیپێدانەی لە بواری چیرۆک و ڕۆماندا بە کەسێکی وەکو مامۆستا حسێن عارف-ی دەدەیت. ئەم بایەخپێدانە دەبێت رەنگدەرەوەی ئەو بەهایە بێت کە ئەدیبێک، یان نووسەرێک، یان ڕەوتێکی ئەدەبی لـە کۆی فەرهەنگی وڵاتەکەدا هەیەتی.

ئەگەر لە سیاسەتدا ناچاربیت وێنەی کەسێک بڵاوبکەیتەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی پۆستێکی وەزاریی وەردەگرێت یان وەریگرتووە، ئەوا لە بواری ئەدەب و فەرهەنگ و کەلتووردا دەبێت ئەو بەهایە دەربڕی ئەو گرنگیپێدانە بێت، کە ئەم فیگەرە ئەدەبییە فەرهەنگییە لەناو کۆمەڵگەدا دەیگێڕێت و هەیەتی. بۆیە جۆری فۆنت و دیزاین و هەڵبژاردنی نقێمەکانی وێنە و تیفتیفەدانی بۆ نەخشەسازیی و هێڵکارییەکان زۆر گرنگە جوانکارییان تێدا بێت.

کە پاشکۆیەکی ئەدەبی لە ڕۆژنامەیەکدا دەبینیت، دەبێت وا بێت تابلۆیەکی شێوەکاریی ببینیت لە ماڵێکدا، ڕاستە ماڵەکە و کەرەستەکانی ناوی گرنگن، بەڵام لەناویدا پارچەیەکی گرنگ، تابلۆیەکی جوان، دەبینیت کە لە شوێنێکدا هەڵواسراوە، یەکسەر سەرنجت بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و جوانی دەدات بە ماڵەکە.  پاشکۆ و دووتوێ ئەدەبی و فەرهەنگی و کەلتوورییە جوان دیزاینکراوەکان لەناو

ڕۆژنامەیەکی گشتیدا دەبنە تابلۆیەکی جوان لەناو ماڵێکی کەشخە و ڕازەوەدا.

دیزانین و ڕازاندنەوە گرنگیی خۆی هەیە و بەهایەکی تایبەت دەدات بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان. هەروەک حورمەت و بەهاش دەدات بە بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیارەکانیشیان. ئەوە دەری دەخات ئەو کەسانەی ڕۆژنامە بۆ ئابووری و سیاسەت و تەنانەت بۆ قازانجی داراییش دەردەکەن، کەسانێکن بەهای هونەر و ئەدەب و کەلتوور و فەرهەنگیش دەزانن، بۆیە پلەیان لە چاوی خوێنەر و بینەرەکانیان دەچێتە ئاستێکی باڵاتر، چونکە هەست دەکەن بایەخ بەو بوارانە دەدەن، وەکو پرەستیجێکی کەلتووری و ئەدەبی حسابیان لەسەر دەکرێت و لەناو ناوەندەکەی خۆیاندا ڕێز و حورمەتیان زیاتر دەبێت.

گرنگتر ئەوەیە ئەم کارە بە سەلیقە و تەکنیکێکی ڕۆژنامەوانی بکرێت، چونکە گرنگ نییە تابلۆیەک بڵاوبکەیتەوە، بەڵکو گرنگە ڕۆژنامەنووسێک خوێندنەوەیەک بکات بۆ ئەو تابلۆیەو بەو زمانە بیکات، کە هەمان ئەو خوێنەرەی بابەتەکانی بەشی سیاسەت، یان بەشی هەمەڕەنگ و زانست و وەرزش دەخوێنێتەوە، هەمان ئەو کەسە لەو خوێندنەوەیەی بۆ تابلۆکەی دەکەیت تێ بگات و چێژی لێ ببینێت.

وا دەبینی هەر ئەو کەسە خۆی، ئەگەر گۆڤارێکی ئەدەبی دەخوێنێتەوە، هەست بکات قورسە و لێی تێنەگات، چونکە هی بوارەکەی ئەو نییە، بەڵام لە زمانی ئاسانی ڕۆژنامە تێدەگات.

پێویستە ئەو زمانی موخاتەبەکردنەی بەکاری دەهێنیت لەناو خودی ڕۆژنامە و گۆڤارێکدا یەک دەست بێت، بە جۆرێک زمانەکەی بناسرێتەوە، کە بەم زمانە ئەدەب بڵاودەکاتەوە، بەم دەستەواژانە بایەخ بە سیاسەت، ئابووری، وەرزش و...هتد دەدات. کۆی ئەم لایەن و دیمەنانە، ڕۆژنامە یان گۆڤارێکی جوان و تایلۆیەکی جوانی کاری ڕۆژنامەنووسیمان نیشان دەدات. بۆیە پێویستە ئەوە بڵێینەوە، کە بەڵێ بۆ تەرخانکردنی رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ لە بوارەکانی ئەدەب و هونەرو کەلتووردا، بەڵام بەلێتر بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ئاستو توانایان هیچی کەمتر نییە لە نووسەرەکانی بواری سیاسەت، بەڵام لە هەمان کاتدا تاڵە دەزوویەکی باریک هەبێت لەنێوان ڕۆژنامەوانی ئەدەبی لەگەڵ ئەوانەی لە بواری ئەدەب و کەلتووردا کاردەکەن، واتە چیرۆکنووسەکان، ڕۆماننووسەکان، شانۆکارەکان، سینەماکارەکان. ئەم ڕۆژنامەنووسانە سەرەنجام دەبێت بە کوڕ و کچی کایەکەی خۆیان بمێننەوە، واتە سەرەنجام ڕۆژنامەنووس بن. چاوێکی تر بن لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە لە بواری کەلتووری و ڕووناکبیری بڕوانن، بە جۆرێک کە کارگەرانی ئەو بوارە نەتوانن دەستبەرداری بن و بەهای ڕۆژنامەنووسی و بەهای کەلتووریی ئەم کارەی بەهرەمەندانی بواری ڕۆژنامەنووسیی دەیکەن، هەتا بێت بەرەو سەرەوە بڕوات و حسابات زیاتری لەسەر بکرێت.

باسی دووەم:

# دراماکان و ڕووماڵیان لە ڕۆژنامەدا

دراماکان بەشێکی سەرەکیی بەرنامەی تەلەفزیۆنەکان پێک دەهێنن، تەلەفزیۆن گەلێکیش هەن، کە تەنها دراما پەخش دەکەن و هەندێک کەناڵی تەلەفزیۆنیش ڕووماڵی بابەتی پەیوەست بە دراماکان دەکەن.

نها دراما بۆتە بوارێکی گرنگ بۆ گەیاندنی پەیامە جیاجیاکان. ئەگەر هونەر، یان شیعر، یاخود تەنانەت خودی سینەما، وەکو ژانرێکی داهێنانی سەربەخۆیانە، مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، گزایە پەیامەکەیان پەیامێکی شەخسییە وەکو بەشێک لە داهێنانی کەسێتی، ئەوا دراما ڕاستەوخۆ وەک بەشێک لە پەیامی تەلەفزیۆنی بەرهەمهێن وایە. ئامانجی سەتەلایتە کە جێبەجێی دەکەن و پەخشی دەکەن، یان بەشێکن لە کاری وەزارەتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتەکان، کە پەیامیان هەیە لە پشتی دراماکانیانەوە.

دراماکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە ئەدەبی بن، یان هونەریی، یان مێژوویی، یاخود تەنانەت درامای ڕۆمانسیش، هەمیشە پەیامێکی سیاسییان لەپشتەوەیە،

هەمیشەش پەیامێکی سنووورداری بەرتەسکە، کە پەیوەستە بە ئایدیۆلۆژیای حزبێکی سیاسی، یان ئاڕاستەیەکی سیاسیی دیاریکراوەوە، یاخود پەیامێکی سیاسی گشتیی کۆمەڵایەتیی هەیە، کە پەیوەستە بە کاوربارى گشتیی کۆمەڵگەوە.

لە ڕۆمانێکدا، کە ڕۆماننووسێک دەینووسێت، دەشێ هیچ ئامانجێکی سیاسی لەپشتەوە نەبێت، تەنیا دەقێکی داهێنان پێشکەش دەکات، بەڵام دراما تەلەفزیۆنییەکان، کە وەکو زنجیرەی درامی پەخش دەکرێن، پەیامی سیاسی، کۆمەڵایەتی جیاجیایان لەپشتەوەیە.

بۆ نموونە، دراما مێژووییەکان کە دەکرێن، خۆ هەر لە ڕێی خوادا ناکرێن، یان تەنها بۆ ئەوە ناکرێن، کە باس لە ڕووداوێکی مێژوویی بکەن. دەنا کتێبە مێژووییەکان دەتوانن‌و توانیویانە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن، بەڵام کاتێک ئەم بەسەرهاتە مێژووییانە دەکرێن بە دراما، ئەمە دیارە ئامانجێکی سیاسیی لە پشتەوەیە، یان ئامانجی گەیاندنی بیرۆکەیەک هەبووە، وەک ئەوەی ئێستا لە دراما تورکییەکاندا دەیبینین.

## پەیامی دراما تورکییەکان

درامای تورکی، کە بەشی زۆری بایەخ بە ڕەهەندە مێژووییەکان دەدەن، لەسەر وێستگە جیاجیاکانی مێژووی تورکیا لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەلجوقی هەڵوەستە دەکەن و ئەم ڕەهەندە مێژووییانەش تێکەڵی هێڵی درامی ڕۆمانسی و کۆمەڵایەتی دەکەن، تاوەکو ترش و خوێ تامی خۆش بکا و زوو هەرس بکرێت.

نموونەی ئەوانەش، دراماکانی "موحتەشەم گویزەل"، کە لای خۆمان و عەرەب بە "حەریم سولْتان" ناسراوە، یان ڕاسانی ئەرتوغل ، نەوەی سوارچاکێکی سەلجوقی و باوکی دامەزرێنەری دەوڵەتی عوسمانی-یە. ئەو درامایانە ئامانجی سیاسییان لەپشتەوەیە، کە بریتییە لە دووبارە ناسینەوە و ناساندنی مێژووی سەردمی عوسمانی، وەک مێژوویەکی ڕەونەقدار، لە کاتێکدا ماوەکانی ڕابردوو هەموو وڵاتانی عەرەبی و موسڵمان لە غیابی خوێندنەوە بۆ شەهادەتی دەوڵەتی عوسمانی، باسی خراپیی ئەم دەوڵەتەیان دەکرد، بەڵام ئێستا دەوڵەتی تورکیا، کە خەونی فراوانخوازیی هەیە، دراما وەک بەشێک لەو بەکارهێنانە دەخاتە گەڕ. جا ئیتر درامانووسەکان و دراماچییەکان و کەناڵەکانی درامای تورکیا پێی بزانن یان نا، بەشێکن لە ئەجێندایەکی سیاسی و فیکری بۆ ناساندنی رابردووی دەوڵەتی عوسمانی و ناساندنی دەوڵەتی تورکیا و ناساندنی ئەو داهاتووەش، کە تورکیا بۆ خۆی و ناوچەکەی دەخوازێت.

بێگومان هەمان ئەو ئامانجە لە درامای ئێرانی و میسریشدا هەیە. هی دراما میسرییەکان گەیاندنی پەیامێکە بۆ دنیای عەرەب، کە "مێژووی میسر بەو جۆرە درەوشاوەیە" کە سەنتەری شارستانیی عەرەبی و فیرعۆنییە. درامای ئێرانیش کەمی لەسەر شیعەگەرێتی مێژوو و ختوکەی ناسیونالیزمو پان ئێرانیزم نەکرد و چەند ساڵی ڕابردووش لەسەر موعەمای شا بۆ ڕەتکردنی مۆدێلی شاهێتی ئێران کاری دەکرد. بەشێکی درامای ئێرانی، کە لەسەر کۆمەڵی ئێرانی پێش سەردەمی شایە، ئاوێتەیەکە لە چیرۆکەکانی

چیرۆکنووسانی چەپی ئێرانی مەیل تودەیی، بەڵام دراما ئێرانییەکان چونکە هی تەلەفزیۆنە ڕەسمییەکانی دەوڵەتن، هێڵێکی درامی تێکەڵی زنجیرە دراماکان دەکەن، کە ڕۆڵی کەسایەتی ئایینی گەورە تێیدا درەوشاوەیە، کەمێکیش هێرش دەکرێتە سەر غەربزەدەیی بە هەردوو دیوی چەپ و ڕاستەوە. ئەم وەسفەی باسی دەکەم مانای ئەوەیە، کە ئامانج و مەبەستی سیاسیی قووڵ لە پشت درامای ئێرانییەوەیە.

دراما، وێڕای ئەوەی کارێکی هونەری و داهێنانە و دۆستایەتی و خزمایەتیی لەگەڵ کاری شانۆیی و سینەماو ژانەرە ئەدەبییەکاندا هەیە، لێ ئەوەی کە هیچ ڕاڤەیەک هەڵناگرێت ئەوەیە، پەیامی دراماکان بەشێکە لەو مەسێجانەی دامەزراوە سیاسییەکان لە میدیاکانەوە دەیگەیەنن. واتە چ وەک هەواڵ، زانیاریی و راپۆرت، کاری میدیایی لە بەشێک لە تەلەفزیۆنەکاندا وەک بەشێک لە خزمەتگوزاریی میدیایی سەیردەکرێت، ئەوا لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین، دراماکان لەوەدا لەگەڵ کارەکانی دیکەی میدیادا یەک دەگرنەوە، کە ئەوانیش هەڵگری پەیامێکن ئەم ڕاگەیاندنانە بەو شێوە هونەرییە ناڕاستەوخۆیە دەیگەیەنن.

## گۆڤار بۆ ڕووماڵی دراماکان

بۆیە لە سەرەتای دەستپێکردنی دیاردە و دەرکەوتی دراماشەوە، ڕووماڵکردنی دراماکان، هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی لایەنە جیاجیاکانی و جفرەی ناو دراماکان، بەشێک بووە لە کاری ناساندن و گەیاندنی پەیامی دراماکان. لە ڕێگەی میدیا جیاجیاکانەوە ئەم ئەرکە جێبەجێ کراوە.

لەبەرئەوە دەبینین، لەپاڵ تەلەفزیۆن و ڕادیۆکاندا، هەمیشە دەزگاکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن گۆڤاریان هەبووە، کە گۆڤاری فەرهەنگییە، بەڵام بایەخ بە لایەنە جیاجیاکانی تەمسیلی و دراماکان دەدەن.

لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا گۆڤاری (ئیزاعە و تەلەفزیۆن) هەبوو، گۆڤاری ئێستگە و تەلەفزیۆنی عیراق بوو، کە بایەخی بەو بوارانە دەدا.  هەروەک لە زۆرێک لە وڵاتانی دەوروبەردا گۆڤاری تایبەت هەبوون بایەخیان بە هونەر و هونەرمەندان دەدا، کە جگە لە دراماکان، بێگومان بایەخیان بە سینەماش دەدا.

واتا گۆڤاری هونەری وەک بەشێک لە کاری ڕۆژنامەنووسی هەر هەبووە و هاوجووت بووە لەگەڵ دنیای دراماکان و دنیای برەودان بە هونەری فیلم و دراما و پێگەیاندن و ناساندن و زووم خستنەسەر ئەستێرە هونەری و دراماییەکان.

بە داخەوە ئەمرۆ لە کوردستان ئەو کەناڵانەی دراما پێشکەش دەکەن، هاوشان لەگەڵ کارە دراماییەکەیان گۆڤار یان بڵاوکراوەی تایبەتیان نییە، کە لایەنە جیاجیاکانی دراما لێک بداتەوە. بۆ نموونە، کەناڵێکی گرنگی وەکو کوردسات کە هەم دراما پەخش دەکات و هەم خۆشی بەرهەمهێنەری درامایە، بەڵام لەبەرئەوەی هاوشانی ئەمە گۆڤارێک یان بڵاوکراوەیەکی تایبەت نییە لایەنە جیاجیاکانی درامای پەخشکراو شرۆڤە بکات و هەڵی بسەنگێنێت و بینەری زیاتر لە دەوری کۆبکاتەوە، ماوەیەک لە جیاتی دەزگای خاک و کوردسات گۆڤاری دیکە ئەم ئەرکیان  جێبەجێ دەکرد.

له غیابی گۆڤاری تەلەفزیۆن و درامادا، هەندێک گۆڤاری ناشی و شپرزە پەیدابوون، کە بەرخۆری دراما وەرگێڕاوو دۆبلاژکراوەکانی کوردسات بوون، لەسەر ئەستێرە و کەسایەتییەکانی دراما تورکی و ئێرانی و چینییەکانی کوردساتو بابەتیان کۆدەکردەوە و ڕمێنیان بۆ خۆیان پەیدا دەکرد. هەڵبەت بە کرچوکاڵیش ئەم کارەیان دەکرد. چونکە کوردسات هاوشانی ئەم کارە باشەی خۆی، کە بەرهەمهێنانی دراما یان دۆبلاجکردنی بوو گۆڤاری بۆ ڕووماڵکردنی دراما نەبوو.

ئەمە لە کاتێکدا گۆڤاری خاک لە سەرەتای دامەزرندنییەوە چاکی هێنا، چونکە وەک مۆدیلی گۆڤارە تەلەفزیۆنەکان، هەموو ژمارەیەک سکریپتی بەرنامەکانی بڵاو دەکردەوە.

له قۆناغێکی دیکەشدا کەناڵی دیکە پەیدابوون، کە تایبەتن بە دراما. بێگومان ئێستاش جگە لە کوردسات و کوردستان تی ڤی، کەمیان کاری درامی دەکەن، چونکە بەرهەمی خۆماڵی دراما توانا و وزەی دارایی زۆری دەوێت. زۆربەی ئەو کەناڵە نوێیانەی دروست بوون، هەر تەنها دراما وەردەگێڕن یان دۆبلاژ دەکەن، هەر ئەمەش وای کردووە کە ئەو کارە دراماییانە کەمتر لە جاران ڕووماڵیان هەیە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، چ ئەوانەی تایبەتن بە هونەر و بواری فەرهەنگ و هەمەڕەنگ، چ ئەوانەش کە لەناو ڕۆژنامەکاندا هەن، ئەمەش یەکێکە لە کەموکوڕییەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، چ تایبەتمەند و چ رۆژنامە و گۆڤارە گشتییە ڕۆژانە و هەفتانەییەکان، کە پێویستە لای لێ بکەنەوە و چارەی بکەن.

میدیای ڕووماڵکردنی دراما، بۆ خۆی هونەرێکی

بەرفراوانە. بۆ نموونە، درامایەکی جوانی وەکو شەهرەزاد، کە بە سێ بەش لە کەناڵی کوردسات پەخشکرا، وا پێویستە ڕۆژنامە و گۆڤار هەبێت لەسەر لایەنە جیاجیاکانی ئەم درامایە قسە بکات و بنووسێت. گۆڤار هەبێت بۆ قسەکردن لەسەر دونیای دراماکان.

بۆ نموونە، قسەکردن لەسەر لایەنی وەرگێڕان و دۆبلاژەکەی، باشییەکانی، خراپییەکانی، چۆن کاری لەسەر بکرێت؟ ئاخۆ وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە ئەگەر کۆمپانیایەک دەیکات یان کەناڵەکە خۆی دەیکات، چۆن باشتر بێت و لە ڕووی کوالێتییەوە چاکتر دەبێت؟ چەند باش دەبوو ڕەخنە و ڕوومالکردنی پەخشی دراما هاوشان دەبوو لەگەڵ وەختی بڵاوکردنەوەی لە کەناڵەکانەوە.

بۆ نموونە، ١٠ ئەڵقە لە درامایەکی وەکو "شەهرەزاد" پەخش دەکرێت و دەڕوات، زۆر گرنگە ئەو کەسانەی گرنگی بە زەوق و چێژی هونەریی دەدەن و توانای نووسینیشیان هەیە لەسەر ئەوە بنووسن، کە پێشبینی دەکرێت ئاڕاستەی دراماکە بەرەو کوێ بڕوات؟ داخۆ خۆشەویستی نێوان دوو دلدار لە دراماکەدا بە کوێ دەگات؟ ئەم پێشینە مێژووییە، کە باسی مێژووی ئێران دەکات لەسەردەمی ململانێی نێوان خەڵکانی نیشتمانپەروەر (دکتۆر موسەدەق) و شای ئێراندا، ئاخۆ ئەوە چۆن هەڵدەسەنگێندرێت ئەو ململانێیەی نێوان عەرابەکان چۆن بەڕێوەدەبرێت؟ تا چەند ئەم مێژووە نزیکە لە مێژووی کوردستانیشەوە؟ بۆ ئەوەی بتوانین ئەو پەیوەندییە دروست بکەین لەنێوان دراما و بینەرەکانیدا. یان بۆ نموونە ئەو لێکچوون و پێکچوونەی نێوان دوو

ئەزموونی ژیان لە کوردستان و وڵاتێکی وەکو ئێران چین و چۆن باسی بکەین؟ یاخود لەگەڵ دراما تورکییەکاندا، لە چیدا یەک دەگرینەوەو لە چیدا جیاواز دەبین. ئەم جۆرە ڕووماڵکردنانە زۆر گرنگن.

ئەگەر میدیای کوردی بتوانێت لەسەر دراما دۆبلاژکراوەکان بنووسێت، ئاوا بەم جۆرە توانا ڕۆژنامەنووسییەکانی خۆی پەرە پێ بدات، بێگومان سبەی ڕۆژ لەسەر درامای کوردیش دەنووسێت، کە بەرهەمی خۆماڵیی کوردین، ئەم جۆرە ڕووماڵکردنە میدیاییە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی توانای درامای کوردی و فراوانکردنی.

چۆن لە بواری شانۆییدا، پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکی ولیەم شکسپیر لە چاوی دەرهێنەرێکی کوردەوە دەبێتە سەرەتا بۆ پەرەپێدانی شانۆی کوردی، یان سەرەتا بۆ پێشکەشکردنی خوێندنەوەیەکی کوردانە لەسەر شانۆ و درامای شکسپیر، کە لە هەموو جیهاندا بە شێوەی جیاجیا پێشکەش دەکرێت، لە هەمان کاتدا دەبێتە سەرەتایەکیش بۆ ڕۆژنامەوانی کورد، تا بێت لەسەر خودی شانۆی کوردی و دەقەکان و بەرهەمهێنان و دەرهێنانیشی بنووسن.

تێگەیشتنی بێگومان هەمان ئەو شێوەیە بۆ دراماکانیش ڕاستە، کە خەڵکێکی زۆر لە ڕێی تەلەفزیۆنەوە تەماشای دەکەن و دەچێتە هەموو ماڵێکەوە. چونکە ڕەخنەی درامی پەرەپێدانێکە لە ئەندێشە و دیتنی بینەر، کە تەماشای ئەو درامایانە دەکات. بۆ نموونە، ئەگەر گۆڤارێک، یان ڕۆژنامەیەکی سەنگین ڕووماڵی لایەنە جیاجیاکانی درامایەکی وەکو "شەهرەزاد" بکات، یان ئەو درامایانەی ڕەحمەتی

حسێن میسری پێشکەشی دەکردن (درامای خۆرنەوازان، خەونی چۆلەکەکان، ڕەشەی پۆلیس)، یان گەردەلوول-ی هونەرمەند جەلیل زەنگەنە، ئەگەر ڕووماڵکردنێکی ڕۆژنامەنووسیانە هەبێت، کە لایەنە جیاجیاکانی ئەم درامایانە دەربخات، لە ڕووی لایەنە باشەکانی، لایەنە مێژووییەکانی، کەموکوڕییەکانی، ئەکتەرەکان چۆن کاردەکەن، ئەو کەسانەی ڕۆڵی پاڵەوانی سەرەکی دراماکە دەبینن؟ ئەمانە دەبێتە سەرەتایەک بۆ پەرەپێدانی ڕەخنەی دراما لەناو ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، هەروەک دەشبێتە دەرفەتێک بۆ پەرەپێدانی ڕەوتی درامای کوردی و کۆکردنەوەی بینەرێکی زیاتر لە دراماکان.

شرۆڤەکردنی لایەنە جیاجیاکانی دراماکان، ئاستی توانا و تێگەیشتنی بینەرەکانیش پەرەپێدەدات. ئەگەر کەسێک خوێنەر نەبێت و نەخوێنێتەوە، ئەوا ئەو درامایانەی پێشکەش دەکرێن و ئەو خوێندنەوانەی بۆ دراماکان دەکرێن لە میدیاکان، دەبێتە یارمەتیدەرێکیش بۆ خەڵک، کە ئاستی ڕۆشنبیریی خۆی بەرێتە پێشەوە، لە ڕێگەی ئاگاداربوون لەو درامایانەوە.

**درامای گەردەلول و ڕووماڵکردنی**

بۆ نموونە، سەرەڕای ئەو کەموکوڕییانەی لە درامای گەردەلوول-دا هەبوون، بەڵام دراماکە بە جۆرێک لە جۆرەکان ناساندنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوو لە ڕێی درامایەکەوە. ژیاننامەی گرووپێک لەو کەسانەی لەسەردەمی بەعسدا هەم بەشێک بوون لە ژیان و گوزەران

و ئەویندارى، بێگومان بەشێکیش بوون لە پێشمەرگایەتى و مقاوەمەتى زیندانەکان. ئەزموونەکە دەڵێت، ئەوەى کتێبەکانى مێژوو بە وشک و برینگیى خۆیانەوە ناتوانن پێشکەشى بکەن، دراماکان دەتوانن ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن و ئاستى هۆشیاریى نەتەوەیى و میللى بەرەو پێشەوە بەرن.

ئەگەر ڕووماڵێکى ڕاگەیاندن هەبێت لایەنە جیاجیاکانى ئەم درامایانە شى بکاتەوە و ئەکتەرەکانى بناسێنێت و لەسەریان بنووسێت، بە جۆرێک بیان کات بە ئەستێرەیەکى ناو کۆمەڵگە، کارێکى باش دەبێت.

خۆ ئەگەر دراماکە و بەرهەمەکە کوردیى بێت، ئەوا کارە ڕۆژنامەوانییەکە بۆ میدیا و میدیاکارى کوردى زۆر ئاسانترو گرنگتر دەبێت.

لێرە "ئەستێرەسازى" گرنگە، کە تێیدا تواناى هونەرمەندو دراماکارى کورد دەربخەیت و پەرەى پێ بدەیت. بە جۆرێک ببێتە باسوخواسى ناو خەڵک، چونکە ئەرکى ڕۆژنامەگەرى تەنیا ئەوە نییە، کە ئەستێرەسازى لە بوارى کاراکتەرە فیکرییەکان و کاراکتەرە سیاسییەکاندا بکات، بەڵکو زۆر گرنگە میدیا لەم بوارەشدا ئەستێرەسازیى بکات، لەم نێوەندەشدا ناساندن و ڕووماڵکردنى لایەنە جیاجیاکانى دراماکان بابەتێکى هەستیارە.

بێگومان لەم بارەیەوە ڕاپۆرتکردن لەسەر دراماکان، وەرگرتنى ڕاى خوێنەر و بینەر لەسەریان، لەو کاتەى پەخشى دەست پێ دەکات و لەو کاتەى تەواو دەبێت، لەبارەى ئەوەى چارەنووسى پاڵەوانەکان بە چ جۆرێک

دەشکێنەوە، بەشێکی ئەرکی ڕووماڵکردنە. کاتێک درامایەک باس لە قۆناغێکی مێژوویی دەکات، زۆر گرنگە بزانیت ڕای بینەران لەو بارەیەوە چییە، یان ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بچن لایەنی جیاجیای ئەم مێژووە باس بکەن، کە لە دراماکەدا هاتووە. بۆ نموونە، لە درامایەک باسی ژیانی شەهید مامەڕیشە دەکرێت، ئەمە دەرفەتێکە تا بەو بۆنەیەوە لەگەڵ مێژووزانێکی بە ئاگا قسە بکرێت، کە ئاخۆ ژیانی خودی مامەڕیشە چۆن بووە؟ یان ئاخۆ ئەو بەشەی گەردەلوول یان ئەو فیلمەی لەسەر مامەڕیشە دەرکرا، تا چەند حەقی خۆی پێ داوە و لایەنە جیاجیاکانی ژیانی مامەڕیشەی پێشکەش بە بینەران کردووە؟ تا چەند ئەمانەتی مێژوویی پاراستووە و تا چەندیش لەبەر هۆکاری هونەری و فەنتازیای هونەری ناچار بووە گۆڕانکاری لە سیناریۆکەدا بکات؟ ڕۆژنامەنووسەکە دێت لەگەڵ مێژوونووسێک، یان کەسانێک لە بواری جلوبەرگ و ئێکسسواردا کاردەکەن قسە دەکات، ئاخۆ تا چەند ئەو جلوبەرگەی دراماکە لەگەڵ ئەو واقیعەدا دەگونجێت؟

ئەم ڕووماڵکردنە تایبەتییەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، هەم دەبێتە ناساندنی خۆیان بە بینەرانی ئەم درامانە، هەم دەبێتە دەرفەتێک بۆ ناساندنی دراماکانیش، دەبێ کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش، بە تایبەتی ئەوانەی دراماکان پەخش دەکەن، گرنگیی ئەم لایەنەی ڕووماڵکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار و ڕادیۆکان بزانن، کە ڕووماڵی چالاکییەکانیان دەکەن. ئەمە بەشێکە لە پەرەپێدانی لاپەڕە یان دووتوێ کەلتوورییەکان، بەڵام هاوکات بەشێکیشە لە پلانێکی میدیایی

گرنگ، چونکە دەبێت ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ڕووماڵی ئەو کایانە بکەن، کە خەمی گشتیی خەڵکن، خەڵکێک کە سەیری دراما دەکەن لە تەلەفزیۆندا، با بزانن  تا چەند کاردانەوەیان هەیە بەرامبەری، تا چەند لێی تێدەگەن؟ تا چەند پێیان باش یان خراپە و لایەنە باش و خراپەکانی ئەو درامایانە چین؟ هەروەها ئەو ڕووماڵکردنانەی پێویستە ڕۆژانە، یان هەفتانە، یان مانگانە لەم بوارەدا بکرێن، دەبێت چۆن بێت و چی لەوەدا گرنگە بۆ خوێنەران و بینەرانی ئەو درامایانە؟ چەند گرنگە تۆ بینەری درامایەک بیت و پاش هەفتەیەک ببینیت ستوونێکی لەسەر نووسراوە، کە ڕۆژنامەنووسێکی جێی متمانە و بەتوانا نووسیوێتی.

دەبێ ڕووماڵکردنی دراماکان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەشتێکی گرنگ سەیر بکرێت و پەرەیان پێ بدرێت. هاوئاهەنگیی ڕاگەیاندن لەنێوان کەناڵەکان، کە دراماکانی لێوە پەخش دەکرێت و ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی گشتین یان تایبەتین، ئاوێتەیەکی باش دەبێ. هەموو لایەک ئەرکیان لەسەر شانە، بەڵام ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ئەو ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆیان، کە بتوانن لە ڕووماڵکردنی دراماکان و ناساندنی بەخەڵک و پەیداکردنی بینەر بۆ دراما ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

**باسی سێیەم:**

# نموونەی ڕووماڵکردنی درامەکان
# ڕەمەزان تی ڤی

(١)

**حەسەن و حسێن**

کەناڵی(NRT) زنجیرە درامای دینی حەسەن و حوسێن بە دۆبلاژی کوردی بڵاو دەکاتەوە. درامای حەسەن و حسێن ڕەنگە وردەکارترین تێکستی هونەری بێت لە بواری دراما دینییەکاندا، لەبەر زۆری ئەو سەرچاوە و مەرجەعانەی بۆ گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی هەستیارترین قۆناغی حوکمڕانیی ئیسلامی پشتی پێ بەستراوە، هەر وا لەبەر هەستیاریی باسوخواسەکانی چەکەرەی ململانێی مێژوویی شیعە و سوننە، کە هەزار و چوارسەد ساڵە تەوزیف دەکرێو بۆ ململانێی سیاسی هەنووکەیش دەخرێنە گەڕ.

بەڵام هەر لەبەر ئەم هەستیارییەشە، کاردانەوە لە ئاستی ئەم درامایە مەزهەبی و سیاسی بوو، بە تایبەتی لە عیراق کە بە ئاشکرا بڵاوکردنەوەی ئەم درامایەی قەدەغە کرد. ئەمە کە ئێستا لە تیڤییەکی کوردییەوە بڵاو دەبێتەوە، بەڵگەی

ئەوەیە کوردستان دوورگەیەکی جیایە لە عیراق، هیچ نەبێ لە ڕووی میدیاییەوە. ئەمە ئەگەر عیراقییەکان پێی نەزانن و نەیکەنە هەڵڵا.

بەڵام وردەکاری لە گێڕانەوەی درامادا، مانای ئەوە نییە ئەم درامایە بێ کەموکوڕییە و لە هەندێک وێستگەدا شپرزەیی پێوە دیار نەبێت. بە تایبەتی لە ئەڵقەکانی کۆتاییدا، کە خیتابی سیاسی بەسەردا زاڵە. هەروا موبالەغەیەکی زۆر هەیە لەسەر ڕۆڵی ئەغیار لە قووڵکردنەوەی ململانێی نێوان دەستەبژێری موسڵمانان لەو سەردەمەدا. ململانێی توندی سیاسی لەسەر پێگەی سیاسی و مەعنەوی لە هەناوی گەشەی کۆمەڵی ئیسلامیدا هەبووە و بایی ئەوەندەش زەق و زاڵبوو، کە پێویستی بە دنەی نەیاران نەبێت. ئەمە دیدێکی عروبییە، کە ڕوانینی ئەمڕۆ بەسەر دوێنێی دووردا دەسەپێنێت.

لەم دوو ئەڵقەیەی دیمان بە شێوەیەکی گشتی دۆبلاجەکە باشە و ڕەنگە ببێتە ئەزموونێک بۆ وەرگێڕان و دۆبلاجکردنی درامای دینی و مێژوویی دیکەش، کە زمانێک و تۆنێکی تایبەتی ئاخاوتنی هەیە.

(٢)

## درامای ناکامەکان

ئەگەر میسر مژولی دۆخی نەبەکامە سیاسییەکانی خۆی نەبایە، ئێستا دۆسێی زنجیرە درامای (ناکامەکان، قاصرات) دەبووە بابەتی ڕای گشتی لەم وڵاتەدا.

زنجیرە (درامای القاصرات) سیناریۆی سەمیح ئەلحەریریو

هونەرمەندی ناسراوی میسر سەلاح سەعدەنی پاڵەوانی سەرەکییەتی، بەڵام لەپاڵ ئەودا کۆمەڵێک کچی هەرزەکار ڕۆڵی کچە قاسیرەکان دەبینن. ئەمانە خۆیان وا نواندووە چەند ڕەمەزانێکی تر دەبنە کارەکتەری زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان. ڕۆڵگێرانی ئەمانە لە بەرجەستەکردنی تراژیدیای کۆمەڵێک منداڵی بەشوودراو، وەک دیاردەیەک لە سەعیدی میسر و زۆنی دواکەوتووی هەموو کۆمەڵێکی ڕۆژهەڵاتی، دەبێتە باعیسی سەرکەوتنی ئەم زنجیرە تەلەفزیۆنییە. ئایا پێویست دەکات قسە لەسەر لێهاتوویی سەعدەنی بکەین، کە لە دوای "لیالی الحلمیە"، ڕۆڵی سلێمان غانمی بینی، ڕۆڵی عومدە ئیتر هەر لە خۆی دێت؟

ئەم درامایە بە سەرەتایەکی دراماتیکییەوە هاتووە، بەرجەستەی ئازار و مەینەتی کۆمەڵی لادێی دەکات، کە لە دەرەوەی پێوەرەکانی یاسا و لێپرسینەوە و شارستانی گوزەرانی خەڵکەکەی هەڵدەسوڕێت. هەژاری و نەداری هەمیشە ئەم توێژە دەکاتە قوربانی دەستی عومدە و ئاغا و دەستڕۆیشتووان، بەڵام ئەمانە وەکو قوربانین، جەللادیشن بۆ ماڵ و منداڵەکەشیان. بۆیە دەبنە پێخۆری مەیلی چەوساندنەوە لەلای دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوان. کچیان، بڵێین کچیان، یان منداڵیان؟، هەرزانفرۆش دەکەن. بۆ ئەوەی ئەو سەودایەش سەربکەوێت بە پسکیت و شەکەرلەمە و شیرینی و بوکەشووشە فریویان دەدەن.

تا ئێستا پێنج ئەڵقەمان بینیووە، بەڵام تا قاسیرەکان قسوور نەکەن و ڕۆڵیان جوانتر بێت، شانسی ئەم درامایە لە ڕیزبەندی دراما براوەکاندا زیاتر دەبێت، بەڵام بۆ کاریگەری

لەناو کۆمەڵ و ورووژاندنی ئەم باسە لەناو ڕای گشتیدا تاوەکو نەریتێک چەمۆڵەی لێ بنرێ و قەدەغە ببێت، هێشتا زۆری ماوە. چەند درامایەکی تری گەرەکە..

(قاسرات) ئەهێنێ کاتی بۆ تەرخان بکرێت، لە کەناڵەکانی درامای "ئێم بی سی" پەخش دەکرێت.

(٣)

**فاڵگرەوە**

درامای عەراف شیرینی و لوقمە قازی سفرە ڕازاوەکانی درامای ڕەمەزانە. عەراف دووەم ئەزموونی درامی عادل ئیمامە لەوەتەی میسر شۆڕشی کردووە. ساڵی پار درامای فرقە ناجی عەتائوڵڵای کرد، کە موبالەغە و ئەکشنێکی سیاسی زۆری تێدا بوو، بەڵام لە عەرافدا تێیهێنایەوە و توانی قۆناغی دڵەراوکێی دوای شۆڕش تێپەڕێنێ، کە توانجێکی زۆری لێ گیرا.

عەراف تێکەڵەیەکە لە دەرکەوتنە تازەکانی عادل ئیمام لە فیلمی زەهایمەر و مورجان ئەحمەد مورجان. بڕێکی زۆری فەنتازیا، ئەدگاری شیرینی کۆمیدیای ئیمامی و هەندێک توانجی هاوسەنگ، کە شپرزەیی و خۆنواندنی درامای فرقەی ناجی تێدا نییە.

عادل ئیمام ئەم جارە درامایەکی هاوسەنگی هەڵبژاردووە، کە دوو دونیای جیاوازی میسر: دونیای هایلایفەکان و دونیای پەراوێزکەوتوانی ناو گۆڕستان و عەشوائیاتی دەرەوەی شارەکان. لەو نێوەندەدا لە جێی ئەوەی وەک هەر کۆمەڵێکی ئاسایی و نۆرماڵ چینی ناوەڕاست هەبێت،

چینێکی تەڵەکەباز پەیدا دەبێت، کە وەک جیوە ناگیرێت، کڵاو دەکاتە سەر دەوڵەت و دەوڵەمەند، تەلەکابازێکی سپۆرتە هەم تەرزە ژیانێکی خۆشگوزەران، بە پارەی حەرام، بۆ خۆی دابین دەکات، هەمیش وەک رۆبن هۆد پارەی تەڵەکابازی و دزی بەسەر دار و دەستەکەیدا دەبەخشێنێتەوە، کە دراماکە وەک هەژار، ئەمما ژیر و زۆرزان نیشانیان دەدات.

عادل ئیمام بێ تێکست و گرێی درامیش، دراما بکات، خۆش دەردەچێت، خۆ ئەگەر کوڕەکەی "رامی ئیمام" سەروکاری دەرهێنانی بۆ بکات، ئەوا کڵاشەکە بە پێی باوکی دەدورێت.

ئیمامی باوک و کوڕ لەم چەند فیلمەی دوایی و لەم درامایەشدا کە "یوسف معاتی" نووسیویەتی، ئاستێکی بەرزی تەکنیکی و هونەری نیشان دەدەن، کە شان لە شانی دراما ڕۆژئاواییەکان دەدات، خەریکە وەک درامای ڕۆژئاواییش لە درامای ئیمامدا، ئاماژە و مۆسیقا و باگراوندی دیمەنەکان زاڵ دەبن. ئەوە کە عادل ئیمامی قسەخۆش بەکەمترین قسەوە هەمان هەستی خۆشی جارانمان دەداتێ، بازدانێکی دیکەی زەعیمە لە ڕێی زەعامەتدا.

(٤)

### تەوژمێکی گەرم

داهێنەری میسری ئوسامە ئەنوەر عەکاشە، لە بواری ئەدەبدا خۆی بەشاگردی نەجیب مەحفوز دەزانێت، لەبەر ئەوە بەشێکی بەرچاوی چیرۆک و ڕۆمانەکانی لەوانەش (مونخەفەز، ئەلهند و ئەلموسمس) وەک ئەوانەی مەحفوز گشتگیرن، دیوی ناوەوەی کەسایەتییەکان تەی دەکەن و

لەناو دیمەنێکی ئاڵۆزدا چیرۆکێکی ئامانج ڕوونمان پێشکەش دەکەن.

بەپێچەوانەی ئەو درامایانەی خۆی بۆ تەلەفزیۆن نووسیونی، چیرۆکە نووسراوەکانی عەکاشە هێدی و لەسەرخۆن و بەشێنەیی ناخی کەسایەتییەکانت پێ نیشان دەدەن. لەبەر ئەوەش درامای (تەوژمێکی گەرم)، کە لەو ڕۆمانەی عەکاشەوە وەرگیراوە، ئەو بزاوت و تەشویقەیان تێدانییە، کە لە دراما تەلەفزیۆنییەکانی عەکاشەدا هەیە، بەڵام ئەگەر سەبر بکەین، دەزانین هەمان مەسج و هەمان ڕۆحی دراماییان تێدا زاڵە.

درامایەکی کۆمەڵایەتی بە باگراوندێکی سیاسییەوە، کە سیناریستی لاو خانم مریەم نەعوم هەوڵێکی زۆری داوە دونیای عەکاشی پێ بگوازێتەوە. چیرۆکەکانی عەکاشە خەسڵەتی گێڕانەوەی ململانێی نێوان دژەکانی هەیە. هەمیشە کەسێک هەیە، کە خەباتگێڕێکی سیاسیی تێکشکاوە و لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و ژیانی بەرجەستەدا تووشی کێشە دەبێت. هەروا کەسایەتی فەرمانبەری مەسلەکی کە سنووری خزمەتی پەیوەستە بە ئەرکی سەرشانەوە. لێرە نموونەی ئەفسەری لێکۆڵینەوە ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت، کە فەرمانبەرێکی دەوڵەت ژیانی وەزیفەی دەباتەماڵەوە و لەوێ بەرجەستەی دەکاتەوە.

ئەفسەری لێکۆڵینەوە، کە (ئەیاد نەسار) ڕۆڵەکەی بە جوانی بەرجەستە دەکات، ئەم پەرەسەندنە دراميیە دەگەیەنێتە ئاستی پێویستی ڕۆمانەکە و سیناریۆکە. نەسار ئەکتەرێکی ئوردنییە، کە دوای ئەوەی لە درامای جەماعەدا ڕۆڵی

(حەسەن بەننا)ی بە جوانی گێڕا، لەناو بازاڕی قەرەباڵغی هونەری میسرییدا جێی خۆی کردۆتەوە، ئەم ڕۆڵە تازەیەش جێگاکەی گەرمتر دەکات.

ئیقاعی هێمنانەی دراماکە نزیکی دەکاتەوە لە درامای یەک ئەڵقەیی، بەڵام زۆریی ڕووداوەکان یارمەتی دەدات لە پێکەوە گرێدانەوەی ئەڵقەکانی وەک یەک زنجیرە. هێشتا زووە حوکمی کۆتایی لەسەر سەرکەوتنی یەکجارەکی بدرێت. تائێستا بەشی ئەوەی تێدایە هانی بینەر بدات لەگەڵی بڕوات.

(٥)

**خشتەت داناوە؟**

ئیتر وا هەفتەیەک بەسەر ڕەمەزاندا تێدەپەڕێت، لە کۆتایی ئەم هەفتەیەوە بینەری دراما هەڵوێستی خۆی لەسەر دراماکان یەکلا دەکاتەوە. داخۆ لەم لێشاوی بەرهەمە عەرەبیو دۆبلاجکراوە تورکی و هیندیانە تا سەر لەگەڵ کام یان چەند دراما دەڕوات؟.

بینەر لە هەفتەی یەکەمدا گرەو لەسەر هەموو دراماکان دەکات، چونکە مامەڵەی سەرەتاییە. ئینجا لە کۆتایی هەفتەدا بۆی ساغ دەبێتەوە، کە دەبێ جەخت لەسەر کام بژارەی بەردەمی بکاتەوە؟ ئەوی لەگەڵ زەوق و سەلیقەی خۆی، یان ئەوی ئەکتەرە پەسەندکراوەکەی خۆی تێدایە، یاخود زۆربەی جاریش مادام ڕەمەزان گردبوونەوەی خێزانەکانە، ئەوی ماڵ و مناڵەکانی پەسەندی دەکەن.

لەم هەفتەیە بینەر، بە تایبەتی بینەری وەفاداری دانیشتوو

لەماڵەوە، خشتەیەک بۆ دراماکان دادەنێت کامیان سەعات چەند و کامیان سەیری دووبارەکەی لە شەو لە هەمان کەناڵ یان لە کەناڵێکی تر بکات؟، بینەر لەم خشتەیەدا جێی درامای پەسەندکراوی خۆی بە گوێرەی باشی و چێژی زۆر و هەندێک جاریش بە گوێرەی گونجاندنی کاتەکانی دەکاتەوە. ئەو درامایەی جێ پەسەندی هەموو بنەماڵەیە بۆ ئێوارەی کاتی ڕۆژووشکاندن، یاخود وەکو لە بواری میدیای درامادا پێی دەڵێن لە لوتکەی کاتەکاندا تەماشا دەکرێت. ئەوانی تر بۆ درەنگتر و هەندێکیش بۆ ڕۆژی دواتر لە کاتی نیوەڕۆدا.

لەم نێوانەدا درامای وا هەیە پاشەکشێ دەکات بۆ کاتی دوای ڕەمەزان. وەک چۆن تەلەفزیۆنەکان هەندێک دراما بە هەرزانتر دەکڕن، وەختێک ڕەمەزان تێپەڕدەبێت، ئاوا بینەریش لە کاتی هەرزانتری دوای ڕەمەزان سەیری ئەوانە دەکات، کە لە قەرەباڵغی ڕەمەزاندا فریایان نەکەوتووە؟.

تۆ خۆت یەکلایی کردۆتەوە؟ خشتەت داناوە؟.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ڕۆژانی: (١٤-١٥-١٦-٢٠١٣/٧/١٧) ژ:٦١٢٨، ٦١٢٩، ٦١٣٠، ٦١٣١، ٦١٣٢








دراماکانی تەلەفزیۆن پێویستیان بە ڕۆژنامەگەرییەکی تایبەتمەند هەیە کە ڕووماڵی دراماکان بکات و لە ڕووی ڕۆژنامەوانییەوە هەڵیان بسەنگێنیت و ڕێنوین و پێشنیاریان بۆ بکات.





لەپاڵ دووتوێیەکی ئەدەب و کەلتوور و فەرهانگ جاربەجار دەرکەون دووتوێی تایبەتی کارەکتەرەکان یان ڕووداو و بۆنە ئەدەبی و کەلتورییەکان پێویستن





أولاد حارتنا

نجيب محفوظ

**کەلتوری بڵاوکەدنەوەی ڕۆمان و چیرۆک بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەدا**
**کەلتورێکی ج--- رمین پەیداکەرە.**
**نەجیب مەحفوز لە ڕۆژنامەی ئەهرام ئەو ئەزموونەی پیادە کرد و یەشار کەمالیش لە ساڵانی پەنجاکاندا (حەمە دۆک - ئینجە مەدد)ی بە ئەڵقە لە ڕۆژنامەی میللەتی تورکی بڵاوکردەوە**



## فەسڵی چوارەم

# ڕۆژنامەگەری ناوچەیی و سەرتاسەری

**باسی یەکەم:**

# لە ڕۆژنامەگەریی لۆکاڵییەوە
# بۆ ڕۆژنامەگەریی سەرتاسەریی وڵات

کاتێک دەڵێین ڕۆژنامەیەکی لۆکاڵی، مەبەستمان چییەو لۆکاڵی سەبارەت بە کوێ؟ ئاخۆ ئەو ڕۆژنامانەی لە هەولێری پایتەخت دەردەچن، دەکرێ پێیان بڵێین ڕۆژنامەی سەرتاسەریی هەرێمی کوردستان؟ ئایا سەرتاسەری وڵات دەگرنەوە، یاخود ڕۆژنامەیەکن تەنیا بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو دەردەچن، کە ناوچە و سنووری پارێزگای هەولێرە؟

کە دەڵێین ڕۆژنامەکانی سلێمانی لۆکاڵین، بۆچی و سەبارەت بە کێ لۆکاڵین؟ یاخود ڕۆژنامەی سەرتاسەری و مەرکەزین سەبارەت بە کوێ و بەراورد بە چی؟

بە تێڕوانینێکی گشتی ئەگەر تەماشای ڕۆژنامەکانی باشووری کوردستان بکەین، دەبینین بە جۆرێک لە جۆرەکان لۆکاڵین، ئەو ڕۆژنامانەی لە هەولێر دەردەچن، زیاتر دەچنە شار و شارۆچکەکانی سەر بە سنووری پارێزگای هەولێر، بۆیە زۆر زەحمەتە وا تێبگەین لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەی سنووووری پارێزگای دهۆکیشن. لە کاتێکدا بەشێکی زۆری

ئەو ڕۆژنامانەی لە هەولێر دەردەچن هی پارتی دیموکراتی کوردستانن، کە هەر خۆی لە هەولێر و لە بادینانیش فەرمانڕەوایە، بەڵام ناوچەی بادینان خۆی ڕۆژنامەی دیکەی هەیە بە شێوەزاری کرمانجی(بادینی) و ئەوانەی پارتی لە سنووری سۆراننشین ناگەنە سنووری بادینان، بشگەن کز و ماتومەلولن. ڕەنگە ئەو ڕۆژنامانەی پارتی لە هەولێر دەریان دەکات دەربڕی بیروڕای پارتی بن، بەڵام مەرج نییە ئەو ڕۆژنامانە دەربڕی خواست و خولیاکانی پارتی لە بادینان بن.

ئەو ڕۆژنامانەی لە سلێمانی دەردەچن و سلێمانی ناوەندی دەرچوونیانە، کە دەشێت هەندێکیان هی یەکێتی بن و هەندێکیشیان هی ئۆپۆزسیۆن، یاخود ئەهلی و سەربەخۆ بن، سەبارەت بە کۆی وڵات هەر لۆکاڵین، ئەگەرچی ڕەنگە لۆکاڵی نەبن سەبارەت بە هەولێر، چونکە هەندێک ڕووماڵی هەولێر دەکەن، بەڵام ئەویش بۆ بادینان بە هەمان شێوەی ڕۆژنامەکانی هەولێرە. لە کەرکوک و خانەقینی تەعریبکراو ڕۆژنامەگەری (کوردستانی نوێ) دارەداریانە و فرۆشیان کزو کەمە. لە کەلار، رانیە و قەلادزێ دەخوێنرێنەوە و لە کۆیە تا هەولێر دەرۆن و لە (وار)ی بادینان (ئەڤرۆ) پارتی (خەبات دەکات) بۆ ناساندنی ڕۆژنامەکانی (هەولێر)، ئیتر چۆن جێی (هاوڵاتی) دەبێتەوە لە (زەمەن)ێکدا (ئاوێنە)ی (ڕووداو)ەکان (باس)ی (ئاژانس) و(لڤین)یان هەر تێدا نییە، لە چاو سەتەلایتەکان کە دان بە (ژیان) ڕۆژنامەی کاغەزیدا نانێت. مەگەر بە حاڵ مەرحەبای سۆشیال میدیا بکات.

ڕەنگە هەولێر بتوانێت بڵێت پایتەختێکی سیاسیم، پایتەختی

حوکمڕانیی کوردستانم، بەڵام زەحمەتە بڵێت پایتەختی ڕۆژنامەگەریی کوردستانیم، بێگومان سلێمانیش بە هەمان شێوە ناتوانێت خۆی بە پایتەختی ڕۆژنامەی سەرتاسەری بزانێ، بەو مانایەی کە ئەو ڕۆژنامانەی دەردەچن، لە سەرتاسەری وڵاتدا بڵاودەبنەوە.

هێشتا هیچ شارێکی کوردستان نەبووتە ناوەندی هەموو بزووتنەوەی سیاسی و بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری و چەقی ئیداریی، بۆیە هەریەکێک لە پارێزگاکان و لە شارە گەورەکانی کوردستانیش بگریت، خۆی لە خۆیدا خاوەنی خەسڵەتێکی تایبەتیە و دەستبەرداری ناوەندێتی خۆی نابێ بۆ ئەو شارانەی وەک ئەون و گوایە کەس لەویتر باشتر نییە.

چونکە ئەو ڕۆژنامانەی لە سلێمانی دەردەچن، خەسڵەتی شاری سلێمانیان پێوەیە، کە شارێکی کراوە و زیندووە، لە ڕووی ئازادیی سیاسی و فەرهەنگییەوە. بۆیە زەحمەتە ڕۆژنامەکانی هەولێر لەو بوارەدا بتوانن پێشی بدەنەوە، هەروەها ئەو ڕۆژنامانەی لە هەولێر دەردەچن، هی پایتەختی کوردستانن و هی چەق و ناوەندی ئیداری و سیاسیی کوردستانن، لەبەر ئەوە زەحمەتە ئەمانیش مل بدەن بۆ ئەو ڕۆژنامانەی لە سلێمانی دەردەچن و وەک چەقی پایتەخت بیناسێنن، هەروەها بادینانیش، کە شێوەزارێکی تایبەتیان هەیە لە قسەکردن و نووسیندا، ئەوانیش ڕەنگە زۆر کەم ڕۆژنامەی "سۆراننشین" بخوێننەوە، چ ئەوانەی لە هەولێرەوە دێن و چ ئەوانەی دەخوازن لە سلێمانیەوە بەسەر پردی شێوەزار و شێوە ستایلی سیاسی و ئیداریدا بپەڕێنەوە.

شارێکی تەعریبکراوی وەکو کەرکوک، کە وردە وردە دەستوپەنجە نەرم دەکاتەوە لەگەڵ زمانی کوردی و کوردستانیبوونی خۆی، لەوێش زۆر زەحمەتە بڵێیت ئەو ڕۆژنامانەی لە هەولێر یان لە سلێمانییەوە دێن بۆ کەرکوک بتوانن هەموو ئەو پێداویستییە فەرهەنگی و سیاسی و ڕۆژنامەوانییە پڕبکەنەوە، کە شاری کەرکوک پێویستی پێیەتی. ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستان ناتوانن بە تەواوەتی گوزارشت لە ویست و ئارەزوو و خواستەکانی شارێکی وەکو کەرکوک بکەن.

لە بیریشمان نەچێت، کە هەرێمی کوردستان بە ناوچە دابڕاوەکانیشییەوە، لە ڕووی کاری ڕۆژنامەوانیەوە، لۆکاڵین یان "ئەتراف"ن، سەبارەت بە ڕۆژنامەکانی بەغدا، چونکە ئەگەر بەپێی ئیدیعای خۆشیان بێت، ڕۆژنامەکانی عیراق لە سەرتاسەری وڵاتدا بڵاودەبنەوە، بەڵام ئەوەی وا دەکات ڕۆژنامە کوردییەکان خەسڵەتی خۆیان بپارێزن و نەبنە "ئەتراف"، بەراورد بە ڕۆژنامەکانی عیراق، ئەوە ڕۆژنامە کوردییەکان بە زمانی کوردی دەردەچن و لەسەر خەم و خولیاکانی گەلی کورد لە کوردستانی عیراقدا دەدوێن، بۆیە ڕۆژنامەکانی عیراق ناتوانن کێبڕکێیان لەگەڵدا بکەن.

پرسیار دێتە کایەوە، ئایا ئەو ڕۆژنامانەی لە تاران دەردەچن، کە ڕووماڵی تەواوی ئێران و کوردستانەکەشی دەکەن، یان ئەو ڕۆژنامانەی لە ئەنقەرە و ئیستانبوڵ دەردەچن و تەواوی توركیا دەگرنەوە، بە ناوچە کوردستانییەکانی باکووریشەوە، پێداوستییە ڕۆژانەییەکانی خوێنەرانی ڕۆژنامە لە ئامەد، وەکو ئەنقەرەو ئیستانبوڵ، دابین دەکەن؟

لەبەر ئەو جیاوازیی زمانەی لە ڕۆژنامەگەریی عەرەبی عیراقیدا بەکاردێت، لەبەر ئەوەش کە گەلی کورد لە باشوور لە زووەوە بە زمانی کوردی دەنووسێت، ماوەیەکی زۆریشە حوکمڕانییەکەی کوردستان گرنگیی داوە بە میدیای کوردستانی، بۆیە سەرەنجام بۆ ئەو جیاوازیی زمان و جیاوازیی ئەندێشەی کوردستانی و ئەندێشەی عیراقییە، لەوەشدا ڕەنگیداوەتەوە کە زەحمەتە ڕۆژنامەکانی عیراق بتوانن ببنە چەق بەراورد بە ڕۆژنامەکانی کوردستان، یاخود ڕۆژنامەکانی کوردستان پەراوێز بن بەراورد بە ڕۆژنامەکانی بەغدا.

جا سەبارەت بەوەی کە ڕۆژنامەیەکی کوردی بە زمانی کوردی، هی عیراق بێت یان هی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، یان هی ئەهلی و سەربەخۆ بن لە بەغدا، دەرناچن، بۆیە بەغدا ناتوانێ ببێتە ناوەند و چەق لەچاو ڕۆژنامەکانی دیکەی کوردستاندا.

ئەم سەرتاسەری و لۆکاڵییە دەبێت زۆر بە وریاییەوە بەکاربهێنرێت. دەکرێت بڵێین ڕۆژنامەیەک، کە لە سلێمانی دەردەچێت، ڕۆژنامەیەکی سەرەکی و ناوەندییە سەبارەت بە شارێکی وەکو ڕانیە، کەلار، یان پێنجوێن، بەڵام زەحمەتە بڵێین ناوەندییە سەبارەت بە هەولێر، هەروەها دەبێت ئەوەمان لەبیرنەچێت، کە ئەم لۆکاڵییە لە زمان و شێوازی نووسین و کاری ڕۆژنامەوانی و خەم و خولیای کاری ڕۆژنامەوانیشدا ڕەنگی داوەتەوە.

هەندێک خەسڵەت لە ڕۆژنامەکانی هەولێردا هەن، کە لەوانەی سلێمانیدا نین، بەڵام لە ڕاستیدا ڕۆژنامەکانی

سلێمانی لە بواری ئازادیدا فراوانترن لەوانەی هەولێر، هەردووکیشیان وەک سۆراننشین بەراورد بەو ڕۆژنامانەی لە بادینان دەردەچن شێوەی کارکردنی ڕۆژنامەنووسییان جیاوازە، چونکە ئەو حزبە سیاسییانەی لە هەولێر دەی بینین، بە پارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە، ڕەنگە ستایلی کارکردنیان لە هەولێر جیاواز بێت لە ستایلی کارکردنەکەیان لە بادینان. بێگومان ستایلی ئەو ڕۆژنامانەش، کە پارتی لەوێ دەریان دەکات جیاوازە لەوەی لە هەولێر دەریان دەکات.

## چۆن چارەسەری ئەم حاڵەتە بکرێت؟

مەرج نییە ئێمە بە ناولێنانی نیشتمانی و نانیشتمانی، بە پێناسە سیاسییەکەی، قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەین و تۆمەتی سیاسی ببەشێنینەوە و ئەم ڕەهەندە ناسنامەییە مەترسیدارە بترشێنینە ناو بابەتێکی تایبەت بە میدیاوە، بەڵکو نیشتمانی و نانیشتمانی مەبەست لێی مانا جوگرافییەکەیەتی. ناولێنانەکەی بە نیشتمانی واتا ڕۆژنامەیەکی ناوەندی، کە هی تەواوی وڵاتە، وڵاتگیرە نەک ئیقلیمگیر. بۆ ئەوە جۆرێک لە چارەسەر هەیە، کە سەرنجام ئەندێشەی خوێنەر و بینەری کورد یەک بخەین.

یەکێک لەو ڕێوشوێنانە، ڕۆژنامەکان جۆرێک لە هاوئاهەنگی، یان جۆرێک لە خوشک و برایەتیان لەنێواندا دروست ببێت، بۆ نموونە:

ڕۆژنامەیەک کە لە هەولێر دەردەچێت، با وەک قۆناغی یەکەم ڕێکەوتنێکی جەنتڵمانی مۆربکات لەگەڵ ڕۆژنامەیەکدا، کە لە بادینان دەردەچێت، دواتر ئەو ڕۆژنامەیەی لە هەولێر

دەردەچێت دەتوانێت لاپەڕە بەکرێ بگرێت، یان بکڕێت، لە ڕۆژنامەیەک کە لە بادینان دەردەچێت.

بۆ نموونە، ڕیپۆرتاژێک کە ڕۆژنامەیەکی بادینان لەسەر کێشە و گیروگرفتەکانی بادینان دەیکات، یاخود لەسەر بزووتنەوەی ڕووناکبیری لە بادینان دەیکات، هەمان ئەو لاپەڕەیە ئەو ڕۆژنامەیەی لە هەولێر دەردەچێت بیکڕێت و بڵاوی بکاتەوە، بۆ ئەوەی خوێنەرێک لە ڕێگەی ئەو ڕۆژنامە هەولێرییەوە بتوانێت و بزانێت کە بزووتنەوەی ڕووناکبیری یان کێشە و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان و کێشە سیاسییەکانی دەڤەری بادینان چین؟ ڕێگاکانی چۆنێتی چارەسەرکردنی چین؟ تا سەرەنجام خوێنەر دیدگایەکی کوردستانیی تێکڕایی لەسەر وڵات پەیدا بکات کاتێک ڕۆژنامەیەک دەخوێنێتەوە.

بە هەمان شێوە، ڕۆژنامەکانی هەولێر دەتوانن جۆرێک لە خوشک و برایەتی لەگەڵ ڕۆژنامەکانی سلێمانی بکەن، لە کڕینی کاری هاوبەش لە یەکتری. بۆ نموونە، دەکرێت ڕێککەوتنێک هەبێت بۆ ئەوەی بابەت لە یەکتریی بکڕنەوە، هەر هیچ نەبێت ڕۆژنامە هاوشێوەکان لەو ناوچانە دەتوانن ئەم کارە جێبەجێ بکەن. بۆ نموونە، دەکرێت ڕۆژنامەیەکی سلێمانی کە ئەهلییەو سەربەخۆیە و سەر بە حزبێکی سیاسیی دیاریکراو نییە، لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی هاوشێوەی خۆی لە هەولێر ئەم پرەنسیپی دەستەخوشکییە جێبەجێ بکات و لاپەڕە لە یەکتری بکڕنەوە. ڕۆژنامەیەک لە هەولێر دەردەچێت، دەتوانێت لاپەڕە لە ڕۆژنامەیەکی سلێمانی بکڕێت و لای خۆی مافی بڵاوکردنەوەی بۆ وەربگرێت، بە هەمان شێوە کۆنتاکتی هەبێت لەگەڵ ڕۆژنامەیەک کە لە بادینان

دەردەچێت، بۆ ئەوەی ئەوی، لە بادینان، بڵاودەبێتەوە لەوەی هەولێریش بڵاوببێتەوە. بەم جۆرە دەشێت ڕۆژنامەیەک هەبێت، کە لە هەولێر دەربچێت، لاپەڕەی لەسەر بەسەرهاتەکانی سلێمانی و هەولێر و بادینانیش هەبێت، واتە باسوخواسەکانی سێ پارێزگا لە خۆیدا کۆبکاتەوە، بە هەمان شێوەش ئەوەی لـە سلێمانیش دەردەچێت، دەتوانێت هەمان پرەنسیپ پیادە بکات.

بۆ نموونە، ڕۆژنامەی هاوڵاتی مافی کڕینی لاپەڕەی لە ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆ هەبێت، کە لە بادینان دەردەچێت. بەهەمان شێوەش بۆ ڕۆژنامەیەکی بادینان، کە ئەهلی و ناحزبی بێت بتوانێت لاپەڕە لە ڕۆژنامەیەکی سلێمانی، یان هەولێر بکرێت و بڵاوی بکاتەوە.

با ڕۆژنامەی هەولێر، کە هی پارتی دیموکراتی کوردستانە، هەمان ئەو ڕێکەوتنە لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەڤرۆ بکات، کە ئەویش هەر هی پارتییەوە و لە بادینان دەردەچێت، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت ئەم یەکبوونە لە ستایلی کاری ڕۆژنامەنووسیدا ڕەنگ بداتەوە، سەرەنجام کە خوێنەرێک ڕۆژنامەکە دەگرێت بە دەستەوە، هەست بکات تەواوی وڵات لە ڕۆژنامەکەدا دەبینێتەوە.

بێگومان ئەگەر ڕۆژنامەکان بتوانن نووسینگەی کاری خۆیان لە هەموو شارەکانی کوردستاندا هەبێت، واتە ڕۆژنامەیەک کە لە هەولێر دەردەچێت نووسینگەی هەبێت لە سلێمانی و لە بادینان ئەوە زۆر باشە، بەڵام ئەمە ڕێگر نییە لەوەی، ئەگەر ئەم ڕۆژنامانە توانای ئیدارەدانی ئەم نووسینگانە و پەیامنێرەکانیان نەبێت، ئەوا بەو جۆرە

هاوکاری و هاوبەشییە پێکەوەیە دەتوانن هەم هاوکاریی و پشتیوانی نێوان ڕۆژنامەنووسان و هەم هاوکاری و پشتیوانی نێوان ڕۆژنامە هاوشێوەکان پتەوتر بکەن. سەرەنجامیش دەتوانن ڕۆژنامەیەک دەربکەن، کە لە ئاستی نیشتماندا خەڵک بیخوێننەوە. خۆ ئەگەر کوردستان ئاژانسێکی هەواڵی سەرتاسەریی ڕەسمی یان نیمچە ڕەسمیی هەبوایە، ئەوە لە ڕێی کڕین و فرۆشی خزمەتگوزاری میدیاییەوە دەتوانرا هەر ڕۆژنامەیەک لە هەر شار و پارێزگا و هەرێمێک دەردەچێت وا لێ بکەین کە لاپەڕەکانی گشتگیر و وڵاتگیر بن، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی دابەشکردن وتیراژی فرۆشەوە هەموو وڵاتی پێ تەی نەکرێت.

ڕەنگە ئەوە ڕێگە چارەیەکی عەمەلی بێت بۆ ئەوەی میدیاکان ئەندێشەی یەکبوونی نیشتمانی یەک بخەن و پێشی بخەن، دواتریش ئەم جۆرە ڕێکەوتنە سەرەتاییە سەربکێشێت بۆ بوارەکانی کاری ڕۆژنامەوانی و خولی هاوبەش، تا وردە وردە ڕۆژنامەکان و ڕۆژنامەنووسەکانی شوێنە جیاجیاکان یەکتری بناسن. هەموو کورد، کە ڕۆژنامەی هاوبەش بخوێنێتەوە، هەمان چیرۆک و هەمان بابەت بخوێنێتەوە، سەرەنجامیش لە بری ئەوەی وەک ئەحمەد موختار جاف دەڵێت: "سکەی ئاسن بگەیەنرێتە هەورامان و هەموو وڵات پێکەوە گرێ بدات"، دەتوانیت لەسەر کاغەز نەتەوە دروست بکەیت و لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان کۆی شارەکان و ناوچەکان و شوێنە جیاجیاکان پێکەوە گرێ بدەیت، سەرەنجام کەسێک کە ڕۆژنامەیەک دەخوێنێتەوە دیمەنی هەموو نیشتمانی تێدا ببینێتەوە.

**باسی دووەم:**

# دۆسیێی ڕۆژنامەگەریی ناوچەیی لە کەرکوک

ڕۆژی ٢٠١٦/١٠/١٣ ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە و قاوەخانەی مێخەک لە کەرکوک کۆڕێکیان بۆ ساز کردم لەسەر ڕۆژنامەگەریی ناوچەیی لە دەڤەری دابڕاوی کوردستان، کەرکوک بە تایبەتی. پاشان ناوەرۆکی هەمان کۆڕ بە سێ بەش لە ژمارەکانی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ لە کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە. ئەمەی خوارەوە پوختەی کۆڕەکەیە لەسەر ئەزموونی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کەرکوک و بەراوردکردنی لەگەڵ ڕۆژنامەگەریی ناوچەیی لە وڵاتی سۆڤێت، ئەمەریکا و عیراق. پێم باش بوو بۆ دەوڵەمەندکردنی گفتوگۆ، لەسەر ئەم تەوەرە هەستیارە ڕۆژنامەوانییە، لەم کتێبەشدا بڵاوی بکەمەوە. بۆ ئەوەی گفتوگۆم لەسەر کۆی پرسی ڕۆژنامەگەریی کوردستان تەواو بێت. ئەو بیرۆکانەی لێرەدا باسم کردووە بۆ ئەمرۆش جێگەی مشتومڕن، ڕەتکردنەوە و پەسەندکردنە، بەڵام هێندە دەڵێم، دوای ڕیفراندۆم حکومەتی عیراق لە ڕێگەی دەزگای بەحکومەتیکراوی ((تۆڕی ڕاگەیاندنی عیراقی))یەوە

ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە کەرکوک بە ناوی صباح کرکوک بە زمانی تورکمانی دەردەکـات، کە گفتوگـۆی زۆر هەڵدەگرێت.

بەندە دژی ڕۆژنامەی تورکمانی نیم، تەنانەت لە کەرکوکیش. بەڵگەم بۆ ئەوە ئەو کاتەی سەرۆکی دەزگای خەندان بووم لە نووسینگەی کەرکوک ڕۆژنامەی ئۆفک (ئاسۆ)مان بە تورکمانی دەرکرد. دوای ئەو ڕۆژنامەیەش بە زمانی تورکمانی و عەرەبی ڕۆژنامەی کۆپرەمان دەردەکرد، بەڵام کارێکی خراپە بە ناوی حکومەتەوە لە شارێکی هەستیاری وەکو کەرکوک، کە شەڕ لەسەر ناسنامەکەی هەیە، تەنها زمانی تورکمانی ببێتە زمانی ڕەسمیی دەوڵەت، تا مەسەلەکە وا وێنا بگرێت کە کەرکوک تورکمانی زمانە، وەک چۆن سلێمانی کوردی زمان و بەغداش عەرەبی زمانە، چونکە هەردووکیان دوو ژمارەی صباح بە عەرەبی و کوردی، لەو دوو شوێنە دەردەکەن.

***

ئێمە دەبێت خەسڵەتی ڕۆژنامەگەریی کەرکوک بناسینەوە، بۆ ئەوەی بزانین پێشبینی چ ئایندەیەکی لێ دەکەین، یان چ جۆرە ئایندەیەکی بۆ دەخوازین؟ لێرەدا بە شێوەیەکی گشتیی لەسەر میدیا قسە ناکەم، ڕەنگە ئەمە زۆر زەحمەت بێت، کاتێکی زیاتری بوێت، هەروەها ڕەنگە هەستیارییەکی قوڵتری هەبێت. بۆیە باسی ڕۆژنامەگەریی کاغەزی دەکەم، کە بە زمانی کوردییە، هەندێ جاریش ئاماژە بە زمانی عەرەبی دەدەم وەکو حاڵەتێکی بەراوردکاری، چونکە ڕەنگە عەرەب و تورکمان و سریان و نەتەوەکانی تر خۆیان باشتر

بزانن قسە لەسەر تەجرەبەی خۆیان بکەن.

## ڕۆژنامەگەریی ناوچەیی لە سۆڤێت

ئەمڕۆ لە کوردستان باس لە ڕۆژنامەگەریی ئازاد و حیزبی دەکرێت. ئەمانە هەمووی پۆلینکاریی سیاسین، نەک ڕۆژنامەگەری، بەڵام بە گوێرەی پۆلینی ناوچەیی بێت، ڕۆژنامەگەری هەیە لەسەر ئاستی وڵات، لەسەر ئاستی هەرێمەکان و شارەکان و هەشە لەسەر ئاستی ئاوایی، کە لە خوار ناحیەوەیە. هەر یەک لەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییانە خەسڵەتی تایبەتیی خۆی هەیە. بەشێک لە وڵاتانی ئەورووپا ئەم جۆرە پۆلینکردنە یان "ڕیزبەندی"یە لە کاری ڕۆژنامەگەریدا ڕەچاو دەکەن، ڕەنگە هەندێک لەو هاوڕێیانەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ژیابن بزانن هەموو شارێک ڕۆژنامە، یان ڕاگەیاندنێکی تایبەتی خۆی هەیە. لە ئۆردووگای سۆشیالیستیی یەکێتیی سۆڤێتیش، لە پاڵ میدیای سەرتاسەریی وڵاتەکە، لە ئاستی کۆمارەکاندا، هەرێم و ناوچەکانیش ڕۆژنامەگەریی هەبوو. بە داخەوە زۆرجار کە لەسەر میدیای یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو قسە دەکرێت، تەنها وەکو وڵاتی پڕوپاگەندەیی ڕیکلامی "ئیعلامی" سەیری دەکەین، کە وڵاتی سیستم ناوەندییە و بیرێکی ئایدۆلۆژی هەیە. یانی لە ڕەوانگەی لیبڕالییەوە سەیری ڕۆژنامەگەریی سۆڤێت دەکەین. من خۆم پێم وایە ڕۆژنامەگەریی سۆڤێتی خزمەتێکی زۆری نەتەوەو کۆمارەکانی ناو سنووری خۆی کردووە. بگرە خزمەتی زۆری بەو نەتەوانەش کردووە، کە لە خانەی هەڕەشەی لەناوچووندا بوون، بە گەلی کوردیشەوە

لە یەکێتی سۆڤێت، کە لەوێ (رێژەمان، ژمارەمان، ناوچەمان) زۆر کەمتر بوو لە قەبارەی ئێمە لە بەشەکانی تری کوردستان، بەڵام قورسایی بەرهەمی ڕۆشنبیریمان لەوێ، کە ئەنجامی چالاکیی کایەی ڕۆژنامەوانییە، زۆرترە لە بەرهەمی کورد لە بەشەکانی تری کوردستان، بێگومان پێویستە سیاسەتی سۆڤێت لە ئاستی مەسەلەی کوردستان و قەڵاچۆکردنی کورد بخەینە ئەولاوە، بەڵام گەر بێتو وەکو لایەنی ڕۆژنامەگەری قسەی لەسەر بکەین، ئەوا ڕۆژنامەی (ڕێیا تازە) باشترین بەڵگەیە.

زۆر لەم وڵاتانەی کۆمارەکانی سۆڤێت گرنگیان بە ڕۆژنامەگەریی لادێکان داوە، وەک ئاماژەم بۆی دا، ئەوەی لە مۆسکۆی پایتەخت دەردەچوو، هەر ڕەنگە ئەو شتە بێت کە ڕۆژنامەیەکی ناوخۆیی کۆمارێک، یان شارێک، یان ناوچەیەک دەری کردبێت، هەر هەمان فکری حیزبی شیوعی و سیاسەتی سۆڤێت بوو، بەڵام ئەو ڕۆژنامانەی لە کۆمارەکان و شارەکان دەردەچوون قورسایی پێگەی نەتەوەیی و ڕۆشنبیرییان بۆ نەتەوە و شارەکان دروست دەکرد، هەروەها بێگومان لە پاڵ سیاسەتە ڕەسمییەکانی دەوڵەتدا دەرفەتێکیش هەبوو بۆ گەشەی ئەدەب و زمان و ئەدەبی ناوچەیی ئەو نەتەوەیە، یان ئەو نەتەوانەی لەو ناوچانەدا دەژیان.

### لە ئەمریکاش وەکو سۆڤێت

لە ئەمریکا حاڵەتەکان جۆرێکی ترە، هاوشێوەی یەکێتیی سۆڤێتە، کە ویلایەتەکان و پارێزگاکان ڕۆژنامەیان هەیە،

بەڵام ڕۆژنامەگەرییەکە ئایدۆلۆژیی نییە، وەکو هی کۆمۆنیزم. لە وڵاتی ئەمریکا ڕۆژنامەگەری وەکو وڵاتەکە خۆی لە ولایەتەکەوە گەشەی کردووە بۆ دەوڵەتێکی گەورەی پەنجاو یەک ویلایەتی، بۆیە ڕۆژنامەگەریش لەوێ لە شارەکانەوە دەستی پێ کردووە، بەڵام ئیتر شارەکان بوونەتە خاوەن ڕۆژنامەگەریی وا، کە هەندێک جار لە تیراژ و دابەشکردندا هەموو وڵاتی گرتووتەوە. بۆ نموونە، "نیۆیۆرک تایمز" بە ناوی نیۆیۆرکەوەیە، بەڵام دەستەبژێری خوێندەواری هەموو ئەمریکا دەیخوێنێتەوە، هەرچی ڕۆژنامەی "واشنتۆن پۆست"، کە لە پایتەخی ئەمریکا دەردەچێت، ئەویش لە هەموو ویلایەتەکان دەخوێنرێتەوە. پەیوەستی بە ئاستی نیشتمانییەوە لەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە بەوە دروست دەکرێت، کە نەریتی فرۆشتن و ئاڵوگۆڕی بەرهەمی ڕۆژنامەوانی هەر هەیە. واتە بەرهەم فرۆشتن بەشێکە لە فەرهەنگی ڕۆژنامەگەری، لەو مەمالیکانە ڕۆژنامەی مەرکەزی بەرهەمەکانی دەفرۆشێ بە هەموو ڕۆژنامەکان، لەوانەش ڕۆژنامە لۆکاڵییەکان، کە لەوێ لە پاڵ نووسین و ڕیپۆرتاژە لۆکاڵییەکان بڵاو دەکرێنەوە. لە کاتێدا کە باسی ئەزموونی ڕۆژنامەگەریی کەرکوک دەکەین، گرنکە ئەم نموونە ئەمریکییەمان لەبەرچاو بێت بۆ سوودوەرگرتن.واتا خوێنەرێک لە ویلایەتێک ڕۆژنامەی ویلایەتەکەی خۆی دەخوێنێتەوە بۆ ئاگاداربوون لە ڕەوشی ویلایەتەکەی. هەر ئەم ڕۆژنامەیە گوڵبژێرێکی وتار و بابەتە گرنگەکانی ڕۆژنامەکانی ئاستی نیشتمانی هەڵدەبژێرێ و لەلای خۆی بڵاوی دەکاتەوە. بەمەش خوێنەری لۆکاڵی هەم

ئاگاداری ڕووداوەکانی ویلایەتەکەیەتی، کە ئەوە بۆ ئەو ئەولەویەتێکە، هەمیش ئاگاداری گرنگترین ڕووداوەکانی سەرتاسەری وڵاتەکەیە: ئەمەریکایە، چونکە ڕۆژنامە لۆکاڵییەکەی گرنگترین ڕووداوەکانی وڵاتی بۆ دووبارە دەکاتەوە و بڵاوی دەکاتەوە.

## ڕۆژنامەگەری لە شارە گەورەکانی عیراق

سروشتی هەڵکەوتەی قەوارەی جوگرافیای عیراق وایە، جگە لەو سێ ولایەتەی لێی پێکهێنرا، هەمێشە سێ یان چوار شاری گەورەی هەبوو، کە ڕێک دەکاتە پایتەختی ئەو کاتەی ولایەتەکان، جگە لە بەغدا کە ناوەندی وڵاتی عیراقی عوسمانیو پایتەختی عیراقی هاوچەرخە. بۆ نموونە، موسڵ شارێکی گەورە بوو، بەسڕا شارێکی گەورە بوو. تا ڕادەیەک کەرکوک بە شارێکی گرنگ و گەورە دادەنرا، کەچی وەکو شارەکانی موسڵ و بەسرا هەژمار نەدەکرا، ئەم شارانە لەگەڵ نەجەف، کە ناوەندێکی ئایینی و کەلتورییە، هەمیشە دەرفەتێکیان هەبوو بۆ گەشەپێدانی ڕۆژنامەگەریی خۆشیان، لەبەر تایبەتمەندییەکانی (زمانەوانی، نەتەوەیی، گرنگیی ئابووری، گرنگیی ئایینی و مەزهەبی). لە ڕەوتی ڕۆژنامەوانیی عیراقدا شاری نەجەف زۆر جموجۆڵی ڕۆژنامەوانیی هەبووە، کە جموجۆڵی فیکری و ئەدەبی لێ دروست بووە. موسڵیش یەکێک بووە لەو شارانەی تایبەتمەندیی نەتەوەیی، ئایینی و کەلتووریی خۆی هەبووە. لە کەرکوکیش بێگومان لە سەرەتای دەوڵەتی عیراق ڕۆژنامەگەریی هەبووە. بۆ نموونە، ڕۆژنامەی "حەوادس"ی

عوسمانیەکان و ڕۆژنامەی "نەجمە"ی ئینگلیزەکان دەریان دەکرد، بەڵام بێگومان هۆکارەکانیش دیارە کە کەشێکی تورکمانی بەسەر ئەو ڕۆژنامەگەرییەدا زاڵبووە، لەبەر کۆمەڵێک فاکتەری مێژووی، کە پەیوەستی فەرهەنگی عوسمانییە.

لە ساڵانی ٦٨ بەدواوە بەعس دوو جۆر مەرکەزیەتی بەکارهێنا لە ڕۆژنامەگەریدا، یەکەمیان ڕۆژنامەگەریی ئەهلیی نەهێشت، کە کەمیان سیاسی بوون و زۆربەیان ئەدەبیو کەلتووریی ناوچەیی بوون، دووەمیان ڕۆژنامەگەریی شارەکانی لەناوبرد و نەیهێشت گەشە بکات، تەنانەت فەرعی حیزبی بەعسی حوکمڕان، کە لە کەرکوک بوو، نەی دەتوانی ڕۆژنامەیەک دەربکات. عیراقی بەعس ڕۆژنامەگەریی گەڕاندەوە بۆ پایتەخت و ناوەند. بە پێچەوانەی ئەزموونی وڵاتانی تەرزی سۆشیالیستی ناوەندی، کە بە حیساب لە ئەزموونی دەوڵەتی ئایدیۆلۆژیدا هاوبەشین و حکومەتی مەرکەزیی عیراقی لاسایی ئەوان دەکاتەوە. بۆ نموونە، دەوڵەتی مەرکەزی سۆڤیێت، کە ڕۆژنامەی یەک خیتاب مەرکەزی بوو، بەڵام بە چاپ و بەرگی کۆمارەکان و هەرێم و ناوچە جیاجیاکان. کەچی بەعس هەرێمەکانی کوشت و میدیاکەیانی نەهێشت، لەبەر ئەوە ڕەوتێکی ڕۆژنامەگەریی بەهێز، نە هی عەرەبی و نە هی تورکمانی و نە هی کوردی ڕێگەی پێ نەدرا لە کەرکوک دروست بکرێت. لێرەدا باسی کۆی ڕاگەیاندن ناکەم، چونکە لەسەر ڕۆژنامەگەریی کاغەزی قسە دەکەم، کە حاڵەتەکەی تایبەتمەندە. بۆ نموونە، تەلەفزیۆنی کەرکوک، کە ڕووی لە کوردستان بوو، کەمتر

ڕۆژنامەگەریی نووسینە. کاتێک گۆڤارێک، یان ڕۆژنامەیەک دەردەچوو نەیان دەهێشت گەشە بکات و هەمیشە ڕێگرییان لەوە دەکرد. تەنانەت بۆ ڕۆژنامەگەریی تورکمانیش کاتی خۆی گۆڤاری "ئەخا"ی تورکمانی، هەروەها ڕۆژنامەی "یۆرد"، کە مامۆستا عەبدولەتیف بەندەر ئۆغڵو سەرنووسەری بوو لە بەغدا دەردەچوو، نەک لە کەرکوک، چونکە حکومەتی عیراقی لە ژێر دەسەڵاتی خۆی دایانبوو، بە هیچ شێوەیەک ڕێگەی بە ڕۆژنامەگەریی نوسراو نەدەدا لە هەرێمەکان دەربچێت، ڕاستە تەلەفزیۆنی لە بەغدا و لە موسڵ دانابوو، بەڵام ڕێگەی بە ڕۆژنامەگەریی نووسراو، یان ڕێگەی بە چاپخانە نەدەدا، رەنگە نەوەی ئەم سەردەمە ئاگایان لەوە نەبووبێ لە زەمانی بەعسدا ئەگەر کەسێک دوکانێکی استنساخ "کوپی" لە کەرکوک یان هەر شارێکی عیراق دابنایە کۆمەڵێک ڕەزامەندیی ڕەسمیی وەردەگرت. ئەگەرنا لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ دەکرا. دەیانوت نەکا بەیاننامەی سیاسی پێ کوپی بکەن لە دژی بەعس، بەو حاڵەشەوە لە هەشتاکاندا گۆڤاری "نێرگز" وەک کۆمەڵە بەرهەمێک چاپکرا (بە دەستپێشخەری د. مارف عومەر گول، کە خۆشی لێرە میوانی کۆڕەکەمانە)، ئەم نێرگزە تەحەدایەکی گەورەی ڕۆشنبیری و سیاسی بوو، بەڵام لە دوای ڕووخانی سەدام حوسێنەوە کەرکوک گەورەترین ڕۆژنامەگەریی بەخۆیەوە بینیوە.

***

ئەو خەسڵەتانەی لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعسەوە ڕۆژنامەگەریی کەرکوکی پێ ناسرایەوە، کە هی قۆناغی

دامەزراندنە، ئێستاش هەر ئەوە لەناو بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەریی کەرکوکدا دەیبینی و ماوە. خەسڵەتێک پەیوەستە بە تێروانین بۆ شاری کەرکوک وەکو کەیسێکی سیاسی. تێروانین بۆ کەرکوک لە عیراق و کوردستان و هەموو ناوچەکە تێروانینێکی سیاسیی ڕووت بووە و هەمیشە لەگەڵ کۆمەڵگەیەکدا مامەڵە نەکراوە، کە دەشێ مردن و لەدایکبوون و ژنخوازی و ترس و ئازادیی تێدایە، بەڵکو مامەڵەیەکی سیاسیی موجەرەدەی لەگەڵ کراوە.

**کەیسی کەرکوک سیاسییە**

کەیسی سیاسی کەرکوک بەسەر هەموو ناسنامەکانی تری کەرکوکدا زاڵبووە، لەبەر ئەوە ئەو ڕۆژنامەگەرییە لە دوای ڕووخانی بەعس دروست بوو لەم خەسڵەتە بەدەر نەبوو، کە زیاتر جەختکردنی لەسەر لایەنی سیاسی مەسەلەی کەرکوکە، هەروەها ئەوانەی ڕۆژنامەگەریی کەرکوکیان پارەدار دەکرد، خەرجییەکەیان دابین دەکرد. ئەوانیش وەک حزبە کوردستانییەکان و بێگومان حزبە عیراقییەکانیش لە دیدی سیاسییەوە سەیری کەرکوکیان دەکرد، ئەگەرچی لە سەرەتاوە نەدەپەرژانە سەر فۆکسکردنە سەر کەرکوک ئەو کەسانەی ڕۆژنامەگەری عەرەبیان دروست کرد لە پاشماوەی بەعس بوون و تورکمانیش بۆ خۆی ڕۆژنامەگەرییەکی هەبوو، کە سەر بە بەرەی تورکمانی بوو، ئەویش بۆ چالاکییەکانی خۆیان بوو، هەروەها حکومەتی هەرێم لە هەولێرەوە هەندێک گۆڤار و ڕۆژنامەی بۆ تورکمان دەردەکرد. ئەم تەوژمە سیاسییە پاشەکشەی کرد،

لەبەر کۆمەڵێک سەنگ و بەها، یەکێکیان ئەوەیە تەلەفزیۆن‌و ڕادیۆ و سایت.. هتد، ئەم وەزیفە سیاسییە باشتر جێبەجێ دەکەن تا ڕۆژنامەکان.

## ڕۆژنامەگەریی سیاسی لە کەرکوک کەمبایەخ بووە

بە تایبەتی لە کەرکوکدا ئەم ئەرکە لە کایەی ڕۆژنامەگەریی کاغەزی گرانتر بوو. دوو فاکتەری تری سیاسی هەن، ئەگەر ڕۆژنامەگەرییەکە سیاسی بێت، ڕۆڵێکی زۆر گەورە دەگێڕێت لە پاشەکشێکردنیدا. یەکەمیان پاشەکشێی بایەخدانی سیاسییە بە مەسەلەی سیاسیی کەرکوک لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا، چونکە هەرێمی کوردستان سەرقاڵی کێشە ناوخۆییەکانی خۆیەتی لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و حکومەت، لەنێوان حیزبە سیاسییەکان، دوای بەهاری عەرەبیش دەرکەوتنی مەسەلەی کورد لە بەشەکانی تری کوردستان، وەکو لە ڕۆژئاوا و باکوور، ئەمانە کاریگەرییان لەسەر بایەخی سیاسیی مەسەلەی کەرکوک داناوە و تا ڕادەیەک لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە پاشەکشێی پێ کردووە، هەروەها لە ئاستی عیراقیشدا ئەم مەسەلەیە پاشەکشێی پێ کرا، چونکە پرۆسەی سیاسیی عیراق لە دوای بەهاری عەرەبی و کشانەوەی ئەمەریکا خۆی ئەو ململانێ دینامیکییە ناوخۆییەی جارانی نەما و بووە بەشێک لە ململانێی ناوچە و بەشێک لە ململانێی بەهاری عەرەبی و بوونی چەکدارانی داعش بۆتە بەربەستێکی سەربازی لەنێوان حکومەتی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەمانە وایان کرد گرنگیدانی سیاسی بە مەسەلەی کەرکوک پاشەکشێ بکات.

کەواتە گرنگیدانی ڕۆژنامەگەری و گرنگیدان بە خەرجی پارە و توانای دارایی بۆ ڕۆژنامەگەری لە کەرکوکیشدا کەمی کرد و ڕەزیلیی مەسرەف ئەم بوارەشی گرتەوە، بە تایبەتی ڕۆژنامەگەریی کاغەزی خستە قەیرانەوە، چونکە ڕۆژنامەگەرییەکانی دیکە دەتوانن ئەرکەکانی ئەو جێبەجێ بکەن. بۆ نموونە تەلەفزیۆنی کوردسات و گەلی کوردستان ئەگەر لێرەش نەبن دەتوانن لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە ڕووماڵەکان بۆ بینەران بگوازنەوە، بە بڕوای من ئەمە یەکێکە لە فاکتەرەکان. هی تریش ڕۆژنامەگەریی کەرکوک پەیوەندی بە تایبەتمەندی کەرکوکەوە هەیە، چونکە شاری فرەزمانە، شاری فرەزمانش ئەگەر دەوڵەت یان ئیدارەی شارەکە سیاسەتی تایبەتی بۆ دانەنا دەکەوێتە گێژاوەوە.

## زمانی کۆکەرەوەی ڕۆژنامەگەری

که باس لە رۆشنبیری دەکەم، باس لەو ژینگەیە دەکەم، کە ڕۆژنامەی تێدا دەخوێندرێتەوە، چونکە گەر بێت و جموجۆڵی ڕۆشنبیری نەبێت بێگومان ڕۆژنامەش ناخوێندرێتەوە. بۆیە نەبوونی سیاسەتێکی ڕۆشنبیری و نەبوونی پارەدارکردنی ڕەوتی ڕۆشنبیری لەلایەن دەوڵەتەوە، هەمیشە وادەکات ڕۆژنامەگەری لە کۆمەڵگە فرە نەتەوەکان و فرە زمانەکان توشی کێشە و گیروگرفت ببێت. گەر سەیری دۆزی ڕۆژنامەگەری لە کەرکوک بکەین، دەبینین کورد بە کوردی دەخوێنێتەوە، عەرەب بە عەرەبی دەخوێنێتەوە و تورکمانیش بە تورکمانی دەخوێنێتەوە. بەشێکی زۆر لە تورکمانەکان لە

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بە لاتینی دەنووسن و بە لاتینی دەخوێننەوە. ڕابردوو زۆرێک لە کوردەکان تورکمانیان دەزانی و دەیان توانی ڕۆژنامەی تورکمانی بخوێننەوە، بەڵام دوورکەوتنەوە، چونکە زەحمەتە ئەگەر بەسەر بەربەستی زمانا زاڵبی، ئینجا بێت بەسەر ئەلفابێتاشدا زاڵبێ، لە سەردەمی پاشایەتی و پێش تەشەنەسەندنی عروبەچێتی، زمانێک کە لە عیراق و کەرکوکیش دەیتوانی کۆکەرەوەی سەرجەم گرووپەکان بێت، زمانی عەرەبی بوو. بۆ نموونە، بزووتنەوەیەکی ئەدەبی لە کەرکوکدا هەبوو بە زمانی عەرەبی (گرووپی کەرکوک) توانیویەتی کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحی دانیشتووی شارەکە کۆ بکاتەوە، بەڵام لە ساڵای شەستەکان بەدواوە زمانی عەرەبی واتای زمانی تەعریبکردنی وەرگرت، ئێمە ئەوەشمان نەبیر نەچێت لە پەنجا ساڵی ڕابردوو حکومڕانیکردنی ناسیونالستی عەرەبیو دەسەڵاتە سیاسییەکانی لە یەک کاتدا عروبی و لە هەمان کاتدا عیراقییەکی گۆشەگیر بوو. ئەمە وایکرد زمانی عەرەبی نەبێتە ئەو هۆکاری پەیوەندییەی دەیتوانی لە ساڵانی پێش شەستەکان ئامڕازی ڕۆشنبیری و پەیوەندی بۆ ڕۆشنبیرێکی کورد و عەرەب و تورکمانی دروست بکات.

## زمانێکی کۆکەرەوە نییە!

گۆشەگیری لە ڕۆژنامەوانیی عیراقیدا لە سەردەمی بەعسدا وابوو، کە تەنانەت عیراقی بەعس حەزی بە زمانی ڕۆژنامەگەریی لوبنانی و سوری (زمانی ڕۆژنامەگەریی شام) و زمانی ڕۆژنامەگەریی میسری نەدەکرد. خۆ ئەم

ڕۆژنامەگەرییەش لە شام و لوبنان بە زمانی عەرەبی بوو، بەڵام مرۆڤ هەستی بە تەعریب نەدەکرد، چونکە رۆژنامەگەریی ئەو وڵاتانە لە چاو هی عیراقی بەعس کراوەتر بوون. لەبەرئەوە زمانی عەرەبی، کە جاران زمانی کۆکەرەوە بوو لەنێوان کورد و تورکمان و عەرەبی کەرکوکدا، لە سایەی بەعسدا وای لێهات ئەویش نەتوانێت پردی پەیوەندی بێت. بەعس حەزی لە زمانی داخراوی تەعریب بوو، تا زمانی کراوەی ڕۆژنامەگەریی عەرەبی. شایانی باسە، مەرج نییە زمانی نەتەوەیەک نەتوانێت کۆکەرەرەوە بێت بۆ نەتەوەکانی تر. بۆ نموونە، زمانی (بی بی سی)ی عەرەبی زمانێک بوو هەموو نەتەوەکانی عیراق گوێیان لێ دەگرت و لێی تێدەگەیشتن، چونکە ڕاستگۆیی لە ناوەرۆکدایە نەک لە ئامرازە زمانەوانییەکە، بەڵام عێراقیتی بەعس بە ناوی عروبە بەرزە منێکی عەرەبی دروست کردبوو، کە دژی کوردی کەرکوک و دژی زمانی عەرەبی شامی و زمانی شیرینی عەرەبی کراوەی دەرەوەی عیراق بوو.

لە سەردەمی حوکمی بەعسدا ڕێگەی تورکیاش هەم لە ڕۆشنبیریی عیراقی بە هەموو نەتەوەکانییەوە و هەم لە ڕۆشنبیریی تورکمانیش داخرابوو. بۆیە ڕۆژنامەگەری تورکمان و ڕۆشنبیریی تورکمانی دەریچەی نەبوو. زمانی تورکمانیش بەو حاڵەوە نەیتوانی کۆکەرەوە بیت بۆ هەمووان. زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستانی دانپێدانراو (سلێمانیو هەولێر بۆ نموونە، کە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی بەعس بوون) فاکتەری کەمەندکێش بوو بۆ ڕۆشنبیریی کورد لە کەرکوک. بۆیە کورد زمانان جوان بوو، بەڵام ئەی تورکمان

و عەرەبی کەرکوک. بۆیە لەو حاڵەدا زمانێکی ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیریی کۆکەرەوە نەبوو لە کەرکوک بۆ هەمووان.

ئەم پاشماوەیە کارێکی کردووە لە کەرکوی ئەمڕۆشدا هیچ ڕۆژنامەیەکی لۆکاڵی، نە بە کوردی، نە بە عەرەبی و نە بە تورکمانی ناتوانێت لە کەرکوک هەبێت و بمێنێت لە ڕێی فرۆشی خۆیەوە، مەگەر بۆ پارێزگاکانی تری کوردستانو عیراقی بنێردرێت. ئەمەش ئەرکێکی زەحمەتە، بەتایبەتی کە ئێستا لە عیراق و کوردستان جگە لە بەغدای پایتەخت دیاردەی ڕۆژنامەگەریی شارەکان باوە و هیچ شارێک لەسەر حیسابی ئەویتر ئامادە نییە ڕێگەی کێبرکێی فرۆش بدات.

**خەسڵەتی "سۆشیالیستی"**

بە بڕوای من، خوێنەری ڕۆژنامە لە کەرکوک، دوای ڕووخانی بەعسیش، هێشتا گیرۆدەی دوو خەسڵەتی کۆمەڵایەتیی خراپە، یەکێکیان لەسەر شێوەی سوشیالیستەکەی بەعس، کە ئازوقەو پێداویستییەکانی ژیانی بۆ هاووڵاتی دابین کردووە. ئەمەش هاووڵاتی زەرنەقوتەی لە هەموو عیراقدا دروستکرد و لە حاڵی کەرکوکدا بووە نەرتێکی کۆمەڵایەتیش. دووەمیان (سۆسیال)کەی حیزبە کوردییەکان لەپێناو کوردایەتی و بەرەنگاری تەعریبدا، کە وای کردووە هەموو شتێکی ڕۆشنبیریی لە کەرکوک بەبێ بەرامبەر دابەش بکرێت، وای کردوو بازاڕێک بۆ ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کەرکوک دروست نەبێت، بێگومان بۆ تورکمانیش بە هەمان شێوە، بەڵام ئەم کێشەیە هی عەرەبەکان نییە، چونکە ئارەزووی عەرەبێکی گەڕەکەکانی (وەحدە، یەکی حوزەیران، عروبە)

بۆ ڕۆژنامە لە ڕێی بەغداوە پڕ دەکرێتەوە. ئێستا عەرەبێکی کەرکوک ڕۆژنامەیەکی بەغدادی دەخوێنێتەوە و بە پارەی خۆی دەیکڕێت، چونکە ڕۆژنامەگەرییەکی عەرەبی بەرهەمی ناوخۆیی لە کەرکوک نییە. ئێستا لە کەرکوک بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردی لێ دەربچێت، هیچ جموجوڵێکی ڕۆشنبیری عەرەب و تورکمانی نابینین و لاوازە، ئەو هاوکارییانەشی لەلایەن بەغداوە دەکرێن نەیتوانیوە ڕەوتێکی شیعری یان ئەدەبی بەتوانا لە کەرکوک دروست بکات.

ئێستا ڕۆژنامەگەریی کوردیش لە کەرکوک لاوازە، لاوازبوونیشی بۆ دروستبوونی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە. جاران حیزبە سیاسییەکانی کوردستان هاوکاریی ڕۆژنامەگەریی کەرکوکیان دەکرد، هاوکاری باسەرە، کەرکوکی نوێ و کەرکوکی ئەمڕۆ و بانەڕۆژ و...هتدیان دەکرد. فاکتەری هەرە گرنگ لە هاوکاریکردنی ئەم ڕۆژنامانە، ناسنامە سیاسییەکەی کەرکوک بوو، کە چەند ساڵی رابردوو وەکو سێبەرێک بەسەر ڕۆژنامەگەری مابۆوە. ئەم کشوماتییەی نها دەی بینین لە کاڵبوونەوەی ڕۆژنامەگەریی کەرکوک لەبەر نەمانی پارەی حزبەکان و نەمانی پشتیوانی جارانیانە. لێرەدا باس لە تەلەفزیۆن ناکەم، چونکە ئەوە حاڵەتێکی تایبەتییە، بەڵام بە بڕوای من نەتەوە زمانەو رۆژنامەگەری بەهەر زمانێک بێت دەتوانێت نەتەوە دروست بکات، تەلەفزیۆن‌و رادیۆ ڕەنگە تا ڕادەیەک یارمەتیدەر بن، بەڵام بە بڕوای من ئەوەی نەتەوەیەک لە مردن ڕزگار دەکات زمانە و نووسراوی ڕۆژنامەکانە.

## ناوەندی ڕۆژنامەوانیی کەرکوک

چارەسەر بۆ ئەمانەش سێ حاڵەتە: دۆزینەوەی ئەو کەسانەی ڕۆژنامەگەری لە کەرکوک تەمویل دەکەن، واتە کێن ئەوانەی هاوکاری مادی رۆژنامەگەری دەکەن. دووەمیان پێناسەکردنی کەرکوک وەکو ناوەندێک، نەک وەکو لاچەپێک. واتا برەودان بە ڕۆژنامەرگەرییەکی ناوەندی لە کەرکوک.

هەتاوەکو ڕۆژنامەگەری لە کەرکوک وەکو ڕۆژنامەگەری لە قەزایەک سەیر بکرێت، ناتوانرێت ببێتە خاوەنی بەرهەمێکی ڕۆژنامەگەریی تایبەت، کە تیشک بهاوێژێت بۆ هەموو کوردستان و بگرە بۆ عیراقیش. بوونی شارێک لە ناوەندی شوێنێکدا هەموو جار نیشانەی کارەسات نییە، بەڵکو هەندێک جار تایبەتمەندییەکە، کە دەتوانێت ڕۆژنامەگەرییەکی تیشکهاوێژ بۆ عیراق و کوردستان بەرهەم بهێنێت،

خاڵی سێیەمیش گرفتی نەبوونی تایبەتمەندییە. ئەمڕۆ وڵاتان کارتلی گەورە دروست دەکەن لەنێوان خۆیاندا، یەکێک پەنیر بەرهەم دەهێنێت، ئەوەی تریان شتێکی تر بەرهەم دەهێنێت، کە بەو بەرهەمەی خۆی ناسراوە. دەشێت ئێمە ئەو نموونەیە بەسەر کەرکوک جێبەجێ بکەین. شتێک بکەین خەڵک بڵێت: ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە تەنیا لە کەرکوک هەیە و کارێک بکەین خوێنەری شارەکانی دیکە بەشداری لە ڕۆژنامەکەدا بکەن‌و بڵێن: ئەو ڕۆژنامەیەی کەرکوک ئەو جۆرە خەسڵەتانەی تێدایە. بۆ نموونە، پەرە بە ڕۆژنامەگەریی وەرزشی، یان ڕۆژنامەگەریی ئەدەبی بدەین. ڕەنگە کەرکوک بتوانێت ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە بکات،

یان ڕەنگە بتوانێت ڕۆژنامەگەریی پزیشکی بکات. بۆیە دەبێت خەسڵەت بۆ ڕۆژنامەگەریی کەرکوک بدۆزینەوە، بە جۆرێک هەموو کوردستان ئەمە لە کەرکوک ببینێتەوە و داوا بکات ئەم بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەی لە کەرکوکەوە بۆ بێت. ئەگەر کەرکوک ناوەندێکی سیاسیی گرنگی کوردستان بێت، ئەوا دەبێت بەشێکی پاوەری کوردستان لە بوارێکدا بگواسترێتەوە بۆ کەرکوک. هەتا ئێستا ناوەندی سیاسیی کوردستان سلێمانی و هەولێرە. هەولێر وەکو پایتەخت جێگای بۆ خۆی فەراهەم کردووە، سلێمانیش بە جموجۆڵی شایانی خۆی ناوی پایتەخی ڕۆشنبیری بۆ خۆی فەراهەم کردووە. پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا پێویستە بەشێکی بە هێزی بۆ کەرکوک بگواسترێتەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆیدا ڕۆژنامەگەری بۆ کوردستان بەرهەم بهێنێت، پێویستە ئێمە لەگەڵ ئەو حاڵەتە ڕابێین و تێبگەین کە گرنگیدان بە کەرکوک نابێت وەک گرنگیدان بێت بە قەزا و شارۆچکەکان. ڕەنگە کەرکوک خۆی وەکو چارەنووسە سیاسییەکەی پێویستی بەوە بێ ناوەندێک بێت، نەک پاشکۆی ناوەندی تر بێت. لە ئەزموونی ڕۆژنامەوانیمدا حەزم لێ نەبووە لاپەڕەیەکی تایبەت بە کەرکوک یان لاپەڕەیەکی تایبەت بە ژنان دابنێین، ئەگەر هاتوو تایبەتیشت کرد، وەکو ئەوە وایە هاوکاریی نەخۆش بکەیت و بەزەییت پێیدا بێتەوە! ئەمەش نابێتە جێگرەوەی ئەوەی کە شوێنەکە خاوەن کەسایەتی و تایبەتمەندی خۆیەتی و پێویستە خاوەنی سەنگی خۆی بێت.

مومەولەکانی ڕۆژنامەگەری، واتە ئەو کەسانەی هاوکاری ڕۆژنامەگەری دەکەن، لەکوێن؟ بێگومان حیزبە

سیاسییەکان بە پلەی یەکەم دێن، بەڵام ڕەنگە دوو فاکتەری تریش بڵێم، کە ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە پارەدارکردندا، ئەویش شارەوانییەکان‌و سەرمایەدارەکانن. سەرمایەدار بۆ ئەوەی بەشێک لە شانازییەکانی بۆ نەوەکانی دوای خۆی بەجێ بهێڵێت و بڵێت: من ڕۆژنامەیەکەم لە کەرکوک بەو ناونیشانە دەردەکرد، ڕەنگە حیزبە سیاسیەکانیش هەمان ڕۆڵ ببینن.

**شارەوانییەکان ڕۆژنامەیان هەبێت**


بەڵام بۆچی ناوی شارەوانیم هێنا و ناوی پارێزگام نەهێنا، چونکە سەرەنجام پارێزگا دەزگایەکی سیاسی و دواتر حکومییە، بەڵام شارەوانی چۆن پەیوەستە بە خزمەتگوزاریی گشتی و جوانکاری و گوڵ و گوڵزار، کە لەشوێنە گشتییەکاندا هەبێت، ئاوەها ڕەنگە پەیوەست بێت بەوەی ڕۆژنامەگەرییەکی باش هەبێت، کە زمانەکەی و دیزاینەکەی جوان بێت و بەرهەمەکانی کە بڵاوی دەکاتەوە جێگەی خوێندنەوەی خەڵک بێت. بە بڕوای من، ڕۆژنامەگەریی شارەوانی دەتوانێت ئەم ڕۆڵە بگێڕێت، کاتی خۆی ئاگادار بووم شارەوانیی کەرکوک گۆڤارێکی بە ناوی "شار"ەوە دەردەکرد، ئەویش هەر بەشێکە لەو چاولێکردنە ڕۆژنامەگەرییەی کە هەمانە.


شارەوانی دەتوانێت دووبارە کەرکوک بکاتەوە خاوەن ڕۆژنامەگەری، بە جۆرێک شارەکانی تر لاسایی بکەنەوە. بێگومان بۆ ئەم کارە پێویست دەکات دووشت رووبدات، یەکەمیان تەکنیکی ڕۆژنامەگەری وابکات لە یەک کاتدا ڕۆژنامەگەری بە کوردی و عەرەبی و تورکمانی بەرهەم

بهێنێت و پردێکی ڕۆحی دروست بکات لەنێوان ئەو پێکهاتانەی کە زمان و کێشە سیاسییەکان لە یەکیانی دوور کردۆتەوە.

لێرە وەکو ڕۆژنامەنووسێک قسە دەکەم، ئەگەر وەک ئەندام حیزبێک قسە بکەم بێگومان کەسمان لاریمان لەوە نییەو بگرە پێداگریش دەکەین، کە کەرکوک بەشێکە لە کوردستان و داهاتووی چارەنووسی سیاسیی پەیوەستە بە چارەنووسی سیاسیی کوردستانەوە.

نموونەی وا هەیە ڕۆژنامەگەری بە هەموو زمانەکان هەمان ناوەرۆکی هەیە. پێشم وایە ئەم متبوونەی کە ئێستا لە ڕۆژنامەگەریی کەرکوکدا دەیبینین، سەرەتایەکە بۆ تێهەڵچوونەوەیەکی تر.










**ڕۆژنامەگەری ویلایەت و شارە گەورەکان بەشێکی دیمەنی ڕۆژنامەوانیی عیراق پادشایی بوو کە ئێستا کار بۆ بوژاندنەوەی دەکرێتەوە.**

**نموونەی ڕۆژنامەوانیی کەرکوک لە عوسمانلی تا پادشایی گرفتداری زمان و گوزارشتە.**


کرکوک

[ژماره ٣٠٣] ٩ مایس ١٩٣٠ ١٠ ذوالحجة ١٣٤٨ سال ٥

(٩٤)


حوادث

كركوك ١٣٢٧

العدد ٢٠٨ من جريدة حوادث

67


الآفاق

جريدة اسبوعية ادبية

العدد ١١ السنة الاولى

الوفد التركي في كركوك

توضيح

جريدة الآفاق




وێنەی ڕۆژنامەی کۆپرو و ڕۆژنامەی (ئۆفک).




ڕۆژنامەی کۆمار و هەرێمە سۆڤێتییەکان ئەزموونی ڕۆژنامەوانیی
دوور لە ناوەندەکان (نموونەی ڕۆژنامەی ڕێیا تازە)


u mbllәted
hәmu mbllә-
bgizbn mbl-

ewre! Jaşa-
nunista! әwan
e kur u da

Marogylov

zma-

rxbstijә, әw
әm bezbn xә-
re u çarә-
krijә. Cbmki
ninә, wәki
әm dkarbn

peşda hbbn, lazbmә әv gli—

şxyle mәzbn bsәribnazi peşda
hәrә. R. Drambjan

Radio l gvnde kyrmançada.

Nasti; nav qazeta mә çi çja зuna hәrfed Ş, ь w mәdanyә з, ι, v.
RED. KOLLEKJA

Glavlit 22 III 30 s. Zakaz № 2117 tiraз 1000 hәb



سەرنووسەر
هەڤاڵ زاخویی
هەفتە نامەیەکە
تۆڕی راگەیاندنی عێراقی دەریدەکات
سێ شەممە 6 مارس 2018 ژمارە (40)
Tue. 6 .Mar. 2018 Issue No.

صباح کوردستان

S A B A H   K U R D S T A N   N E W S P A P E R

## پەرلەمانی عێراق پرۆژە یاسای بودجەی 2018ی پەسەندیکرد

صباح کوردستان / ئاژانسەکان

ڕۆژی 3 ی ئەم مانگە پەرلەمانی عێراق دوای گفتوگۆ و خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەیاسای بودجەی ٢٠١٨ی عێراق پەسەندیکرد.
پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ شەممە پەرلەمانی عێراق بە بێ بەشداری ئەندامە کوردەکان کۆبووەوە دوای گفتوگۆ پرۆژەیاساکەی پەسەندکرد و داواکارییەکانی کورد جێگیرنەکراوە و پشکی کورد بریتییە لە ١٢.٧%.
لە لایەکی دیکەوە بەجیا ئارام شێخ محەمەد جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنە کوردییەکان لەسەر ئەو پرسە کۆبوونەوە
عادل نوری پەرلەمانتاری پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، هیچ گۆڕانکارییەکی دیار نەکراوە لە پرۆژەیاسای بودجەدا و ئەوانیش وەک پەرلەمانتارانی کورد کۆبوونەوەی پەرلەمانیان بایکۆت کردووە.
ئەو پەرلەمانتارە بە ئێن ئار تی ڕاگەیاند، "تەنها یەک ترلیۆن دینار بۆ بەشی هەرێم زیادکراوە کە ئەوەش زۆر کەمە و هیچ نییە".
عادل نوری ڕاشیگەیاند، پێویستە سەرجەم کوردەکان لەسەرجەم پۆستەکانی بەغداد بکشێنەوە بە سەرۆک کۆمار و پۆستەکانی تریشەوە بۆ ئەوەی فشار دروستببێت لە سەر بەغدا.
ئاماژەی بەوەشکرد، ئەگەر پەرلەمانیش پرۆژەیاساکە پەسەندبکات، سەرۆک کۆماری عێراق دەتوانێت واژۆی پرۆژە یاساکە نەکات.
ئەوەش لەکاتێکدایە کە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو، پەرلەمانی عێراق کۆبووەوە لە کۆبوونەوەکەدا ١٣ ماددەی پرۆژەیاسای بودجەی پەسەند کرد.

## وەزارەتی ناوخۆی عێراق: چەند ئەندام و سەرکردەیەکی داعش لە موسڵ دەستگیرکران

ئاژانسەکان

هێزە عێراقییەکان ئەمڕۆ یەک شەممە لە موسڵ توانییان چەند ئەندامێکی چەکدارانی داعش دەستگیربکەن، کە سەرکردەی دیاری ڕێکخراوەکەیان تێدایە.
لە بەیاننامەیەکدا وەزارەتی ناوخۆیی عێراق ئەمڕۆ ڕایگەیاند، لە ئۆپەراسیۆنێکی هێزە ئەمنییەکاندا کە لە خۆرئاوای شاری موسڵ ئەنجامدراوە، توانراوە ١٧ ئەندامی ڕێکخراوی داعش دەستگیربکەن.
ئاماژە بەوەش کراوە لەناو دەستگیرکراوەکاندا چەند سەرکردەیەکی ناسراوی داعشیان تێدا بووە، کە لەلایەن دادگاوە فەرمانی دەستگیرکردنیان هەبووە.
لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە ئۆپەراسیۆنەکە لە ناوچەی یادوشی خۆرئاوای شاری موسڵ بووە.
لەلایەکی ترەوە نەجم جبوری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی نەینەوا ڕایگەیاند، حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق بەڵێنیداوە بە ناردنی هێز و کۆمەکی ئەمنی بۆ پارێزگای نەینەوا بەمەبەستی بەهێزکردنی لایەنی ئەمنی شارەکە.
ئاماژەی بەوەشکرد، سەرۆک وەزیرانی بەڵێنیشی داوە بە زیادکردنی هێزە ئەمنییەکانی نەینەوا بۆ ١٠ بۆ ١٢ هەزار کەس.
ڕۆژی ٣١ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٧ حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵی ڕاگەیاند.

## دەستەی لێپرسینەوەی عێراق بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی سامانی لێپرسراوانی پێشووی بەعسدا دەرکرد

ئاژانسەکان

دەستەی لێپرسینەوەی عێراق بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی سامانی سەدام حسێن و زیاتر لە ٤ هەزار لە لێپرسراوانی پێشووی بەعس دەرکرد.
دەستەی لێپرسینەوەی عێراق بڕیاریداوە دەستبەسەر سامانی ٤ هەزار و ٢٥٧ بەرپرسی دەزگاکانی پێشووی بەعسدا بگیرێت.
لەبڕیارەکەدا هاتووە هەر دوو وەزارەتی دارایی و کشتوکاڵ دەستبگرن بەسەر موڵک و ماڵ و سامانی ئەو کەسانە و خێزانەکانیان و نەوە و کەسە نزیکەکانیان تا پلە دوو.
لەو کەسانەی ناویان هاتووە، عەلی حەسەن مەجید و بەرزان تکریتی زڕبرای سەدام حسێن و تەها یاسین ڕەمەزان و عەبد حەمود سکرتێری تایبەتی سەدام حسێن و تاریق عەزیز کە لە ساڵی ٢٠١٥ لە زینداندا کۆچی دوایی کرد.

صباح بە عەرەبی لە بەغدا بە کوردی و عەرەبی لە هەرێم و......







نموونەی ڕۆژنامەی دەڤەرەکان
بە هۆی جیاوازی شێوەزارەوە
ڕۆژنامەی ئەڤرۆ.... ڕۆژنامەی وار و
ڕۆژنامەی پەیمان






ڕۆژنامەی بە شێوەزاری سۆرانی زمانی کرمانجیش بڵاودەکرایەوە
نموونەی ڕۆژنامەی چاودێر...
کوردستانی نوێی بادینی.....



کوردستانی نوێ
بۆ کوردستانێکی نوێ

16 لاپەرە
رۆژنامەکا سیاسیا گشتی یە ئێکەتیا نیشتمانیا کوردستانێ دەردکەت
هەژمارە (1) چوارشەمبی 12 / 1 / 2011
knwbadinan@yahoo.com

بۆ خواندەڤانو نڤیسەرو رۆژنامەڤانێن دەڤەرا بەهدینان، تکایە هەر سەرنج و تێبینیەک هەوە هەبیت ل سەر رۆژناما (کوردستانی نوێ) پەیوەندیێ ب ڤێ ئیمەیلێ ڤە بکەن:
knwbadinan@yahoo.com

نڤیسینگەهەک بو کاروبارێن مەسیحییان ل سەروکایەتیا کومار هاتە پێکئینان
## سەروک تاڵەبانی: تیرورست د چێکرنا ئالوزیا تائیفی دا دێ شکستێ ئینن

ژ دایکبوونەڤەیا کوردستانی نوێ


سەروک مام جەلال و سەروک بارزانی ب هەلکەفتا (١٩)هەمین سالیادا دەرچوونا رۆژناما کوردستانی نوێ پیروزباهیێ ل سەرنڤیسەر و سکرتاریەتا نڤیسین و رۆژنامەنڤیس و کادرێن دی یێن رۆژنامێ دکەن 2

*سەروکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ و سەروکێ ئیرانێ تەئکید لسەر بهێزکرنا تێکەلیێن هەردوو ئالیان کرن د هەمی بیاڤان دا
*خوێندکارێن هەرێما کوردستانێ ل زانکوێێن ئیرانێ دێ هێنە وەرگرتن 2

سەعدی پیرە: ئەم (ی.ن.ک) ناکەینە قوربانی چ کەسان

بەرپرسێ دەستەیا کارگێری یا مەکتەبا سیاسی یا (ی.ن.ک) سەرەدانا دەڤەرێن ڤەقەتیایێن هەرێما کوردستانێ کر 2

٤ هزار کەسێن توشبووی ب نەخوشیێن درێژخایەن دهێنە هاریکاری کرن








لە ئەزموونی دێرینی ڕۆژنامەی ناوچەیی
وەک ئاگرێ و باسەڕە کە ئەزموونێکی
ناوازەی شەهید شاکر فەتاح بوو
تا زاری کرمانجی ڕەحمەتی حسێن حوزنی
موکریانی. بۆ ئەزموونی دۆخی ڕاپەڕین.
نموونەی زاری کرمانجی، مەخموور






## فەسڵی پێنجەم

# زمانی نووسین لە شرۆڤەی سیاسیدا

ئینگلیز و ئیفرەنج، کە دەنووسن لەوانەیە پەند و گوزارشتی ولیەم شکسپیر بەکاربهێنن، یان گوتەی دانتی ئەلگیری لە دۆزەخی "کۆمیدیای خوداوەند" بخوازن.

لێکۆڵینەوە هەیە لەسەر ئەو جاروبارانەی کارڵ مارکس بۆ شرۆڤەکردنی بیرۆکەکەی لەسەر سەرمایە و زێدەبایی و ململانێی چینایەتی ناچار بوو گوتە و دەستەواژە لە ئەدەبیاتی شکسپیرەوە بگوازێتەوە. ئەوێک کە جولەکەیەکی کراوە بوو تەنانەت کارکتەری شایلۆکی جولەکەشی بە پەند هێناوەتەوە.

عەرەب لە کتێبی موسڵمانان، قورئان، کەنز و خەزینی لەبن نەهاتوو هەڵدەگۆزن، خۆ چاکترە کورد کە بۆ بابەتی زمان نە قورئان و نە شکسپیر و نە شانامەی فیردۆسی هەیە، لە دیوانی شاعیرانەوە بخوازێت و ببا.

ئەم خەزێنە دەوڵەمەندەی ئەدەبیاتی کورد لەبەردەستدایە، بەکەڵک دێت تەنانەت بۆ نووسینی ڕۆژنامەوانی و سیاسیش، زۆر کەس وا دەزانێ ئەم دەستەواژە ئەدەبیانە هەر بۆ نووسینی ئەدەب، یان خەم و پەژارەی ڕووناکبیری، دەست

دەدەن.

بەڵام دەستپێداهێنانێکی ئەدەبی لە کاتی نووسینی سیاسی، یان داڕشتنی بیرۆکەی سیاسی و فیکری دا، کارێکی گەلێک باشــە:

١- باگراوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی نووسەر و ڕۆژنامەنووس دەردەخات کەوا دەکات خوێنەر متمانەی پێ بکات و ڕێز لە پاشخانی فەرهەنگی و لەوێشەوە ڕێز لە بیرۆکەکانیشی بگرێت.

٢- جوانکاری و ڕازاندنەوە دەباتە ناو نووسینی وشک و برنگی سیاسییەوە، کە عادەتەن نووسینی سیاسەت و فەزای ناجۆری سیاسەت لای خەڵکی و لای خوێنەران خۆشەویست نین، لەچاو بوارەکانی دیکەی نووسین و ڕۆژنامەدا.

٣- ئەو دەربڕین و گوزارشتانە کە لە دیوانەکان هەیە و هی دەستەبژێرن پەخش و پەرێشان دەکات بەناو خەڵکدا، برەویان پێ دەدا و لە ئاستی میللی و ڕۆژنامەوانیدا سەرلەنوێ بە خەڵکیان دەناسێنێتەوە.

شاعیرەکان و ڕەخنەگران و ئۆگرانی ئەدەب هەقی خۆیانە وا لەگەڵ دەقە شیعرییەکانی شاعیرانی کۆتایی سەدەی نۆزدەو دەیە جیاجیاکانی سەدەی بیست مامەڵە بکەن، کە دەقی شیعریین و بە پێی پێوەرەکانی جوانکاری شیعری و فەزای ئەدەبی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، بەڵام لە ڕاستیدا سەبارەت بە تایبەتمەندی فەزای ڕووناکبیریی کوردستان، کە کایە رووناکبیری و فەرهەنگی و ڕۆژنامەنووسییەکانی لێک جیا نەکراونەتەوە، زەحمەتە تەنیا وەک دەقی جوانکاری و شیعری لێی بڕوانرێ.

لەو دەقە شیعریانەدا، کە وەک پاشکۆ لەم نووسینەدا نموونەی لێ دەهێنینەوە، هەموو توخمەکانی وتاری سیاسیی و بگرە سەروتاری سیاسیی ڕۆژنامە و هەڵوێستی سیاسیی بزووتنەوە و ئۆرگانی سیاسیش دەبینرێنەوە. ئەم نموونانە بۆیە لە پاشکۆدا دادەنێین، چونکە وەک دەق و وەک ئاراستەی نووسین و وەک وێستگەکانیش ئەوەندە ڕوونن، لە ڕووی مانای سیاسی و شەرحی حاڵەوە، کە ڕوونکردنەوەی زیاتریان ناوێت و خۆیان نموونەی وتاری سیاسیین. ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی بەهای ئەدەبیان ناڵێم، بەڵکو نرخێکی ڕۆژنامەوانیی سیاسیشیان پێ دەدەم، لەپاڵ نرخە ئەدەبییەکەیان.

بۆیە لەم وتارەدا زیاتر تەرکیز دەکەینە سەر نموونەی ئەو پەند و دەستەواژە و دێڕانەی لەناو شیعر و پەخشانی جیاجیای کوردیدا هەن و دەست دەدەن لە نووسینی وتاری سیاسیدا تەوزیفی ڕۆژنامەنووسی بکرێن، بگرە هەندێک جار مانای تریش بە مانا سنووردارەکانیان ببەخشرێت.

نموونەکان:

**-تازە ئەچێ بۆ بەسرە، بەعدە خرابی بەسەرە**

شێخ ڕەزای تاڵەبانی

**-مەسەلەی کوردە و لە کورد قەوماوە**

هەژار موکریانی

**-ناوی لەناوا دەرکەوێ**

کاکەی فەلاح

**-دەوڵەتێکی موفت ناتەوێ.**

کوردی

**-هەتا بمێنم لە رێی ئازادیا خەبات ئەنوێنم**

گۆران

**-وا رەز ئەسوتێ**

دیلان

**-شوشە لە سەد لاوە شکاوە.**

**-برینم کارییە**

نالی

**-بەقسەم دەکەن زەریفە، ناکەن بەڵا لە خۆتان.**

حاجی قادر

لە گۆرانی کوردییەوە:

**-ئێمە ئاشت دەبینەوە، حەسوود ماڵی وێران بێ**

حەسەن زیرەك

**-بەختێ لە ئەزەل سیا چارە بێ**

**دەستی لێ مەدەن، با ئاوارە بێ**

**-هیچی من و هیچی تۆ**

خالقی

## پاشکۆ:

### نموونە شیعرییەکان

لەم شیعرە (وتارەدا) قانعی بیرسوشیالیستی و خاوەن ئەندێشەی کوردستانی بناغە سەرەکییەکانی وتارەکەی باش دادەرێژێ، کە هەواڵ و حاڵ دەگێرێتەوە. بە کورد دەڵێ وەزعەکە چۆن و کام وڵات خەریکی کۆنگرەی سەعەد ئابادن. ئینجا تیروتوانج لە داگیرکەران دەدات، کە هەم پیلانگێڕن، هەم مەستی ڕازاندنەوەی مێزن و هەم مەستی هەژارکوژی و کوردکوژین. ئینجا دەڵێ، بەڵام مژدە هەیە کە شۆرشێکی کوردستانی دێتە کایەوە و ئەو شۆرشە ئەم پلانە لەگۆر دەنێ. وتار هەموو ژانەرەکانی هەواڵ و زانیاری، شەرحی مەترسی و ڕێوشوێنی کۆبونەوەی پلانگێرانی تێدایە، تا کورد قەبارەی مەترسییەکە بزانن، ئینجا بە خوێنەری کورد دەڵێ ئەمە واقیعەکەیە، کە باسی دەکەین و ئەمە پیلانی دوژمنانە کە ئێمەی کورد لێی بێئاگاین، ئەمەش موژدەی وەڵامی شۆرشگێری کورد کە ئەوانی دوژمن لێی بێئاگان. واتا لەبەردەم ئاگایی و داتا و زانیاری سەرمێزی ڕازاوەی ئەوان، کە زۆرینەی میللەت لێی بێئاگان، تەگبیری جێی ئومێدی کورد هەیە کە میللەتی بەلەنگازی کورد لێی بەئاگان و دوژمنانەیش پیلان دەگێرن. بەس عەزمی بەتینی کورد نازانن.

**قانع شاعیری چەوساوەکان لەجێی ڕۆژنامەنووس دەڵێ:**

**دوژمنان لەم ڕۆژەدا فیکری چەپەڵیان خستە کار**
**کەوتە خۆ، کۆنە پەرستی بۆ قەلاچۆی کوردەوار**
**ڕێ برانە، کورد قڕانە، کێو و کەژ خوێناوییە**

**فیتنه وەک ئاگر ئەبارێ، بۆ گلانی شۆڕەسوار**
**چەک لەشان بوو، میلەتی کورد، بۆیە دوژمن کەوتە خۆ**
**کەوتە جرت و فرت و پەیمان بەستنێکی نالەبار**
**شاری سەعدئابادی بەدفەڕ بوو بە مۆڵگەی دوژمنان**
**کوندە بوو، شمقاڕە کوێر و کەمتیاری لا نزار**
**سێ بە سێ کۆبوونەوە وا ئەنجومەن ڕازایەوە**
**بۆ قڕانی میللەتی کورد مۆرکرا عەهد و قەرار**
**پاڵەپەستۆی مەینەتە ئەمڕۆ بەسەر کوردا گلا**
**نیشتیمانی کوردی کردە جێگەی ڕا و کاروزار**
**عەهدی سەعد ئابادی شووم بوو، حوکمی پۆلیسی ڕزیو**
**مەزبەحەی خوێن ڕشتنی، بۆ کوردستان، هێنایە کار**
**میللەتی کورد چەندەها پیلانی وای نا گۆڕەوە**
**چاوی ناترسێ لە نێزە و هایوهوتی بێ شومار**
**ئەنقەرە و تاران و بەغدا، مەنبەعی زوڵم و ستەم**
**قوڕ بەسەرتان،میلەتی کوردە ئەتانکا یەختە سار**
**هێزی میلەت شۆڕشێکی هەق ڕەوا دێنێتە ڕوو**
**تۆڵە وەر ئەگرێ، لە سەعدئابادی لانەی گورگە هار**
**قوڕ بپێوێ دوژمنی سێ قۆڵی بۆ دواڕۆژی خۆی**
**تەخت و تاراجی دەرێنێ، لاوی کوردی هۆشیار**
**دەستەواژەی دەسکەلا**

جا ئەگەر دیوانی شیعری کوردی بە تیراژی زۆر چاپکرابانو زۆر لە سوقی دەهرا ژیابان، ئەوا شیعرەکان لەناو خەڵکدا، لە مەدرەسە و مەجلیس و مەسجددا (وەک ئەلحەمدو... دال بەر دوو) دەبوونە وێردی سەرزمانان و

ڕۆژنامەنووسی کوردیش لە نووسینی سیاسی و شرۆڤەی وشک و بڕینگدا کەڵکی لێ وەردەگرتن، زمانی دەربڕینیشمان وا نەدەبوو، کە تووشی کەم خوێنی و کەم خوێی ببێت. ئەمە بۆ دیوانی قانیعیش ڕاست دەبوو، کە شاعیری چەساوەکان ئەم شیعرەی پڕە لە دەربڕین و دەستەواژەی جوان و دەکرێ نووسەری سیاسی بیان کاتە دەسکەلا لە سەروتار و وتاری جیاجیادا.

بۆ نموونە، تانەی وا لە کەمپینی ئایدیۆلۆژیای نەیاری سیاسیی خۆی بدات، کە بڵێت (فیکری چەپەڵیان خستەکار) (کەوتەخۆ). لە وەسفی بنبەستی سیاسیی کورددا، کە زۆر دووبارە دەبێتەوە و خوا بیبڕێتەوە بڵێ:

**(ڕێ بڕانە، کورد قڕانە.... قەڵاچۆی کوردەوار**

**بۆ گلانی شۆڕەسوار...)**

ئەم وەسفانە لەجێی وشەی دوابڕاوی جینۆساید، کە بۆ دیقەتی لێکۆڵیاران باشە، نەک بۆ ڕۆژانەی نووسەران، باشتر و بەکەڵکترە.

لە وەسفی پیلانی دوژمنان لە تاریکایی و ڕارەوەکانی دیبلۆماسیی بێ ڕەحمانەدا بێژێ: **جڕت و فرت، مۆر کرا عەهد و قەرار..**

لە وەسفی سیفەتی خراپیان:

**عەهدی سەعەد ئابادی شووم.. هایو توتی.**

**مەنبەعی زوڵم و ستەم..**

نموونەی خوارەوە بژاردەیە لە هزری فایەق بێکەس. شیعرێکی تەنزە، کە وەک ستونێکی تەنز ئامێزی ڕەخنەیی

دەست دەدات بۆ دوالاپەڕەی ڕۆژنامەیەکی هاوچەرخ. ئەگەر ئەوکاتە کورد ڕۆژنامەکانی بەش و ستوون و ژانرەکانی فریای هەموو کایەکان بکەوتبایە.

**سەنعەت و عیلم و مەعاریف، زەڕڕەیەک باوی نییە**

**پیاوەتی لایان، بەتەنها جەفتە و جامانەیە**

**بۆ قسەی زل بێ قسوورن، باسی کوردییەت ئەکەن**

**کوردییەت خورمایە، بۆچی یان، قسەی شێتانەیە**

**میللەتی بێ عیلم و ئەخلاق، چۆن بەئیستقلال ئەگا!**

**واسیتەی بەرزی تەرەققی، هیمەتی مەردانەیە!**

**بەڵام هەر خودی فایەق بێکەس وتارێکی هەیە کە بۆ سەروتاری هەمان ڕۆژنامە لەلاپەڕە یەک و لە شوێنێکی دیار و بەرچاو دەست دەدات**

**قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر ڕووی زەمین**

**میلـلەتێکی قارەمانن هەر ئەبێ سەربەست بژین**

**میلـلەتێ لاوی لە ڕێگەی سەربەخۆیی نیشتمان**

**بێتە بەر سێدارە، بێ ترس، دەم بەخەندە و پێکەنین**

**قەومی وا نامرێ، ئەژی، با دوژمنی هەر شەق بەرێ**

**ساحێبی ڕۆڵەی نەبەردە خاوەنی عەزمی مەتین**

**ئەو کەسەی گیانی لە ڕێگای نیشتمانا بەخت ئەکا**

**پێی مەڵێن مردوو، شەهیدە وا لە فیردەوسی بەرین**

**لاوی کورد مەردە لە مردن قەتعییەن باکی نییە**

**پەندی پێشینانە، ڕاستە (بەرخی نێر بۆ سەربڕین)**

**وا وەتەن دیسان بەمەحزوونی ئەڵێ ئەی لاوەکان**

**بۆچی وا مات و مەلوولن، بەسیەتی شین و گرین**

**ڕۆژی تێکۆشانە سا دەی هیمەتێ تاکو زووە**

**بەشکو لەم حاڵە نەجاتمان بێ و لە دیلی دەربچین**

دوای پیاهەڵدان بە توێژێک لە کورد و خەباتەکەیان، لەسەر توێژێکی تریش قسەی هەیە:

**گەرچی هەندێ کەس خەریکن ورگ و گیرفان پڕ ئەکەن**
**شەو بەبێ خەم سەر ئەنێنە سەر سەرین، هەر سەرسەرین**
**پیاو ئەبێ دائیم خەمی قەوم و وڵاتی خۆی هەبێ**
**ئەو کەسانەی بێ خەمن حاشا نەوەی ئەم خاکە نین...**

## جا وەرە بێکەس خەبەرت لێ بدات

لەم نموونانەی بێکەس-ەوە هەندێک دەستەواژە دەخوازم: (هەر ئەبێ سەربەست بژین) وەختێک دەخوازیت لە سەروتاردا تەئکید لەسەر حەتمیەتی سەرکەوتنی مێژوویی بکەیتەوە، ئەو دێڕە بێکەسییە لە سەد جڵدی مارکس و ئەنجلز خۆشترە. قەومی وا نامرێ.. وا لە فیردەوسی بەرین، قەتعییەن.. بۆچی وا مات و مەلوولن؟ بەسێتی شین و گرین. بەشکو لەم حاڵە..) لە تەنز و نەزیلەی بێکەسەوە کە باسمان کرد بەم دەستەواژانەوە دەتوانین کێبرکێی تەنزی د. شێرکۆ عەبدوڵڵاش بکەین:

**زەڕەیەک باوی نییە. جەفتە و جامانەیە..**
**کوردییەت خورمایە بۆچی؟**
**ورگ و گیرفان پڕ ئەکەن.**
**شەو بەبێ خەم، سەر ئەنێنە، سەر سەرین**
**هەر سەرسەرین.**
**بێ خەمن.. حاشا، نەوەی ئەم خاکەنین.**

ئەگەر ئەم دەستەواژانە بۆ بێبار و گەندەڵ و گەندەی هاوچەرخی کوردی ئەمڕۆ بەکار بێنیت و بە خەڵک بڵێی ئەم قورمساغ و ئەولادی عەسرانە پێشتر لە دیوانی بێکەسو دەفتەری ئەشعاری کورددا ناویان بە بەد هاتووە، کاری لەسەر هوشیاری خەڵک سەد دەفعە گەورەتر دەبێت لە وتەزا هاوچەرخەکانی وەک گەندەڵ، شیرینی...بن دیوار..

لێرەوە بەدوا با سەیرێکی ئەم شیعرە وتارەی ئەحمەد موختار جاف بکەین، کە پڕە لە ئەندێشەی سیاسی و بیرۆکەی جوان:

**دێتە گوێم دەنگێ بە سۆز و شیوەن و گـــریانەوە**
**ناڵەی دڵمـــە لە حـــەسرەت خاکی کوردســـتانەوە**
**لانەواز و بێکەس و مەزڵوومن ئێستە قەومی کورد**
**گا بەدەستـــی تـــورکەکان و گـــا بەدەس ئێـــرانـەوە**
**هێندە حیـــزە بەختی کـــورد بۆ کوشتن و تـاڵانیان**
**کۆمەڵێ هـــاتوون بە ســـواریی وشـــتری پێـــیانەوە**
**حاڵی کورد ئێستا لە بەینی تورک و ئێران و عەرەب**
**بێچـــووە تەیـــرێـــــکە کە کەوتە داوی مـــنداڵانەوە**

لەناو ئەم شیعرەی (جاف) دا ئەم نموونانە هی ئەوەیە بەکار بێت:

(دێتە گوێم دەنگێ)، کە ویستمان قسە لەسەر هەڵوێستی درۆزنانەی نێودەوڵەتی بکەین. (گا بەدەستی تورکەکانو گا بەدەستی ئێرانەوە)، کە (بێچووە) تەیرێکە بەدەست دەرودراوسێ ئیقلیمییەکانەوە وەکو تائێستاش وایە.

ئەم گوڵبژێرە لە شیعری مامۆستا هێمن دەڵێی سەروتاری

ڕۆژنامەی (کوردستان)ی زمانحاڵی کۆماری کوردستانی لە مەهاباد. ئەو (هێمن) ەی دواجار وەک شاعیرێکی هەست ناسکو ڕووناکبیرێکی خاوەن خەمی بەرزی فەرهەنگی دەقەکانی وەک (بۆسەی ڕۆژگار) و (شەوگاری تەنهایی) دەنووسێ. لە گرمەی ڕاپەڕینی بۆکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەهلی بانگەوازی ڕۆژنامەوانێکی سیاسیی ناو کۆمەڵ و میللەتە، یان وەکو سەلاحودینی موهتەدی لە پەسەندی حاجی قادر دا دەڵێ وەک کادیرێک، نەک وەک شاعیرێک، ئەم شیعر، یان ئەو دەقی، گرتووە. هێمن لەم سەروتارە شیعرە موژدە دەدا، کە کورد چیتر هەڵە ناکات، باوەڕ بە دوژمن ناکات و ناخەڵەتێ، بۆیە وەکو جاران نییە، کە هەڵەی ڕابردوو دووبارە ناکاتەوە، مەعلومە کەوا نەبوو، مەعلومە کە سەروتار ئەگەر بە باوەڕ بەخۆبوونەوە نەنووسرا بۆ جێی وتاری سەرەکی لاپەڕەیەک دەست نادات. سەروتار هەڵوێست و کەمێکیش شرۆڤە و مژدەیە، بەڵام فەلەسەفە و دڵەراوکێی تێدا نییە. ئەما کەوابوو لەو حاڵەدا لاپەڕەی ئازاد جێی دەبێت، نەک سەروتاری رەسمی رۆژنامەیەک.


**ئاواتی بەرز**

**لاگری سوڵحە تەواوی ڕەنجبەری وشیاری کورد**
**چاوەنۆڕی دەرفەتێکە خەڵکی لادێ و شاری کورد**
**دەستی دا دەستی برای و هاتە ناو کۆڕی خەبات**
**کیژی نەشمیل و لەبار و شۆخ و گوێ بەگواری کورد**
**کورد گوتوویە سوار هەتاکوو نەگلێ قەت نابێ بەسوار**
**ئێستە چابوک سوارە، چونکە زۆر گلاوە سواری کورد**

فێری زۆر دەرسی بەکەڵک و باشی کردین تێشکان
جا ببینە ڕاپەڕین و شۆڕشی ئەم جاری کوردا!
بەیت و باڵۆرەی هەزار جار بۆ بڵێ کۆنەپەرست
تازە وێژینگێکی نادا دیدەکەی بێداری کورد
ڕۆژ بەڕۆژ قایمترە، مەحکەمترە، بڕوایەکەی
دەم بەدەم چاکتر دەبێ، باشتر دەبێ، ئاکاری کورد
بێ وچان دەڕواتە پێش و ڕێگە دەبڕێ بۆ هەدەف
زۆر لە ساڵان ڕوونترە ئەو ساڵەکە، ئەفکاری کورد
کورد بەزینی بۆ نەبوو دەستی نەدا، با دوژمنیش
ڕانەوەستابێ لە تاڵان و بڕۆ و کوشتاری کورد
ئەو لە ئازار و شکنجەی قەت نەبوو خافڵ، بەڵام
کوردی کردۆتە سماتە جەزرەبە و ئازاری کورد
مافی کوردی هەردەبێ بستێندەرێ، بستێندەرێ
دوژمنی کورد تێ گەیشتووە، ناکرێ باشاری کورد
وا گزینگی دا بەیانی جوانی ئازادی بەشەر
ڕۆژی ڕووناکە، نەماوە زوڵمەتی شەوگاری کورد
نایەوێ یاریدەدان و کۆمەگی ئەسڵی چوار
جووجەڵەی ئاغای ترۆمن وێی کەوت پللاری کورد
هەر کە تووشی بوو دەڵێ: "یانکی گۆ هۆم یانکی گۆ هۆم"
تازە دەستی ئەجنەبی ناتوانێ بگرێ زاری کورد
دێتە سەر ڕێبازی راست و دێتە ناو کۆڕی خەبات
خوارەپێچەی لێ براوە پیاوی خێچ و خواری کورد
هێزی بێگانەی لەپشت خۆی دیبوو، بۆیە وای دەکرد
باری هێلکان نابزێوێ خاینی لاساری کورد
دانەنیشێ گەر لەسەر ئەو پەتک و سینگە بێگومان

تۆ لە ئەستۆیدا دەبینی پەتک و گوێلەوساری کورد
تێک دەدەن کۆشکی بڵیندی مفتەخۆری زگ زەلام
پاڵە و جووتیاری برسی، کارگەری بێکاری کورد
خۆی لەبەر لافاوی قینی توندی گەل ڕاناگرێ
دوژمنی وەحشی و دڕندە و زاڵم و زۆرداری کورد
دەچتە سەر دارێ لە ڕۆژی ئینتیقام و تۆڵەدا
ئەو کەسەی کوشتی بە ناهەق پێشەوا و سەرداری کورد
نایەڵن ئادار بەسەر پاداری ئەو دەربارەوە
چونکە دەیگوت نایەڵم ئاداری کورد، پاداری کورد
"پاش قڕانی مودەعی دەس پێ دەکەن تەعمیری موڵک"
دێتە دی ئاواتی بەرزی "ئەحمەدی موختاری کورد"
"ڕێگەیی ئاسن دەچێتە شاخی هەورامانەوە"
هەر کە کەوتە دەستی کوردی چارەنووس و کاری کورد
مەدرەسە و دانیشکەدە بۆ شار و لادێ دادەنێن
خوێندەواربێ تاکوو ڕۆڵەی زیرەک و نازداری کورد
ئەو زمانە شیرنەی ئێمە پەرەی دەگرێتەوە
نادڕێ چیدی کتێب و دەفتەری ئەشعاری کورد
بێ برەو نابێ مەتاعی کوردەواریمان ئیتر
ڕەونەقی پەیدا دەکا ئەو جارەکە بازاڕی کورد
دادەمەزرێنن لە گشت شاری وڵات کارخانەیەک
تا بەدەستی خۆی ڕەنێو بێ بەرهەم و کرگاری کورد
بەر دەدەن گاجووتی لەڕ، سواری تەڕاکتۆران دەبن
دێتە دەر بوورە و بەیار و بەندەن و نیساری کورد
کشتوکاڵ و جووت و گامان دێتە سەر باری لەبار
پڕ دەبێ تێر و جەواڵ و مشت دەبێ عەمباری کورد

خەستەخانەشمان دەبێ، دوکتۆر و دەرمانیش فرە
ناکەوێ تازە لە کووچان خەستە و بیماری کورد
بەختیار و خوێندەوار و ساغ و تێر و پڕ دەبێ
دێتە دەر ماکەی نەهاتی و نەگبەتی و ئیدباری کورد
دەست لە ئەستۆی یەک دەکەن ئازاد و شاد و بەختەوەر
کیژ و کوڕ، لاو و گراوی، دڵبەر و دڵداری کورد
ئەمانەش نموونەن لەو وشە و دەستەواژانەی لەو شیعرە هێمنەوە
وەردەگیرێن ئەگەر بخوازرێ لە وتارەدا کەڵکی هەبێ:
(لاگری سوڵحە)،.. چاوە نۆڕی دەرفەتێکە
کورد گوتوویە سوار هەتاکوو نەگەلێ قەت نابێ بە سوار. چونکە زۆر
گلاوە سواری کورد.. فێری زۆر دەرسی بەکەڵک و باشی کردین.
رۆژبەرۆژ قایمترە، مەحکەمترە، بڕوایەکەی دەم بەدەم چاکتر دەبێ
باشتر دەبێ.. زۆر لە ساڵان ڕوونترە، ئەو ساڵە کە، ئەو لە ئازار و
شکنچەی قەت نەبووە خامڵ، بەڵام..
نەماوە زوڵمەتی شەوگاری کورد
وێی کەوت پلاری کورد.. مفتەخۆری زگ زەلام.
نایەڵن ئادار بەسەر پاداری ئەو دەربارەوە
دێتە دی ئاواتی بەرزی.. هەر کە کەوتە
دەستی کوردی.. پێ برەوە نابێ مەقاعی
کوردەواریمان ئیتر.. تا بەدەستی خۆی
ڕەنێو بێ
پڕ دەبێ تێڕ و جەواڵ و مشت دەبێ عەمباری کورد
خەستەخانەشمان دەبێ، دوکتۆر و دەرمانیش فرە
ناکەوێ تازە لە کووچان خەستە و بیماری کورد
دێتە دەر ماکەی نەهامەتی و نەگبەتی و ئیدباری کورد



**مامۆستایان هێمن و هەژار.. شێوەکانیان کەرەستەی چاکن بۆ دەستەوارەی ناونووسینی سیاسی**



نالی



قانع



دانتی



شکسپیر



## فەسڵی شەشەم

# ڕەشنووسی تەحریر

# ڕەشنووسی تەحریر

چەند نموونەیەک بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژانە

سەرنج: ئەم ڕەشنووسە وەکو ڕێنوێنی بۆ بەشە جیاجیاکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ئامادە کرابوو. لەبەر ئەوەی ڕەنگە دەست بدا بۆ هەر ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە، بە کەمێک دەستکاری و خستنەسەر و تیفتیفەوە، لێرە بڵاوی دەکەمەوە.

## باسی یەکەم:

# هەواڵ و ڕاپۆرت

بەشی هەواڵ و ڕاپۆرت بە هەردوو دیوی هەواڵی ناخۆ و دەرەکی، هەواڵی ڕەسمی و هەواڵی نارەسمییەوە، بە گرنگترین بەشی ڕۆژنامەی ڕۆژانە دادەنرێت.

بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی کێبڕکێی سەتەلایت و سایتەکانی ئینتەرنێتەوە جەوهەر و ناوەڕۆک و شێوەی کێبڕکێی هەواڵ لە ڕۆژنامەدا گۆڕاوە. لەمێژە گەیشتومەتە ئەو قەناعەتە، کە ڕۆژنامەی ڕۆژانە ئیتر گۆڤارێکی ڕۆژانەیە. واتە ئەو ئەرکانە ڕایی دەکات، کە گۆڤار لە قووڵایی و پشت هەواڵ و ڕووداوەوە ڕایی دەکات. واتا ڕۆژنامەی ڕۆژانە گۆڤارێکی ڕۆژانەیە. ڕۆژنامە لەمڕۆدا ململانێی سایت و سەتەلایتەکانی پێ ناکرێت. بۆیە دەتوانێت تۆڵەی خۆی بکاتەوە، لە ڕێی:

١- بەکارهێنانی هەواڵی سایت و سەتەلایتەکان و هەواڵی تۆڕی پەیامنێرەکانی خودی ڕۆژنامەکە لە هۆنینەوەی هەواڵیی (معالجة خبرية) و تیفتیفەی هەواڵە ئاشکراکاندا. وەک دوایی دێینە سەری.

٢- پارێزگاری لە هەواڵە تایبەتەکانی ڕۆژنامەکە و ڕێگرتن

له بڵاوکردنەوەی لە سایتی ڕۆژنامە و لە سۆشیال میدیای ڕۆژنامەکە، تاوەکو لە ژمارە کاغەزییەکەدا بڵاو دەبێتەوە.

٣- بەکارهێنانی سایتی ئەبدەیتکراو، یان لە حاڵەتی کوردستانی نوێدا بەکارهێنانی سایتی (puk media) وەک ئاژانسێکی هەواڵ بۆ وەرگرتنی هەواڵ و بەکارهێنانی وەک بناغەیەک بۆ ڕووماڵکردن و بەدواداچوونی هەواڵەکان و دارِشتنەوەی بە هەناسەی گۆڤار.

٤- بەکارهێنانی تۆڕی مۆنیتەری کوردستانی نوێ و تۆڕی مۆنیتەر و خزمەتگوزاری ئەنسات مەرکەزی و هەر خزمەتگوزارییەکی هەواڵی تایبەت بە ڕاگەیاندنی یەکێتی وەکو باخچەی پشتەوەی کوردستانی نوێ و یەدەکێکی هەواڵ و زانیاری و دارِشتنەوەی لە ڕووماڵکردنی گۆڤارانە.

## کۆبوونەوەی بەشی هەواڵ و ڕاپۆرت:

**یەکەم:** سەر لەبەیانی هەموو رۆژێک بەرپرسی بەشی هەواڵ کۆبوونەوەیەکی کورتی پێنج دەقیقەیی بە بەشەکە یان بە رۆژنامەوانە سەرەکییەکانی بەشەکەی دەکات بۆ:

أ- نەخشەکێشان و دیاریکردنی بەرنامەی (أ) و بەرنامەی (ب)ی بەشی هەواڵ.

ب- دیاریکردنی جەنەراڵ هەواڵ و جەنەراڵ ڕاپۆرتە هەواڵ.

ج- دیاریکردنی هەواڵە پێشبینیکراوەکان (کۆبوونەوە بڕیارلێدراوەکان، سەردان و کردنەوەی پرۆژە و بۆنەکانو هەموو ئەو هەواڵانەی بەپێی ئەجیندای ڕۆژ ئاشکرایە و دەزانرێت ڕوو دەدات).

د. دیاریکردنی ئەو هەواڵانەی پێویستیان بە زانیاری و وردەکاری زیاتر هەیە و ڕاسپاردنی موحەریرەکان و تۆڕی پەیامنێرەکان بۆ ئەو مەبەستە.

هـ- دیاریکردنی ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەی پێویست دەکات ستوونێک، یان توانجێکیان لەبارەوە بنووسرێت.

و- دیاریکردنی ئەدگارە سەرەکییەکانی سیناریۆی (ب)، کە لەوانەیە سەرلەبەری سیناریۆی (أ) هەڵبوەشێنێتەوە.

سیناریۆی (ب) لە چەند حاڵەتێکدا دێتە پێشەوە:

* ئەگەر هەواڵی ڕەسمی، دەوڵەتی، یان گشتی هاتن و ڕۆژنامەی ڕۆژانە و ڕەسمی پێویست بکات بڵاوی بکەنەوە.

* ئەگەر ڕووداوێکی گەورە بقەومێت.

* لە هەندێک حاڵەتدا ئەگەر ڕووماڵکردنەکەی تایبەت بە سیناریۆی (أ) تەواو نەبوو، یان کەموکوڕی تێدابوو، یاخود پێویستی بە دواداچوونی زیاتر هەبێت.

**دووەم:** کۆبوونەوەی دووەم: کۆبوونەوەی پێنج دەقیقەیی دووەمیش بۆ کاتی ئێواران، لە شەفتی ئێوارە، دەکرێت.

لەم کۆبوونەوەیەدا دوابڕیار لەسەر دوا سیناریۆ دەدرێت داخۆ هی (أ)، یان هی (ب)، یان هەندێک جار پێکهاتەیەک لە هەردوو سیناریۆ ڕەچاو دەکرێت.

**سێیەم:** بەرپرسی هەواڵ سەرپەرشتی کۆبوونەوەی یەکەم، هی سەرلەبەیانی، دەکات.

سەرنووسەر، یان سکرتێری نووسین، سەرپەرشتی کۆبوونەوەی دووەمی بەشی هەواڵ دەکات، چونکە دوا دەستپێداهانی ڕۆژنامەکەیە.

**چوارەم:** بەرپرسی بەشی هەواڵ ئەندامی دەستەی

نووسەران دەبێت بۆ ئەوەی لە دیدێکی گشتییەوە سیاسەتی ڕۆژانەی بەشەکەی دابڕێژرێت و ئاگای لە سیاسەتی گشتی تەحریری ڕۆژنامەکە بێت، چونکە پێویستە سکرتێری نووسین، یان بەرپرسی بەشی هەواڵ دیدێکی کۆکەرەوەی هەبێت لەسەر کۆی دیمەنی تەحریری لاپەڕەکان، کە هەر لاپەڕەیەکو بەجیا کار دەکەن و پێویست دەکات کۆکەرەوەیەک یەکێتی بابەت دروست بکات لە ڕۆژنامەکەدا.

دەبێ پەیوەندی نێوان لاپەڕە و بەشەکان و هەرەمی بەرپرسیارێتی ڕۆرژنامەکان پەیوەندییەکی فیدڕالی، کۆنفیدڕالی بێت. واتا سنوورەکان، بڕیارە سەروەرییەکانی تەحریری ڕۆژنامەکە و لامەرکەزێتی بڕیارەکانی تر ڕوون و دیاریکراو بن، بۆ ئەوەی تەحریری ڕۆژنامە کەڵک لە باشی لامەرکەزیەتی کاری داهێنەرانەی ڕۆژنامەنووسەکان و کاری یەکێتی بابەت و یەکڕەنگیی ڕۆژنامەکە وەربگرن.

**باسی دووەم:**

# چێشتخانەی هەواڵ!

چێشتخانەی هەواڵ بریتییە لەو تۆڕی هەواڵە، یان ئەو یەکەی هەواڵەی، لە ناوەندی ڕۆژنامەکە هەواڵ و زانیاری و ڕاپۆرتە هەواڵەکان دادەڕێژن و دوا فۆرۆمی دیاریدەکەن:

لە هەموو ڕۆژنامەیەک و لە هەموو شفتێکی کارکردن، بە تایبەتی دوا شفتی کار، کە لە دوا دەستپێداهێنانەوە دەکرێت، ڕۆژنامەنووسی ئۆرگانێکی پێویستە تا وەکو پەسیچی ئامادە بێت و لە دۆخی لەناکاو ڕاپۆرتی بەپەلە بنووسێ و ئامادە بکاو دوادەستکاری بەگوێرەی گۆڕانی بەسەرهات و ڕووداوەکان دیاری بکات. ئەم هێزی چەکەش ئامادەیە، ئەم پەسیچی دۆخی لەناو تەواری لیاقەتی ڕۆژنامە و زیندوویێتی سیاسەتی تەحریری ئاشکرا دەکات. ئەم پەسیچە دەشێ ئەندامی ژووری هەواڵ بێت.

أ- چێشتخانەی هەواڵ، ناوەکەی بەخۆوەیەتی، کە تێیدا هەواڵ و ڕاپۆرتەکان بە تام و بۆنی تایبەتی ڕۆژنامەکە ئامادە دەکات و لەسەر ئاگر دەیکوڵێنێت، تا دەم دەدا و ئامادە دەبێت. جا لە ڕۆحی ڕۆژنامەکەوە، تا یەکێتیی زمان

و دەستەواژەکان، چونکە

ب- دەستەواژە و دارِشتنی تایبەتی ڕۆژنامەی دیاریکراویان تێدا ڕەچاو دەکات.

ج- لە ناوەندی جیاجیای هەواڵ، پەیامنێرەکان، پەیوەندی تەلەفۆنی و ئیمێڵ و لێدوان وەرگرتن مادده خامەکەی هەواڵو ڕاپۆرتەکان گەڵاڵە دەکات.

د. باگراوندی زانیاری و پێشینەی هەواڵەکان ئامادە دەکات، چ لە ڕێی ئەرشیف، یان بانکی زانیاری، یان تۆڕەکانی ئینتەرنێت، یان کتێب و ئەرشیفی خودی ڕۆژنامەکەش.

چونکە ئەم باگراوندە، هەم زانیاری کۆن بۆ خوێنەران نوێدەکاتەوە و لە پێشەوەی هەواڵ و زانیارییەکە تێدەگات، هەمیش ئاستی بەدواداچوون و پەرۆشی هەواڵساز و ڕۆژنامەکە دەردەخات، بۆ پێشکەشکردنی زۆرترین زانیاری و وردەکاری بە خوێنەرانی ڕۆژنامەکە.

## پرەنسیپەکان

أ- (هەواڵ) لە ڕۆژنامەدا مرد، ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کاغەزی زیاتر لە گۆڤارێکی ڕۆژانە دەچێت، کە ئیتر ڕکابەریی سایتو سۆشیال میدیا و تەلەفزیۆنی پێ ناکرێت، مەگەر هەواڵی تایبەتی لە هیچ کوێ بڵاونەکراوەی تایبەت بە خودی ڕۆژنامەکە نەبێت، بۆیە دەبێ بەدواداچوون بکرێت، پێشینەی هەواڵەکە و ڕووماڵکردنی تایبەت بە ڕۆژنامەکە بکرێتە ئەڵتەرناتیفی نەمانی خەسڵەتی هەواڵ لە ڕۆژنامەدا.

وەک لە ڕووداوی تەقینەوەیەکدا، لە جێی هەواڵەکە، باگراوندی قوربانییەکان، قەبارەی زیانەکان و وردەکاری

لەسەر کەسێتی تاوانبار، یان قوربانییەکان و پێشینەی مێژووی تەقینەوەکان لەو شوێنە، یان مێژووی ڕووداوەکە. دیدار لەگەڵ دەربازبووەکان، شایەدەکان، کاری بۆ بکرێت. ئیتر بەم شێوەیە.

ب- کارکردن بە پرەنسیپی بینگ بۆنگ، واتا هەواڵکردن لەسەر هەواڵی پێشووتر، وەرگرتنی لێدوانی تر لەسەر لێدوانێک. وەرگرتنی ڕەهەندی جیاجیای هەواڵێکی بڵاوکراوە. هتد...

ج- شیکردنەوەی هەواڵی بڵاوکراوە. لەناو هەواڵەکە یان بە ڕاپۆرتە هەواڵ.

د- ڕەچاوکردنی فۆرمە جیاجیاکانی ڕۆژنامەوانی بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵێک وەک: سەردێڕ، فلاشە هەواڵ، وێنەی هەواڵی، ڕاپۆرت، هەواڵی نۆرماڵ...هتد. سکێچی کەسایەتییەک، یان شوێنێک، یان ڕووداوێک کە بۆتە هەواڵ.. بۆ نموونە، دیاریکردنی سەرۆک وەزیرانی وڵات (سکێچی سەرۆک وەزیران، هەواڵ و ڕاپۆرت لەسەر پێشینەی، پۆستی سەرۆک وەزیران چییە و دەسەڵاتەکانی چین؟ خەسڵەتەکانی پاڵێوراوەکە، یان سکێچ لەسەر کەسایەتییەکان و ململانێکانیان بۆ وەرگرتنی پۆستەکە).

هـ- هەواڵی پوخت و پڕ زانیاری بێت، قابیلی کورتی و درێژی بێت، بە گوێرەی پێویستی لاپەڕەکە و بناغەی نەخشەسازی لاپەڕەکە، بێ ئەوەی هیچ دەستکارییەک کاریگەریی لەسەر داڕشتن و زانیارییە گرنگەکانی هەواڵەکە هەبێت.

و- هەواڵ بە شێوەی هەڕەمی هەڵگەڕاوە دابڕێژرێت،

یان بە شێوەیەک لە هەرە گرنگترینەوە بۆ گرنگترین و بۆ گرنگ بڕوات. بە جۆرێک گرنگترین زانیاری لە پەرەگرافە سەرەکییەکاندا بێت بۆ خوێنەر، هەروەها بۆ قرتاندن لە خوارەوە، بە گوێرەی نەخشەسازیی لاپەڕەکە.

ی- دەشێ هەندێک هەواڵ چ لەناونیشان و چ لە لید و چ لە شێوەی دارشتندا تایبەتمەند بن، جیاواز لە داڕشتنی هەواڵە ڕەسمییەکان، ئەمەش بۆ پشوودان و گۆڕینی شێوەی داڕشتنی ڕۆتینی. بۆ ئەمەش توانج و ئیدیۆمی تایبەت بەکاردەهێنرێت. واتا ترش و خوێ و بەهاراتی تایبەتی لە بەدواداچوونی هاوشێوەی ئەوەی لە گۆڤارەکاندا دەبێت، کە سەرلەنوێ بەرهەم هێنانەوەی هەواڵەکانی لێ دەکەوێتەوە، بە جۆرێک تایبەتمەندی گۆڤاری بە ڕۆژنامەکە دەبەخشێت.

## باسی سێیەم:

# هەندێك سەرنجی گشتی

### لاپەڕە (یەك)

لاپەڕە یەکی هەر ڕۆژنامەیەک دەموچاوی ڕاستەقینەی ئەو ڕۆژنامەیەیە، دەتوانێت خوێنەران کەمەندکێش بکا و دەشتوانێت لە ڕۆژنامەکە تەوەلایان بکات.

لاپەڕە یەک لە ڕۆژنامەکی پرۆفیشناڵدا ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکە دەردەخات، بەڵام لە ئەزموونی ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا مەرج نییە ئەم ناساندنە هەموو جارێک ڕاست بێت. بەپێچەوانە و بەداخەوە، هەندێک جار لاپەڕە یەک ناوەڕۆکی باشی شاردۆتەوە و زوڵمێکی گەورەی لە کۆششێکی گەورەی ڕۆژنامەنووسیی کردووە، هەندێک جاریش بە پێچەوانەوە لاپەڕە یەک توانیویەتی بێ ناوەڕۆکی لاپەڕەکانی تر بکرێتەوە و قەرەبوو بکاتەوە، بە جۆرێک ڕۆژنامەکە بهێنێتەوە کایە و مایە.

ئەزموونی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، لە دوای ڕاپەڕینەوە، دەری دەخات کە لاپەڕە یەک فەرامۆشکراوترین بەشی ڕۆژنامەکان بووە، مەگەر لەم دوو سێ ساڵەی دواییدا، کە

کێبڕکێی نێوان ڕۆژنامەکان ناچاری کردبن لێرە و لەوێ بە شێوەیەکی وروژێنەر لاپەڕە یەک بەرهەم بێنن، بەڵام وروژاندن یەک لە دەرکەوتەکانی بایەخپێدانە بە لاپەڕە یەک و ئەم باسە ڕەهەندی تری هەیە.

بۆ کوردستانی نوێ، وەک رۆژنامەیەکی حزبیی مولتەزم، زەحمەتە بتوانێت دەست واڵا بێت لە وروژاندن و گەورەکردنی قەبارەی باس و خواسەکاندا. بە تایبەتی وروژاندن بەم شێوەی ئێستای ڕۆژنامەکانی وڵات، کە کەمترین پێوەرەکانی ڕۆژنامەنووسی تێدا ڕەچاو ناکرێت و زیاتر بۆ سەرگەرمیو بازاڕ پەیداکردنە. لەگەڵ ئەوەشدا جەنەراڵ هەواڵ، یان ڕاپۆرتی هەواڵی سەرەکی، کە وەک کۆبەندی هەواڵەکانی ڕۆژە و لە لاپەڕە یەکدا بە دارشتنێکی تایبەت بڵاو دەکرێتەوە، دەتوانێ ببێتە سیمایەکی تایبەتی لاپەڕە یەکی ڕۆژنامەی ڕۆژانە، بە جۆرێک ڕۆژنامەکە لە دووبارەی بێزار و کەم مەیلی و سواوی ڕزگار بکات.

باسی چوارەم:

# کاری پەیامنێر چییە؟

پەیامنێر نوێنەرایەتیی ڕۆژنامەکە دەکات لەو شارە، یان ئەو شارۆچکەیەی دەکەوێتە سنووری چالاکییەکانی ئەوەوە. وەک باڵیۆزێک وایە، کە هەڵسوکەوتی ڕەنگدەرەوەی هەڵسوکەوت و دابونەریتی ڕۆژنامەکەیەتی لەگەڵ خەڵک و دامودەزگاکان و ناوەندەکان و کەسایەتییەکاندا. بۆیە دەبێ جگە لە توانا و لێوەشاوەیی، هەندێک خەسڵەت لە خۆیدا بەرجەستە بکات، بۆ ئەوەی لە ئەرکی گەیاندنی هەواڵ و زانیارییدا سەرکەوتوو بێت، لەوانەش:

یەکەم: پەیامنێر دەبێ کەشێکی دڵنیایی و ڕاستگۆیی لە مامەڵەی خۆی لەگەڵ ئەوانی تردا دروست بکات. بەپێچەوانەی بیری باوەوە، کە پێی وایە دەبێ پەیامنێر وەک نەیاری دامودەزگاکان و ناوەندەکان دەربکەوێت. پێویستە تا ئەوپەڕی کەشی دڵنیایی دروست بکات، بۆ ئەوەی متمانەی پێ بکەن و زانیاری و هەواڵ و وردەکاری باشتری لە سەرچاوە ڕەسەنەکانەوە دەست بکەوێت. دەڵێین دڵنیایی، نەک دۆستایەتی، چونکە دۆستایەتی شتێکە بۆ پەیامنێری

بزێو دابین نابێت و ئیلتزامێکی ناجۆری بۆ دروست دەکات، وای لێ دەکات بە ناچاری خاتر و خاترانە ڕەچاو بکات. لەنێوان وابەستەیی و نەیارێتیدا مامناوەنجی هەیە، ئەویش دڵنیاییە، ئینجا ڕاستگۆیی، کەوا دەکات ئەوانەی زیانیشیان پێ دەگات ڕێز لە پەیامنێر بگرن و نەتوانن بیانووی پێ بگرن.

دووەم: نابێ پەیامنێر ببێتە بەشێک لە کێشە و ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتی و بۆ هەندێک ناوچەش ململانێی عەشیرەتی و ئاینییەکان، بە تایبەتی بۆ پەیامنێری ڕۆژنامەیەکی مولتەزمی وەکو کوردستانی نوێ، کە دەبێ لە یەک مەسافە لەنێوان هەموو باڵ و جەمسەرەکاندا بوەستێ و لایەنداری سیاسیی تێکەڵ بە هاوسەنگی پیشەکەی نەکات.

سێیەم: بۆ ناوچە ئاڵۆزەکان، کە لە ژێر هەژموونی سیاسیی جیاجیادایە، پێویستە پەیامنێر پلەی هاوسەنگی و بابەتیبوونی خۆی بەرزتر بکاتەوە و بە چەند هەنگاوێک هەوڵبدات ژینگەی نەیاری کاری ڕۆژنامەوانی خۆی بگۆڕێت بە ژینگەییەکی بێلایەن، پاشان ژینگەیەکی دڵنیایی.

چوارەم: بۆ ناوچە دوژمنەکان، وەک ناوچەکانی ژێر سایەی ئیرهاب، یان هەژموونی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و سیاسی، پێویستە پەیامنێر کەمتر خۆی دەربخات و زۆربەی هەواڵ و زانیارییەکانی ڕەوانەی سەنتەری ڕۆژنامەکەی بکات و لە هەندێک بابەتی هەستیاری وەک کاری ڕووماڵکردنی گرووپە تیرۆریستییەکان، یان ڕووماڵکردنی کێشە عەشایەری و کۆمەڵایەتییەکان و ناکۆکییە ئاینییەکان خاوەندارێتی کار و ڕووماڵکردنەکە بگێڕێتەوە بۆ ناوەندی

ڕۆژنامە و لەو بابەتانەدا زیاتر وەک هەواڵنێر ڕەفتار بکات نەک پەیامنێر، بۆ ئەوەی دەرفەتی هەبێت هەر هەستیارییەک ڕووی دا بیخاتە ئەستۆی ناوەندی ڕۆژنامەکە (چێشتخانەی هەواڵ) و ژیانی خۆی و سەرچاوەی زانیارییەکانی بپارێزێت، بۆ ئەوەی بەردەوامی بدات بە کارەکانی.

پەیامنێر چی دەکات لە بواری هەواڵدا. ئەم جۆرە هەواڵانە بگوازێتەوە بۆ ڕۆژنامەکەی:

١- هەواڵە ڕەسمییەکانی ناوچەکەی خۆی، کە پەیوەندییان بە خزمەتگوزاری، گەشەپێدان و پرۆژەکانەوە هەیە.

٢- هەواڵی دادگاکان و پۆلیسخانەکان و نەخۆشخانەکان، ئاماری نەخۆش و مردن و لەدایکبوون و پرسەکان.

٣- هەواڵی خوێندنگە، یان پەیمانگە و زانکۆکان، ئەگەر لە ناوچەیەکدا هەبوو، سەبارەت بە کێشەکانیان، ڕێژەی سەرکەوتن لە خوێندن...هتد.

٤- هەواڵی ڕۆشنبیری و فەرهەنگیی ناوچەکە.

٥- ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژی خولەکی لەسەر کێشە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو هی ژنان، لاوان و توێژە کۆمەڵایەتیەکان.

٦- لەبواری بەدواداچووندا:

٧- بەدواداچوون بۆ ئەو هەواڵ و ڕووداوانەی لە ناوچەکە دەقەومێن. بەدواداچوونێکی ئەوتۆ لە ڕێی ڕاپۆرت و چیرۆکی هەواڵەوە، کە وردەکاری زیاتری تێدا بێت و تەنیا هەواڵ نەبێت.چونکە هەواڵەکان پێشتر لەلایەن تەلەفزیۆن و سایتەکانەوە بڵاو دەکرێتەوە و ئیتر بەهای نامێنێ بۆ ڕۆژنامە.

**له بواری ڕیپۆرتاژ و چاوپێکەوتندا:**

١- چاوپێکەوتنی دەوری لەگەڵ کەسایەتیی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و کەسایەتیی گشتیی ناوچەکە لە سنوری چالاکییەکانی پەیامنێردا.

٢- ڕیپۆرتاژی دەوری سیاسی لەسەر هێزە سیاسییەکانی سنوری کاری پەیامنێر.

٣- ڕیپۆرتاژ و ڕووماڵکردنی شوێنەوارە مێژووییەکان و شوێنە جوگرافی و گەشتیارییەکان، کە ناوچەکەیان پێ دەناسرێتەوە، لە چوارچێوەی ناساندنی وڵاتەکەمان بە خوێنەران.

**له بواری کاری ئیداریدا:**

- پەیداکردنی ڕیکلام و ئاگاداری بۆ ڕۆژنامە، کە سەرچاوەیەکی دارایی باش دەبێ.

- نوێنەرایەتیکردنی کوردستانی نوێ لە بۆنەکانی ناوچەکەی خۆیدا.

لە بواری خەزینی فۆتۆدا، پەیامنێر گەرەکە وێنەی دامودەزگا سەرەکییەکانی ناوچەی خۆی قایمقامیەت، شارەوانی، خوێندنگە سەرەکییەکان و شوێنە سروشتییەکان بگرێت، بۆ ئەوەی لە هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە ناوچەکەیدا بەکاریان بێنێ.

**ڕێنوێنی بۆ میکانیزمی کاری پەیامنێران**

بە مەبەستی زیاتر ڕێکخستنی کاری نووسینگەکانی

کوردستانی نوێ و پەیامنێران، بە پێویستی دەزانم چەند خاڵێک بخەمە ڕوو، بۆ ئەوەی ئەوەی ئێستا هەیە لە گواستنەوە و ڕووماڵکردنی هەواڵ و ڕاپۆرت لە سەرجەم بوارەکاندا، برەوی زیاتری پێ بدرێت و دەوڵەمەندتر بکرێت بە زانیاری و داتا و سەرنجی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی ڕابکێشێت.

* تا دەکرێت هەواڵەکان کورت و پوخت بن و هەوڵ بدرێت زانیاری زیاتر بۆ هەواڵ وەربگیرێت، نەک وەک ئەوەی تەنیا ئەو زانیاریانەی لە سایت و ژێرنووسی تەلەفزیۆنەکانەوە بڵاو دەبنەوە.

* ئەو کاتەی وا ڕێک دەکەوێت، کە دوو پەیامنێر بەبێ ئاگاداریی پێشوەختی یەکتری بۆ ڕووماڵکردنی کارێک دەچن، هەماهەنگی یەکتر بکەن لە داڕشتنی هەواڵەکە، هەروەها کاتێک دوو پەیامنێر لێدوانی دوو کەس دەربارەی هەواڵێک وەردەگرن، ئاگاداربن لەوەی کە زانیاری و داتاکان جیاوازییان نەبێت.

* لە کاتی وەرگرتنی لێدواندا، ناوی دوانی و سیانی و پۆستی قسەکەرەکە بە ڕاستی بنووسرێت و ژمارەش بە نووسین بنووسرێت، هەروەها دەبێت پەیامنێر پێش ناردنی بەهەواڵەکەدا بچێتەوە.

* پەیامنێرەکان پێویستە هەمیشە لە هاوئاهەنگیدا بن لەگەڵ دامودەزگا ڕەسمییەکان و هەوڵبدەن پەیوەندییان لەگەڵ بەهێز بکەن، بە تایبەت لە ناوچەکانی دژواری و نەیاری سیاسی، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا بتوانن لێدوان لە بەرپرسان وەربگرن، هەروەها بۆ پایتەختی کوردستان

دەبێت پەیوەندیی پەیامنێران لەگەڵ لێپرسراوانی ڕاگەیاندنی وەزارەت و مەڵبەندو فەرمانگەکاندا هەبێت، تا لە حاڵەتی پێویستدا بتوانن لە ڕێگەی ئەوانەوە لێدوان و زانیاریی پێویست لەو لێپرسراوانە وەربگرن (بە تایبەتی لە کاتی بەردەست نەبوونیان) بۆ تێرکردنی هەواڵەکە بە زانیاریی و داتای پێویست.

* لە دوای دانانی بەردی بناغەی پرۆژەیەک، یان ئیمزاکردنی گرێبەستێک، بەدواداچوون بۆ پرۆژەکە یان گرێبەستەکە بکرێت، لەسەر ئەوەی پرۆژەکە، یان گرێبەستەکە بەچی گەیشتووە؟ پرۆژەکە چەندی تەواو بووە؟ ئەگەرنا ئاستەنگەکانی بەردەمی چین؟

* پەیامنێر ڕوومالّی هەواڵ و ڕاپۆرتی ناوچەکەی خۆی بکات و پەل نەهاوێت بۆ ناوچەکانی تر، تەنیا لە کاتی ڕاسپاردنیدا نەبێت.

* پێویستە پەیامنێر ڕۆژانە ئاگای لە هەواڵەکانی کوردستانی نوێ بێت، بۆ ئەوەی هەواڵی دووبارە نەنێرێتەوەو ئاگای لە هەواڵە دابەزیوەکان بێت، ئێستا بیانووی ئەوەش نییە کە کوردستانی نوێیان پێ ناگات، چونکە هەر لە ڕێی ئینتەرنێتەوە کاریان ڕایی دەکەن.

* هەواڵی تەشریفاتی زۆر کەم بکرێتەوە، تەنیا لە کاتی ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەیەک، یان گرێبەستێکدا نەبێت.

**باسی پێنجەم:**

# بەشی هەمەرەنگ لە ڕۆژنامەدا

بەشی هەمەڕەنگ لە ڕۆژنامەکەدا تێکەڵەیەکە لە هەواڵی هەمەڕەنگ و زاخاوی مێشک، هەم بۆ پشوودانە، هەمیش بۆ وەرگرتنی بیرۆکەیە.

تەحریر لە بەشی هەمەڕەنگ، وەک هەر بەشێکی دیکەی هەواڵی، تێکەڵەیەکە لە داڕشتنی هەواڵ بەو جۆرەی لە بەشی ئاسایی هەواڵ و سیاسەتدا هەیە.

٢- داڕشتنی هەواڵ بە شێوازێکی تایبەتی و مەجازی، کە دڵخۆشی و توانج و پشوودانی مێشک و سەلیقەی جوانی داڕشتن بگرێتە خۆی.

بۆیە لێرە تەئکید لەسەر هەرەمی هەڵاوگێڕ دەکەینەوە، لە شێوەی داڕشتنی تەلاری هەواڵەکەدا، بەڵام بە مەرجی ترش و خوێ پێوەکردن، بۆ ئەوەی خوێنەر بێزار نەبێت.

### هاوسەنگی لەبابەتەکاندا

پێویستە بەشی هەمەڕەنگ هاوسەنگی بکات لە بابەتەکانی لاپەڕەکەیدا، هاوسەنگی لەنێوان:

- بابەتی کورت و درێژ.
- نووسین و هەواڵ.
- هەواڵی ناوخۆیی و هەواڵی دەرەکی. (هەواڵی پەیامنێری خۆماڵی و هەواڵی ئاژانسەکان).
- ئەندازەی بایەخدان بەبابەتە هەمەڕەنگەکان.
١- هونەر: لەناو هونەریشدا ژانرەکان (گۆرانی، تەشکیلی، شانۆ، سینەما.....) جۆرێک لە هاوسەنگی هەبێت.
٢- ڕووداوی هەمەڕەنگ: زانستی، ڕووداوی خۆشی سەرنجڕاکێش،..هتد
- هاوسەنگیی وێنە و بابەت.
- هاوسەنگی لە قەبارەی بابەتەکان.
- هاوسەنگی لە هەواڵی دروستکراوی ڕۆژنامەکە خۆی و هەواڵی ئاژانسەکان.
- هاوسەنگی لە وێنەی گەورە و بچووکدا.
- هاوسەنگی لە بابەتی ڕەنگدار و ڕەش و سپیدا.
- هاوسەنگی لە بابەتی جێگیر و گۆڕاودا.
- هاوسەنگی لەنێوان هەواڵەکانی ژنان و پیاواندا.

### کۆبوونەوە

پێویستە ئەم بەشە ڕۆژانە کۆبوونەوەیەک بکەن لەسەر بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو و بەرنامەی بۆ دابنرێت، بە ڕەچاوکردنی ئەو تێبینیانەی سەرەوە، چونکە بە تەنها بە ڕاوێژ و کۆبوونەوە دەتوانرێت بەرنامەیەکی هاوسەنگ دابنرێت، ئەجیندا هەبێت کە سبەی چ پێویستە؟
- بابەتی جێگیر پێشتر ئامادە بکرێت بۆ نەخشەسازی.

بۆ نموونە، دەکرێت لاپەڕەی کۆتایی (بۆ نموونە بیست) ڕۆژێ پێشتر ئامادە بکرێت و نەخشەسازیی بکرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی باشتری لاپەڕەکە. لاپەڕە نۆزدە بمێنێتەوە بۆ گۆڕانکاری و هەواڵی نوێ، پێویستە ستافی بەشەکە بزانن شتە جێگیرەکانیان چییە و چۆن جێگیری بکەن و شتە گۆڕاوەکان چین و چۆن نوێکاری تێدا بکەن.

- بەرنامەی پەیوەندیکردن هەبێ بە نووسەری ستوونەکانو ڕۆژنامەنووسانەوە، بۆ ئەوەی ستوون بنووسن، تا وەکو هەمەڕەنگی هەبێ لە ناوەکاندا.

- پێویستە نیڤیسکارەکانی ئەم بەشە دەست تەڕ بن لە کۆکردنەوە، یان درێژکردنەوەی هەواڵەکاندا، بە گوێرەی پێویستیی جوانکاری لە نەخشەسازیدا.

**پراکتیزەی هەواڵی هونەری**

١- چۆن هەواڵێک دابرێژین لەسەر ڕووداوێکی هونەری.

٢- گرنگە توخمە سەرەکییەکانی هەواڵی تێدا بێت وەک: کەی، کێ، چۆن، بۆ و لەکوێ؟

٣- بەڵام دارشتن و تاموبۆی دەگۆڕێت.

٤- لەگەڵ خوێنەری زیرەکدا مامەڵە دەکەیت. بیرۆکەیەک جێبەجێ بکرێت، کە بریتییە لە بەجیهانیکردنی هەواڵی هونەری ناخۆیی و بەخۆماڵیکردنی هەواڵی جیهانی.

(٣) نموونە: (هەواڵی دروستکراوە و هەر بۆ نموونە هێنراونەتەوە).

**هەمان هەواڵە**

ئەکتەری ناسراو برادبیت بەشداری دەکات لە فیلمێکی نوێدا، دەربارەی ڕووداوەکەی ١١ی سیبتەمبەر. برادبیت ئێستا لە نیویۆرکە بۆ وێنەگرتنی گرتە سەرەتاییەکانی فلیمەکە. فیلمی نوێ ناوی "ژیان بەردەوامە" لە دەرهێنانی (مایکڵ مۆر). سیناریۆکەی جیم فریومان نووسیویەتی.

کاترین زیتا جۆنز بە ڕۆڵی فەرمانبەرێکی بێوەژن هاوبەشی لەم فیلمەدا دەکات، کە (١٠٠) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە.

کێ: برادبیت، مایکل مۆر،

جیم فریومان

کاترین زیتا جۆنز.

کەی: ئێستا لە نیویۆرکە.

کوێ: لە نیویۆرک.

بۆ: بۆ فیلم.

چۆن: بەشداری...نواندن.

***

ئەکتەری دیاری ئەمەریکا برادبیت سەرقاڵی وێنەگرتنی فیلمێکە بەناوی "ژیان بەردەوامە" لە دەرهێنانی (مایکل مۆر) و هاوبەشێتی (کاترین...)

فیلمی ناوبراو، کە سەد ملیۆن دۆلار بۆ بەرهەمهێنانی تەرخان کراوە، باس لە ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەر دەکات، کە لە ساڵی (٢٠٠١) دا تیرۆریستان هێرشیان کردە سەر نیویۆرک و واشنتۆن- برادبیت، کە ئێستا لە نیویۆرکە،

خەریکە گرتە بەراییەکانی...

ئەکتەری ناسراوی هۆلیۆد برادبیت ئێستا لە نیویۆرک خەریکی گرتە بەراییەکانی فیلمێکی نوێی دەرهێنەر... (مایکل مۆر)ە، کە بە ناوی (ژیان بەردەوامە) دەبێت و گوزارشت لەسەر بەردەوامی ژیان سەرەڕای کارەساتە نەخۆشەکانی ئەمریکا دەکەن، دوای ١١ی سێپتەمبەر.

**باسی شەشەم:**

# ڕاپۆرت: نموونەی ڕاپۆرت بۆ جێبەجێکردن لە چوارچێوەی کاری دەستەجەمعی ڕۆژنامەدا: پراکتیزەکردن

- ڕاپۆرتەکەمان لەسەر چییە؟
- بیرۆکە سەرەکییەکەی چییە؟
- لە ڕووداوێکەوە وەری دەگرین، یان خۆمان بیرۆکەیەک دەکەینە ڕاپۆرتێک؟
- چ پێویستە؟
- لەگەڵ کێ قسە بکەین؟
- سەرچاوەکانمان لەکوێیە؟
- دەتوانین کەڵک لە ئەرشیفی ڕۆژنامە، یان کەڵک لە ئینتەرنێت، یان ئەرشیفی شەخسیی خۆمان وەربگرین؟
- چۆن ڕاپۆرت دابڕێژین؟

**نەخشەی سەرەکی و هێڵکاری نووسینەوەی ڕاپۆرت**

پوختەکردن و پێداچوونەوەی

- دەستنیشانکردنی قسەی وەرگیراو لە دارشتنی خۆمان و لە گوتەی بەشدارانی ڕاپۆرتەکە، قەڵەمی سوور و زەرد..یان فۆنتی

سوور و زەرد بەکاربهێنین بۆ دەستنیشانکردنی هاوسەنگیی ڕاپۆرت.

– کام شێوازی ڕاپۆرتکردن ڕەچاو بکەین؟

– هەوڵ بدەین هەمان ڕاپۆرت بە شێوازێکی تر بکەینەوە (بۆ ڕاهێنان)

– چۆن بڵاوی بکەینەوە؟

– جێگەکەی لە کام لاپەڕە بێت؟

– لە چ شوێنێکی دیزاینی لاپەڕە؟

– چی پێویستە؟

وێنە، نەخشە، ناونیشان....چ جۆرە وێنە و نەخشە و ناونیشانێک.

– ئایا پێویست دەکات پێشنیاری ئەوە بکەین لە لاپەڕە سەرەکییەکەی ڕۆژنامە ئاماژەی پێ بدرێت؟

– خۆمان سەرپەرشتی دیزاینکردنی بکەین، یان جێی بێڵین؟

– دەستکاری دوا سات، کورتکردنەوە، یان درێژکردنەوە، کێ بیکات، خۆمان یان هاوەڵی خەفەر، یان سکرتێری نووسین؟

– ئایا (دەستکاری دوا سات) ئەرکی ئێمەیە؟ ئایا ڕێگامان پێ دەدەن؟ یان خۆمان حەز ناکەین؟

– ئایا ئەوە لە دەسەڵاتی ئێمەدایە، یان نەخێر؟

– لە شێوەی دابەزینی ڕاپۆرتەکە، چی پەیامێکمان هەیە؟ کێ ئەو پەیامە دادەڕێژێت؟

– دەستکاریی دواسات بەڵگەی زیندوویێتی نڤیسکار و ڕۆژنامەکەیە، یان بەڵگەی شپرزەیی؟

– مەسەلەی کات و توقیتی تەواوکردن و بڵاوکردنەوە، پرۆسەی تحریری لاپەڕە دوای ئامادەکردنی ڕاپۆرت.

– دەستکاری دواسات، یاخود تێکەڵکردنی ڕاپۆرتەکەمان لەگەڵ ڕاپۆرتی تر؟

## باسی حەوتەم:

# مەرگی ڕاپۆرت یانی چی؟

یەکێک لە گۆشەنیگاکانی لە مەسەلەی دەستکاری دواساتدا گەرەکە قسەی لەسەر بکەین، مەرگی ڕاپۆرت، یان مەرگی ڕیپۆرتاژە، کە زیاتر ئەم دیاردەیە لە ڕاپۆرت دەقەومێ.

ڕۆژنامە، یان ڕۆژنامەنووس راپۆرتێکی کردووە، لێدوانی بۆ وەرگرتووە و پێوەی هیلاکە بووە، بەڵام لەناکاو دوو سێ شت دەقەومێن، کە ڕاپۆرتەکە دەکوژن:

١- ڕووداوەکە لەسەر زەمینی واقیع بگۆڕێت، کە بەشی زۆری زانیارییەکانی کۆن، یان پێچەوانە دەربکەون.

٢- لە دیزاین، یان دواساتی دیزاینکردنی لاپەڕەکەدا دەرفەتی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکە نامێنێت.

٣- گۆڕانکاریی گرنگتر هەر لە خودی ئەو ڕووداوە بقەومێت، کە لە بەهای ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی پێشوو کەم بکاتەوە.

بۆ نموونە، ڕاپۆرت لەسەر ڕزگارکردنی موسڵ لە دەستی داعش دەکرێت. لێدوان لە ئەفسەر و فەرماندەیەک وەرگیراوەو باسی ڕزگاریی نیوەی موسڵ دەکات.

کەچی لە دواساتدا ئەمان دەقەومێن:
- لێدوانی نوێ لە فەرماندەی مەیدانی دەرەجەداری ڕزگاریی موسڵ دێت، کە چۆتە ناو ناوەندی دیوانی پارێزگاو تەواوی موسڵ ڕزگارکراوە.

## چارەسەر ڕەنگە وا بکرێت

- ڕاپۆرتی نوێ دادەنرێت و ڕاپۆرتی کۆنی تێکەڵ دەکرێت، بەڵام ئەم جارە پوخت یان کورت دەکرێتەوە، یاخود بە فۆڕمی ڕابردوو بڵاو دەکرێتەوە.

بۆ نموونە، دەگوترێ شایانی باسە پێشتر فلان وای گوت و فلان وای کرد، بەڵام ئێستا هەواڵی گرنگتر هەیە، کە فلان وا دەڵێ و زانیاریی نوێی پێیە.

واتا دەستکاری دوا سات لەلایەن پەسیجی ئامادەوە.

- دەستکاری ڕاپۆرت بە پوختکردنەوە، کورتکردنەوە، ئاماژەی ڕابردوو و تێکەڵکردنی لەگەڵ ڕاپۆرتی گەورەتر. یان لە ژمارەی داهاتوودا ڕاپۆرتی مردوو بە شێوازێک تێکەڵی ڕاپۆرتی ڕۆژ، یان ڕۆژانی داهاتوو دەکرێت. ئەمە کارێکی چڕی دواساتە و بەشێکە لە کۆششی جەماعی.

واتا ڕاپۆرتی مردوو زیندوو دەکرێتەوە، بەڵام مەرج نییە هەمان ئەدگاری کاری پێشووی ڕیپۆرتەری پێشووی پێوە دیار بێت. لەم ئاستەدا گرنگە ڕیپۆرتەر هەمیشە ئامادە بێت بۆ تێکەڵی و کاری دەستەجەمعی و پێداگری لەسەر بەشی خۆی و ڕاپۆرتی خۆی نەکات.

هەروەها دەبێ بۆ پاراستنی متمانە لەگەڵ وەرگری زانیارییەکان هەمیشە ئاماژە بەوە بدات، کە:

– مەرج نییە کۆی لێدوانی وەرگیراو بڵاو بکرێتەوە، بەڵام بەشی وەرگیراوە هەرگیز بۆ نیەتی خراپ بەکارنەهێنرێت، بە جۆرێک متمانە و باوەڕ لاواز بکات.

– ئاماژە بە سروشتی کاری ڕۆژنامەنووسی بدات، کە ئەولەویاتەکان بە گوێرەی ڕووداوەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت و بەشی تەحریری ڕۆژنامەکە دوا بڕیاری پێویست لەم بارەیەوە دەدات.

**باسی هەشتەم:**

## چۆن لەگەڵ مەرگی ڕاپۆرتدا مامەڵە بکەین؟

- مەرگی ڕاپۆرت بە گوێرەی مردنی بایەخی ڕووداوەکە، یان گۆڕانی ڕووداوەکە.
- چۆن مامەڵە لەگەڵ سەرچاوەکان و ئەوانەی لێدوانیان بۆ داوین بکەین، ئەگەر ڕاپۆرتەکە مرد و بڵاونەکرایەوە؟
- متمانە چۆن بپارێزین؟

بێگومان بۆ ڕۆژنامەنووسی باشترە هیچ بەڵێنێکی کۆنکرێتی نەدات.

**هەندێك ڕێنوێنی**

لە کوێ بیروکراتییەتی بڕیاردانی تەحریر باشە؟

لە کوێ خراپە؟

کاری ڕۆتینی ڕۆژنامە و خۆڕێکخستن بۆچی گرنگە؟

ڕێکخستنی کار چۆن وەختمان بۆ دەگێڕێتەوە؟

چۆن ئیلتزام بە کات و مەوعیدەوە باشە؟

چۆن وا بکەین کاری ڕۆتینیی ڕۆژانە لە خەسڵەتێکی باشەوە نەبێتە خەسڵەتێکی وا، کە داهێنان و خەیاڵ بکوژێت؟

چۆن بەشێک بین لە تیم، بێ ئەوەی تایبەتمەندێتی بیرکردنەوەی خۆمان لەدەست بدەین؟

بیرکردنەوەی جەماعی یان خۆدوورخستن و دوورەپەرێزی؟
یارمەتی وەرگرتن و یارمەتیدانی هاوکارانمان دەبێتە مایەی گەشەی کارەکان، یان دەبێتە مایەی کوشتنی ڕۆحی پێشبڕکێ؟
پێشبڕکێ لەگەڵ هاکارانمان لە هەمان ڕۆژنامە، یان پێشبڕکێ لەگەڵ خۆمان، یان پێشبڕکێ لەگەڵ ڕۆژنامەکانی تر؟

**موحەرری ژیر**

محرری بەتوانا... هەر خۆی بەهرەمەندە، یان فێر دەبێت بە ئەزموون؟
ئەگەر بەهرەمەندیش بێت، چ دەبێت ئەگەر پەرە بە تواناکانی بدات و کات و ئیشی خۆی ڕێک بخات؟

تەنها توانای نووسین بەس نییە، رۆشنبیریش گرنگە.
- حەزی لە نووسین و بیرۆکە بێت.
- بۆنی هەواڵ بکات لە زانیارییەکاندا.
- تێگەیشتن لە ئاماژەی ڕاگوزەر و هەواڵی لابەلا.

**کوردی و مەریوانی، دێتەوە بۆ سلێمانی (ڕاپۆرتی خەیاڵیی دروستکراو)**

بۆ هەر شوێنێک ئەڕۆی فلێکسێکی سێ مەتری، کە وێنەی دوو کەسی ڕووخوش و دەم بەپێکەنینی لەسەرە، پێشوازیت لێ دەکات. جادە و دووڕیان و سەر بینا و ئاپارتمانە

بەرزەکانی شاری سلێمانی هەمووی بەم جۆرە وێنانە، یان بە دیواربەندی شوشەیی گەورە ڕازێنراونەتەوە. لە نزیک فولکەی شارەوانی بە گەورەیی و لە بەرزیدا نووسراوە: (سلێمانی و کوردستان شانازی بە دوو کوڕە گەورەکەی خۆیانەوە دەکەن: کوردی و مەریوانی).

لەسەر ڕووی بینا بەرزەکەی بنکەی ژین نووسراوە (ئەوان پێشەنگ بوون، ئێمە ڕێبواری ڕێی ئەوانین، ئینتشاراتی کوردی و مەریوانی سەرەتای شۆڕشی چاپەمەنی کوردستانی بوو) لە ڕێگادا ئۆتۆمۆبێلەکەمان ڕووی لە بینای بنکەی ژین بوو، کە یادی کۆڕ و سیمنارەکانی ئەو دوو کەڵە ڕۆشنبیر و تێکۆشەر و چالاکوانە فەرهەنگییەی کوردستانی گرتۆتە ئەستۆ:

ناونیشانی لاوەکی

(وەسفێکی یادەکە.

بەشداران خزمەکانی: ئەمین زەگی بەگ، بنەماڵەی صائب، هەندێک لە بنەماڵەی مەریوانی لە ئێرانەوە هاتوون. بنەماڵەی پیرەمێرد.. چەند مێژوونووسێک و سەرۆک شارەوانی و پارێزگار و ڕووناکبیران).

(بەڵام ئەم کوردی و مەریوانییە کێن)

مستەفا سائیب، تاهیر بەهجەت مەریوانی، دوو........

قسەکەرەکان: کەمال ڕەئوف محەمەد، خاوەنی کتێبی ئەستێرەی گەشی مستەفا صائب.

جەمال بابان

ڕەفیق ساڵح...

چەند ناونیشانی فەرعی تر

کۆتایی ڕاپۆرت:
چەند ئەو شار و میللەتانە گەورەن، کە یادی گەورە پیاو و جوامێرەکانی خۆیان دەکەنەوە، با بە درەنگیشەوە بێت.

**راپۆرت وەکو ستۆرییەکی ئەدەبی**

(هێ) کە بەسەر تەبەڵەکەی بەردەمیدا سەری بەسەر دەفتەرەکەیدا شۆڕ کردبۆوە و تێبینییەکانی مامۆستای ۆرک شۆپەکەی دەنووسی، وتی: (ڕاستە ۆرک شۆپەکە....بەڵام)

(هێ)، بەرپرسی بەشی ژنان لە ڕۆژنامەی کە خوێندکاری بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانیشە وتیشی: (نابێ قبوڵی بکەین).

٦ خانمی ڕۆژنامەوانی بەشداری ۆرک شۆپێکی...

هێ لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو ئەمە یەکەم جارە.... جگە لە لاپەڕەکەی خۆشی بەرپرسی فایلی ژنانە، ئێوارانیش دەبێ فریای سەعیکردنەوەی خۆی بکەوێت لە ماڵەوە و بۆ ئیمتیحانیش....

ژمارە خانمان لە کوردستانی نوێ..

دکتۆر شێرکۆ مەنگوری مامۆستای خول تەئکید لەسەر ڕۆڵی ژنان لە پەرەپێدانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دەکاتەوە....

١٩ ساڵە ئەم ڕۆژنامەیە هەیە، بەڵام تا ئێستا ٣٠ خانم کاری تێدا دەکەن، بە گوێرەی زانیارییەکانی سەنتەری زاتیە، لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەیان کچ و ژن هەبوون، بەڵام ڕۆیشتن وازیان هێنا، یان گواسترانەوە بۆ مەیدانێکی تری کار.

هێ کە پێداگرە لەسەر مانەوە لە ڕۆژنامەکە، دەڵێ لەو ٣٠کەسە... تەنها....

لە ساڵی ٢٠٠٤ ەوە ئەم خانمە کاردەکات و تا ئێستا خۆی و هاوەڵەکانی دەرفەتی چوونە دەرەوەیان بۆ نەلواوە، هەروەکو مامۆستا مەنگوڕی دەڵێت: (بە هۆی دابونەریتی کۆمەڵایەتییەوە....).

هێ بە ئاگاییەوە گوێ لە قسەکانی مەنگوڕی دەگرێت لەوانەکەدا و دەڵێت.....





کۆڕ و سیمناری ڕاوێژ و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ پسپۆران. کردنەوەی خول و وۆرک شۆپی جیاجیا لەسەر شێوازەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی و دیزاین دەبێتە مایەی پەرەپێدانی توانان مرۆیی لە کایەی رۆژنامەنوسیدا. چونکە توانای مرۆیی هیچ کەمتر نییە لە گەشەپێدانی ماددی و تەکنەلۆژی. وێنەکان: نموونەی سیمنار وۆرک شۆپەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ - ڕۆژنامەی ئاسۆ.











**کۆبونەوەی دەستەی نووسەران بۆ هەڵسەنگاندنی ژمارەی ڕۆژ و دانانی بەرنامەی ژمارە یان ژمارەکانی داهاتوو بۆ کاتبەندی گرنگ. (وێنەکان ئەرشیفی کوردستانی نوێ)**





تۆڕی سۆشیال میدیا وەک بەشێک لە هێڵی بەرهەمهێنان لە ڕۆژنامەی کاغەزیدا




نموونەی بروشەری
ناساندنی ڕۆژنامە و
هەیکەلی ڕۆژنامەی
کوردستانی نوێ.




پەیڕەوی ناوخۆیی هەیکەلی کوردستانی
نوێ، پەسەندکراو بۆ بەرنامەی ساڵی ...
کە بەداخەوە بەهۆی تەنگژەی دارایی دوای-
-- داعشەوە جێبەجێ نەکرا، بەڵام ئێستاش
وەک هەیکەل بۆ ڕۆژنامە دەست دەدا.



**شارۆ... نموونەی**
**بڵاوكراوەی**
**ناوخۆیی**
**بۆ ئەرشیفكردنی**
**ژیانی ڕۆژانەی**
**هەر ڕۆژنامەیەك.**

